National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان

## لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

دەستەی گشتی دەسپاکیی

دیوانی چاودێری دارایی

راپۆرتی پێنجەم

بەشێکە لە پرۆژەی
چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی خولی پێنجەمی
پەرلەمانی کـوردستان

شوباتی 2021

NED
National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ژمارە (٦٧)

# دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان

## لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا

دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی

هەرێمی کوردستان

# راپۆرتی پێنجەم

بەشێکە لە پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن (ئینستتیوتی پەی)ەوە نوسراوەتەوە، لە دیداری رۆژی (٢٠٢١/٢/٢٣) لە هەولێر بەئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی دەستەکان و مامۆستایانی زانکۆو چالاکوانانی مەدەنی و کەناڵەکانی راگەیاندن، گفتوگۆی کراوو وەک کارێکی هاوبەش خراوەتە روو.

شوباتی ٢٠٢١

## ستاف کار

سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ڕێکخەری پرۆژە:

**محەمەد کەریم ئەحمەد**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریێز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولەجید**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**

**٭- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣، لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە .**

**٭- پڕۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی پێ کردووە، بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی.**


**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢١**

# ناوەرۆك


دیداری رەوشی دەستە سەربەخۆكان لە هەرێمی كوردستاندا ........................................ ٥

پێشەكی.................................................................................................... ٩

دەستە سەربەخۆكان چین؟ لەپای چی دامەزراون؟............................................... ١١

تایبەتمەندییەكانی دەستە سەربەخۆكان.......................................................... ١٣

چەمك و ناوەڕۆكی سەربەخۆیی لە دەستە سەربەخۆكان........................................ ١٣

١–سەربەخۆیی دارایی..................................................................................... ١٤

٢–سەربەخۆیی كارگێڕی.................................................................................. ١٥

٣–سەربەخۆیی ئۆرگانی................................................................................... ١٥

یەكەم: دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان – عیراق.................................. ١٦

دووەم: دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق.................... ٢٣

سێیەم: دەستەی دەسپاكی لە هەرێمی كوردستان ............................................... ٢٨

چوارەم: كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.................................. ٣٤

ئەنجام...................................................................................................... ٣٨

راسپاردەكان............................................................................................... ٤٠

پاشكۆی ژمارە (١)......................................................................................... ٤٤

پاشكۆی ژمارە (٢)......................................................................................... ٥٢

پاشكۆی ژمارە (٣)......................................................................................... ٥٦

پاشكۆی ژمارە (٤)......................................................................................... ٦٤

پاشكۆی ژمارە (٥)......................................................................................... ٧٠

پاشكۆی ژمارە (٦)......................................................................................... ٨٥

لە بڵاوكراوەكامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.................................. ٩٠

## روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

www.payied.org

روانگەی پەی، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بەهەردوو زمـانی کوردی و عەرەبی زانیاری بڵاودەکاتەوە، بەشەکانی پێکهاتووە لە:

- لەدەربارەی پەی _ پرۆژەکانی پەی _ هەواڵەکانی پەی
- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان _ راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان
- دەربارەی پەرلەمانی کوردستان _ مێژووی هەڵبژاردن _ یاسایی هەڵبژاردن
- خولەکانی پەرلەمان _ سەرۆکایەتی پەرلەمان _ ئەندامانی پەرلەمان _ لیژنەکانی پەرلەمان
- یاساکان
- بڕیارەکان
- ئامادەبوونی پەرلەمانتار لە دانیشتنەکانی پەرلەمان
- پەیوەندی بە ئەندامان پەرلەمانەوە
- بڵاوکراوە دەربارەری پەرلەمان
- بڵاوکراوەکانی پەرلەمان
- ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان
- گەلەری
- بیروڕا
- لینك

زانیارییەکانی خولی پێنجەمیش داخڵکراوەو بەردەوامیش هەواڵی رۆژانەی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە.

# ئەم راپۆرتە چۆن نوسراوەتەوە؟

لە چوارچێوەی پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستاندا کە ڕێکخراوی (NED) پشتگیری دەکات، لە روانگەی بەگرنگ زانینی دەستە سەربەخۆکان و ئەو گرفتانەی هەیانە، بڕیارماندا راپۆرتێك ئامادە بکەین، وەك تیمی ئینستتیوتی پەی بەدواداچوونمان بۆ ئیش و کارەکانی دەستەکان کرد، یاساکانیانمان لەگەل واقیعی کارەکانیان بەراورد کرد، وەك تیمی ئینستتیوتی پەی سەردانی سەرجەم دەستەکانمان کرد و لەگەڵ سەرۆك و بەرێوەبەرانی گشتی و نوێنەران و کارمەندانی دەستەکان گفتوگۆمان کرد، دوای نوسینەوەی رەشنوسی راپۆرتەکەش لەلایەن چەند بەرێزێکەوە وەك پسپۆران و مامۆستایانی زانکۆ راپۆرتەکە خوێنراوەتەوەو هەڵسەنگێنراوە، دواجار بڕیارماندا بەبێ رای دەستەکان بلاوی نەکەینەوەو هەر بۆیەش بەئامادەبوونی نوێنەرانی دەستەکان دیدارێکمان سازداو راو سەرنجەکانی بەرێزیانمان لەسەر راپۆرتەکە وەرگرت.

ئەوە بوو رۆژی ٢٠٢١/٢/٢٣ لە شاری هەولێر، بەمەبەستی تاوتوێکردنی رەوشی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستاندا دیدارێکمان سازکرد، لەم دیدارەدا کە ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی دەستە سەربەخۆکان و مامۆستایانی زانکۆ و چالاکوانانی مەدەنی و کەناڵەکانی راگەیاندن ئامادە بوون، دەقی راپۆرتەکە خرایە روو و دواتر چەند پانێلێك لەلایەن ئامادەبووانەوە سەبارەت بە رەوشی دەستە سەربەخۆکان بەرێوە چوو و گرفتەکانیان تاوتوێ کران و رێکاری چارەسەر و چەند راسپاردەیەك خرایە روو.

بەرنامەی پانێلەکان بەم شێوەیە بوو:

– وتەی بەخێرهاتن و کورتەیەك لەسەر پرۆژەکە لەلایەن (**روانگە فایەق عەلی**) پێشکەشکرا.

– پێشکەشکردنی راپۆرتی (دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا)، لەلایەن (**د.سەروەر عەبدولرەحمان**) سەرۆکی ئینستتیوتی پەی.

**پانێلی یەکەم: گرنگیی دەستە سەربەخۆکان لە وڵاتێکی دامەزراوەییدا کە لەلایەن (م.میران حوسێن حەسەن) بەرێوە چوو:**

خوێندنەوەیەك بۆ یاساکانی دەستە سەربەخۆکان، لەلایەن بەرێز (**پ.ی.د.شوان عومەر**) راگری کۆلیژی یاسای زانکۆی کۆیە پێشکەشکرا.

سەربەخۆیی دەستە سەربەخۆکان، لەلایەن بەرێز (**پ.ی.د.خامۆش عومەر**) راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان پێشکەشکرا.

**پانێلی دووەم: پێگەی دەستە سەربەخۆکان لەلایەن (د.سەروەر عەبدولرەحمان) بەرێوە چوو:.**

رۆڵی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەلبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا لەلایەن بەرێز (**سلێمان مستەفا**) جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پێشکەشکرا.

رۆڵی دەستەی دەسپاکی لە رووبەرووبوونەوەی گەندەلیدا، لەلایەن بەرێز (**د.عەدنان عەبدوللا رەشید**) بەرێوەبەری گشتی لە دەستەی دەسپاکی پێشکەشکرا.

رۆڵی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە پاراستنی ئازادییەکاندا لەلایەن بەڕێز (**تاڤگە عومەر سەعید**) بەڕێوەبەری گشتی لە دەستەی مافی مرۆڤ پێشکەشکرا.

پێگەی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن بەڕێز (**محسن محەمەد سالح**) بەڕێوەبەر لە دیوانی چاودێری دارایی پێشکەشکرا.

**پانێلی سێیەم: تێڕوانینی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دەستە سەربەخۆکانی هەرێم لەلایەن ( ئاریێز دارا ) بەڕێوە چوو:**

بیروڕای لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان، لەلایەن پەرلەمانتار (**گولستان سەعید محەمەد**) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ پێشکەشکرا.

بیروڕای لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان، لەلایەن پەرلەمانتار (**کاوە عەبدولقادر حەسەن**) ئەندامی لیژنەی یاسایی پێشکەشکرا.

بیروڕای لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمان، لەلایەن پەرلەمانتار (**رویاك ئەحمەد رەحمان**) ئەندامی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەشکرا.

**پانێلی کۆتایی: گفتوگۆی ئامادەبووان لەسەر پانێلەکان و راسپاردەی کۆتایی کە لەلایەن ( م.میران حوسێن ) بەڕێوە چوو.**

تایبەت بوو بە گفتوگۆی ئامادەبووان لەسەر راپۆرتەکەی ئینستتیوتی پەی و کۆی بابەتەکانی پێشکەش کران.

لە کۆتاییشدا ئەو راسپاردانەی لەلایەن ئامادەبووانەوە گەلاڵە کرابوون لەلایەن (ڤیان محەمەد و شۆخان مەحمود)ەوە کۆکرانەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئامادەبووان و سەرجەم نوێنەرانی دەستەکان باسیان لە گیروگرفتەکانیان کرد سەرنجی خۆیان لەسەر راپۆرتەکە دەربڕی و لەژێر رۆشنایی سەرنجەکانی ئامادەبواندا راپۆرتەکە دەسکاری کراو راسپاردەکان نوسرانەوە، هەر بۆیە ئەم راپۆرتەی بەردەستتان دەکرێ بۆچوونی سەرجەم ئامادەبووان بێت و تەعبیر لە رای هەموان بکات.

هەرچەندە هەوڵماندا رای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بەتەواوی وەربگرین، بەلام بەداخەوە زۆرینەی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی بانگهێشتیان بۆ چووبوو و داوەت کرابوون لەبەر ئیلتیزامی تر نەیانتوانی ئامادە بن.

ئەوانەی ئامادەی دیدارەکەش بوون لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون:

١–گولستان سەعید محەمەد/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

٢–کاوە عەبدولقادر حەسەن/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

٣–رووپاك ئەحمەد رەحمان/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

٤–سلێمان مستەفا/ جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٥–شیروان زرار/ کۆمسیار و وتەبێژی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٦-د. ئارام نەجمەدین عەبدلمنەوەر/ بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن.
٧-شۆڕش حەسەن کەریم/ بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن.
٨-تاڤگە عومەر رەشید/ بەڕێوەبەری گشتی لە دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ.
٩-محەمەد سابر گۆمەشینی/ بەرێوەبەری راگەیاندن و وتەبێژی دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ.
١٠-د.عەدنان عەبدوڵا / بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت/ دەستەی دەستپاکی.
١١-سەوسەن محەمەد ئەمین/ شارەزا لە دەستەی دەسپاکی.
١٢-موحسن محەمەد سالح/ بەرێوەبەری راهێنان و پێگەیاندن لە دیوانی چاودێری دارایی.
١٣-نسار محەمەد سابیر/ نوێنەری دیوان چاودێری دارایی.
١٤-شوان محمود عبدولمەجید/ جێگری سەرکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان.
١٥-شوان عومەر خدر/ راگری فاکەلتی یاساو زانستە کۆمەلایەتیەکان لە زانکۆی کۆیە.
١٦-خامۆش عومەر عبدالله/ راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان.
١٧-د. دلێر ئەحمەد حەمەد/ راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان.
١٨-جواد تەها سەعید/ راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان.
١٩-دانا دارا حسین/ راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان .
٢٠-هەردی شوکر مەحمود/ پەیمانگای دیموکراسی نیشتمانی NDI.
٢١-عامر بۆتانی/ پەیمانگای دیموکراسی نیشتمانی NDI.
٢٢-بیلال فارس ئەحمەد/ سەرۆکی رێکخراوی چاوی زانکۆ.
٢٣-ساوێن خالد محمەد/ رێکخراوی چاوی زانکۆ.
٢٤-پەری خان ئەحمەد کەریم/ سەرۆکی رێکخراوی ئارسان.
٢٥-فەرمان رەشاد عەزیز/ سەرۆکی رێکخراوی ستۆپ.
٢٦-ئاری عەبدوڵا عەزیز/ رێکخراوی ستۆپ.
٢٧-محەمەد سەباح خالید/ رێکخراوی دیداری ئاشتی PMO.
٢٨-ئەحمەد جەوهەر/ رێکخراوی دیداری ئاشتی PMO.
٢٩-د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر/ سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.
٣٠-میران حسین حسن/ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.
٣١-ئارێز دارا جەلال/ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.
٣٢-محەمەد کەریم ئەحمەد/ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.
٣٣-روانگە فائق عەلی/ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.
٣٤-ڤیان محەمەد قەرەنی/ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.

٣٥–شۆخان مەحمود عەبدولمەجید/ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان.

٣٦–سۆلین حەسەن ئەحمەد/ راگەیاندکار لە کەناڵی کوردسات نیوز.

٣٧–هادی سەلیمی/ راگەیاندکار لە کەناڵی رووداو.

٣٨–هەژار حەکیم/ راگەیاندکار لە کەناڵی کوردستان تیڤی.

٣٩–هیوا فەقێیانی/ راگەیاندکار لە کەناڵی سپێدە.

٤٠–فەرمان سادق/ راگەیاندکار لە ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین.

٤١–ئارام گەزوەشانی/ راگەیاندکار لە ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین.

٤٢–دەریا خەلیل خزر/ راگەیاندنی دەستەی دەستپاکی.

٤٣–سەعید عەبدوڵا/ راگەیاندکار لە باسنیوز.

٤٤–ئارام سەردار عومەر/ راگەیاندکار لە تۆڕی میدیای خەڵك.

٤٥–عیسا عەبدولقەهار عەلی/ راگەیاندکار لە دەزگای میدیای بوارنیوز.

٤٦–سەرباز محەمەد ئەحمەد/ راگەیاندکار لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان.

٤٧–بڕیار محەمەد/ راگەیاندکار لە دەزگای ستاندەر .

٤٨–ئامانج ئەحمەد/ راگەیاندکار لە دیجیتاڵ میدیای زەمەن.

٤٩–مستەفا جەلال/ راگەیاندکار لە دیجیتاڵ میدیای خەندان.

٥٠–بەشدار حەسەن ئەحمەد/ راگەیاندکار لە کەناڵی وار.

# پێشەکی

لەهەرێمی کوردستاندا تا ئێستا چەند یاسایەکی تایبەت بە دەستە سەربەخۆکان دەرچووەو چەند دەستەیەك پێکهێنراون، هەرچەندە ئەم دەستانە بۆ کۆمەڵێك ئامانج و مەبەستی دیاریکراو دامەزراون، بەڵام مەرج نییە لەم چەند ساڵەی دامەزراندنی ئەم دەستانە لە جێبەجێکردنی کار و ئەرکەکانیاندا سەرکەوتنی تەواویان بەدەست هێنابێت.

کە ئامانج لە دامەزراندنیان ئەوەیە بە پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان لە دەسەڵاتەکانی تر و لایەنە سیاسییەکان، ئەرك و کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەڵام واقیعی کرداری لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە بەتەواوی لە چوارچێوەی ئەو ئامانجەدا نەبێت کە بۆیان دامەزراون. دەستەکان دەبێت بەدوور بن لە هاوسەنگی و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکان و سازشی نێوان ئەو لایەنانەو کەسانی پسپۆر و بێلایەن و بەتوانا لە پۆست و بەرپرسیارێتییەکان دابنرێن. کە دامەزراندنیان پێویستی بە دروستبوونی ڕۆئیا و بۆچوون و ڕەنگڕێژبوونی چەمکەکانە لە چوارچێوە دەستووری و یاساییدا، کە ببێتە هۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو دامودەزگەکانی دەوڵەت، ئیرادە هەبێت بۆ گۆڕانکاری و شەفافیەت و چاودێری و بەدواداچوون. دەبێ لە دروستکردنیاندا لایەنی بابەتیی پێکهێنانیان و زەرورەتی بابەتی لەبەرچاو بگیردرێن، نەك ئەوەی کۆمەڵێك دەستە پێك بهێنرێت و تەنها بەناو هەبن بۆ ماکیاژکردنی دەسەڵات.

دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کە بە یاسا پێکهێنراون کە بریتین لە:

١–یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٨ ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی.

٢–یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٠ ی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

٣–یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١ ی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکی، و یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤): یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.

٤–یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٤ ی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

جگە لە دەستە سەربەخۆکان، یاسای تایبەت بە چەند دەستەیەکی تریش دەرچووە کە پەیوەستن بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، وەك:

١–یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە.

٢–یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٠ ی یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

٣–یاسای ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١١ ی یاسای ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە.

٤– یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.

جگـە لـە (ئەنجومـەنی گشـتیی ڕاژە) و (سـندوقی کوردسـتان بـۆ داهاتـە نـەوتی و گازییـەکان)، هـەموو دەستەکانی تر لە هەرێمی کوردستان دامەزراون.

مەبەستی یاسادانەر لە پێکهێنانی ئەم دەستانە ئەوە نییە کـە دەسـەڵاتێکی نـوێ دروسـت بکـات، بـەڵکوو مەبەستی پێدانی سەربەخۆییە بۆ ئەوەی کار و ئەرکەکانی خۆیان باشـتر و بێلایەنانـەتر بـەڕێوە ببـەن، بـەبێ ئەوەی لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتە گشتییەکاندا بن.

ئەو ئامانجانەی کە ئەم دەستانە لە پێناویدا دامەزراون فرەڕەنگن، هەندێکیان ژمارەیـەك ئامـانجی گشـتین کە دەتوانین بڵێین لە نێوان هەموویاندا هاوبەشن و، هەندێکیان ئامانجی تایبـەتین کـە هـەر دەسـتەیەك بـەپێی ئەرکەکانی لە پێناویدا دامەزراون. بۆ نموونە، لە نێوان ئامانجە تایبەتییـەکانی دەسـتەی دەسـتپاکی جیـاوازی هەیە. لێرەدا ئاماژە بەو ئامانجانە دەکەین بەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم**: ئامانجە گشتییەکان: دەتوانین ئامانجە گشتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

١-گەرەنتیکردنی پیادەکردنی بنەمای ڕەوایی (مبدأ الشرعية).

٢-چاودێریکردنی ئەرکی دامودەزگە گشتییەکان.

٣-چاودێریی خەرجکردنی سامانی گشتی.

٤-پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ.

**دووەم**: ئامانجە تایبەتییەکان: لە پاڵ ئەو ئامانجە گشتییانەی کە ئەو دەسـتانە هەیانـە بـەگوێرەی یاسـای هەر یەك لەو دەستانە، کۆمەڵێك ئامانجی تایبەتیشیان هەیـە کـە لـە پێناویـدا دامـەزراون. کـە هەریەکـەیان لـە شوێنی خۆیاندا باسیان دەکەین.

سەرباری ئەوەی ئەم دەستانە بـۆ مەبەسـتی چـاودێریکردن و فەراهـەم کردنـی شـەفافیەت و هێنانەکایـەی کەشێکی دیموکراسی و فراوانکردنی مەودای ئازادییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ دامـەزراون، کەچـی ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لەبری شەفافیەت ناڕوونی، لەبری دیموکراسی تاکڕەوی و لەبری فراوانکردنی مەودای ئازادی سەرکوتکرد و پێشێلی مافەکانی مرۆڤ زیاتر دەبن، هۆکاری یەکـەمیش لێـی زاڵـی هـەژموونی حزبـی و پـاوانخوازی و پێشـێلی یاسایە لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبییەکاندا.

ئینسـتتیۆتی پـەی بـۆ پـەروەردەو گەشـەپێدان، لەچوارچێوەی پـرۆژەی چـاودێریکردنی پەرلەمانـدا کـە بەهاوبەشی ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمەریکی ئـەنجامی دەدات، لـەم ڕاپۆرتەدا هەوڵماندوە تیشك بخەینە سەر کار و تواناکانی هەر چوار دەستە سەربەخۆکەی (دیـوانی چـاودێریی دارایی، دەستەی سەربەخۆی مـافی مـرۆڤ، دەسـتەی دەسـتپاکی، کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی)، یاسـاکانیان بخەینـە بەرچـاو و بـەراوردێکیان بکـەین لەسـەر کاغـەزەوە بـۆ مەیـدانی پراکتیـك و کەموکوڕی و پێشێلکارییەکانیان و لاوازی و بێدەسەڵاتی و پێشێلکارییەکانی خودی پەرلـەمانیش لـەم بـوارەدا دەبخەین.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**شوبـاتـی ٢٠٢١**

## دەستە سەربەخۆکان چین؟ لە پای چی دامەزراون؟

لە دنیادا سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان، دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی دەوڵەتە هاوچەرخەکان و پسپۆڕی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا، چونکە دروستبوونی ئەم دەستانە بە هۆی فراوانبوون و پەرەسەندنی ئەرکەکانی دەوڵەتەوە، بە یەکێك لە پێویستییەکانی دەوڵەتە هاوچەرخەکان دادەنرێت. بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئەرکە نوێیانە، دەوڵەتەکان ناچار بوون بە دروستکردنی ئەم دەستانە. بە گوتەیەکی تر، دیاردەی بڵاوبوونەوەی دەستە سەربەخۆکان لە چوارچێوەی دامودەزگەکانی دەوڵەت، یەکێکە لە هێماکانی سیستەمی دەستووریی دیموکراتی کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئالوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و سەروەریی یاسا و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بنیات نراوە.

هەندێکی تر پێیان وایە: بنەمای دەستە سەربەخۆکان بۆ بەدیهێنانی ژمارەیەك ئامانجە و لەوانەیش: پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنی حکوومی و دەستەبەرکردنی چاودێریکردنی ئەو کەسانەی کە کاری تێدا دەکەن و خێرایی لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان.

ڕایەکی تر دەڵێت: دەستە سەربەخۆکان دەرەنجامی پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسییە لە چوارچێوەی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك، کە ئەمەیش لە ڕێگەی گەرەنتیکردنی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دێتە دی، بە جۆرێك کە ئەم ماف و ئازادییانە لە دەستدرێژی بپارێزێن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ جیاوازی بکەین لە فەلسەفەی دروستبوونی ئەم دەستانە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، بۆ نموونە لە فەرەنسا، بنەمای دروستبوونی ئەم دەستانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جگە لە سەرهەڵدانی چەمکە دیموکراتییەکانی حوکمڕانی و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك هاوشان لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەکنەلۆژی، پێویست بوو کە چالاکییەکانی دەوڵەت بە پلەیەکی بەرزی پسپۆڕی و سەربەخۆیی جێبەجێ بکرێن. بەڵام لە عێراق، دروستبوونی ئەم دەستانە دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزکردنی فەلسەفەی دەوڵەت پاش دانانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، جگە لە هەڵسانی ئەم دەستانە بە ئەرکەکانیان کە ئەرکێکی جێبەجێکارییە، کە بریتییە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگە گشتییەکان کە پێویستییەکانی هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات. هەروا دەتوانین بڵێین کە بوونی ئەم دەستە سەربەخۆیانە ڕەنگدانەوەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە بۆ ئەوەی بە دوور لە دەستوەردانی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان، بەوردی ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

لە هەرێمی کوردستاندا لە پێناو بەدامەزراوەیی کردنی زیاتر و چاودێریی زیاتر، بەبڕیار و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، چەند دامەزراوەیەك بۆ پەیکەری کارگێڕیی هەرێم زیادکران، کە بە دەستە سەربەخۆکان

(الهيئات المستقلة) ناسراون. ئەم دەستانە بەپێی کۆمەڵێك ئیعتباراتی سیاسی–کارگێڕی هاتنە ئاراوە تا لەپاڵ هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری ئەرکەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو بارودۆخە نوێیەی لەدوای پرۆسەی ئازادیی ساڵی ٢٠٠٣ و بەتایبەتتر دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ هاتنە ئاراوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرهەڵدانی ئەم دەستانە هەبووە، چونکە بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەو دەستانە دەتوانێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گەشەکردنی دیموکراسیدا هەبێت. هەروا لە ڕووی کارگێڕییشەوە، فراوانبوونی کار و ئەرکەکانی حکومەت و ڕێکخستنیان لەگەڵ چەمك و بنەماکانی نوێی حوکمڕانی و کردنەوەی ئاسۆی نوێ لە بەردەم ئەرکەکانیدا و، بازدان بەسەر کەلتووری سیاسیی ڕابردوو، وای دەخواست کە کۆمەڵێك دەستەی لەم جۆرە دروست ببن.

بەپێی یاسا دەستە سەربەخۆکان بەوە دەناسرێن جۆرێك لە سەربەخۆییان هەیە، لە ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانیان و ئەم سەربەخۆییەیش لە بواری دارایی، کارگێڕی و ئۆرگانی ڕەنگ دەداتەوە. سەربەخۆیی دارایی، بەو واتایە دێت کە دەستەکان خاوەن ژمێریاری و بوودجەی سەربەخۆن. مەبەست لە سەربەخۆیی کارگێڕییش ئەوەیە، کە دەستەکان دەسەڵاتێکی خودییان هەیە بۆ هەڵسان بە کارەکانیان، سەربەخۆیی ئۆرگانیش ئەوەیە کە دەستەکان ئەو مافەیان هەیە کە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی خۆیان شێوازە ئۆرگانییە شیاوەکان بەکار بهێنن. کە هەموو ئەمانە لە یاساکانی تایبەت بە دەستەکاندا دەستنیشان کراون.

دەستە سەربەخۆکان بریتین لە دەستەگەلێکی تەکنیکیی پسپۆڕ کە سەربەخۆیە لە هەر سێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری. یاخود بریتییە لە کۆمەڵێك دەستە، کۆمیسیۆن و دەزگە کە یاسادانەر ئەرکەکانی دیاری دەکات بە چاودێری و سەرپەرشتیکردن یان جێبەجێکردنی چالاکی یان کردارێك لە کردارەکانی دەوڵەت، کە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرك و تایبەتمەندییانەدا خاوەنی سەربەخۆییە.

پێناسەیەکی تر دەڵێت بریتییە لە کۆمەڵێك کردار و چالاکی و تایبەتمەندی، کە ئەم دەستە یان کۆمیسیۆن یان دیوانە ئەنجامی دەدا و لە لایەن یاسادانەرەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەسەڵاتەکانی تر دیاری کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دەستە سەربەخۆکان بریتین لە "دامودەزگەیەکی ڕێکخەر کە چاودێریی ئاستی ڕەوایی و سیستەماتیکبوونی ئیدارە دەکات لەپاڵ چاودێریکردنی ڕاپەراندن و کارایی و دەستەبەرکردن و شیاویێتیی ئیدارەی گشتی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەگەڵ پێدانی دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار بەم دامودەزگەیانە."

## تايبەتمەندييەكانی دەستە سەربەخۆكان:

ئەو پێگەیەی دەستەكان لەناو دامودەزگەكانی دەوڵەتدا هەیانە، وای كردووە ببنە خاوەنی كۆمەڵێك تايبەتمەندی كە بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژەيان پێ دەكەين:

١- دەستەكان خاوەن سەربەخۆيی دارايی و كارگێڕی و تەكنيكين: كاری ئەم دەستانە وا دەخوازێ كە سەربەخۆ بن، بۆ ئەوەی گەرەنتيی بێلايەنيی ئەندامانی ئەم دەستەيە بكەن لە كار و ئەركەكانياندا و بەهێزكردنی شەفافييەت، كە ئەمەيش دەتوانێ بە شێوەی سەربەخۆيی ئۆرگانی و دارايی و كارگێڕی بێت. سەرۆك و ئەندامان و كارمەندانيان بەبێلايەنی كار بكەن و لە كاريگەريی لايەنە سياسييەكان بەدوور بن.

٢-ئەم دەستانە كەسايەتيی مەعنەوی يان ياسايی خۆيان هەيە، ئەمەيش لە ڕێگەی بوونی دەقێكی ياسايی دێتە دی كە ئەم كەسايەتييە بە دەستەكە ببەخشێت و شياوی بكات بۆ وەرگرتنی مافەكان و قبووڵكردنی ئەركەكان.

٤-فرەڕەنگی لە پەيوەندی لەگەڵ هەر سێ دەسەڵاتەكە: لە فەڕەنسا ئەم دەستانە سەربەخۆييەكی نيمچەتەواويان هەيە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن و ملكەچن بۆ چاودێريی دەسەڵاتی ياسادانان. لە عێراق بەو جۆرەی كە لە دەقی دەستووردا هاتووە، هەندێكيان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە پەيوەنديدان و هەندێكيان لەگەڵ دەسەڵاتی ياسادانان و هەندێكيشيان بە هيچ دەسەڵاتێكەوە نەلكێنراون. لە هەرێمی كوردستانيشدا بەپێی ياساتايبەتەكانيان سەربەخۆن و لەژێر چاودێريی پەرلەماندان.

٥-بڕيارەكانی ئەم دەستانە ملكەچن بۆ چاودێريی دادوەری، واتە دەكرێ لە بەردەم دادگە، تانە لە بڕيارەكانی سەرۆكی ئەم دەستانە بدرێت.

## چەمك و ناوەڕۆكی سەربەخۆيی لە دەستە سەربەخۆكان

لكاندنی زاراوەی "سەربەخۆ" بە ناوی ئەم دەستانە، نيشانەی ئەوەيە كە ئامانج و مەبەستی سەرەكی لە دامەزراندنی ئەم دەستانە، كاركردنيانە بە شێوەيەكی سەربەخۆ، واتە سەربەخۆيی بەشێكی گرنگی جەوهەر و ناوەڕۆكی ئەم دەستانەيە. هەر بۆيە لێرەدا ئاماژە بەم چەمكە دەكەين و بابەتی سەربەخۆيی دەستەكان لە ڕوانگەی دارايی، كارگێڕی و ئۆرگانی دەخەينە بەر باس، چونكە بۆ سەربەخۆبوونی ئەم دەستانە، دەبێ سەربەخۆيی لەم سێ بوارە بەدی بێت، هەتا بتوانن لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێكردن و ياسادانان و دادوەريدا سەربەخۆيی خۆيان بپارێزن.

لە ياساكانی دەستەكاندا بەم شێوەيە باس لە سەربەخۆييان كراوە:

١– له ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ دا هاتووە: (دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق) کە سایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەیە و بۆی هەیە هەموو رەفتاریکی یاسایی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بگرێتە بەرو ...).

٢–له ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٠ دا هاتووە: (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان– عێراق، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لەچوار چێوەی بودجەی گشتی لە هەرێمدا، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت).

٣–لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ دا هاتووە: (دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق) دادەمەزرێ، خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە و لەژێر چاودێری پەرلەماندایە ".

٤–له ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە: (دەستەك دادەمەزرێ لەژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطة الحصرية) کە رێکاری هەموو هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق. هەروەها لە ماددەی (سێیەم)یشدا هاتووە: کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا).

بەپێی ئەم دەقانەی سەرەوە کە لەیاسا تایبەتمەندەکاندا هاتوون، دەستەکان دەبێ توانای دارایی و بڕیاردان و کارگێڕی خۆیان هەبێت بۆ مومارەسەکردنی کارەکانیان بە سەربەخۆیی، بەبێ ملکەچبوون بۆ کاریگەری، یان زاڵبوونی حکوومەت یان کاریگەریی هەر بەرژەوەندییەکی دەرەکیی نەشیاو.

له خوارەوە چەمکی سەربەخۆیی دارایی، کارگێڕی و ئۆرگانی ئەم دەستانە شی دەکەینەوە:

**١–سەربەخۆیی دارایی:**

بە یەکێك لە گرنگترین سیماکانی سەربەخۆیی دادەنرێت، چونکە بەبێ سەربەخۆیی دارایی ناتوانرێت باس لە بوونی سەربەخۆیی بۆ ئەو دەستانە بکەین. سەربەخۆیی دارایی، رێگە دەدات کە ئازادی لە هەڵسوکەوتی یاسایی و پاڵپشتیکردنی بڕیارەکان بەدی بێت، بەبێ ئەوەی سروشتی پەیوەندییە باوەکانی ناو فەرمانڕەوایی کاریگەرییان لەسەری هەبێت. نەبوونی سەربەخۆیی دارایی کاریگەریی هەیە لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە و بڕیارەکانی ئەم دەستانە و پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی لایەنی باڵا دەبێت، کە ئەمەیش زۆر جار گرفت لە بەردەم کاروباری دەستەکان دروست دەکات و ڕێگە لە جووڵەی ئازادیان دەگرێت، هەروا دەرفەت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەڕەخسێنێت کە گوشاریان لەسەر دروست بکات و ڕەزامەندیی داراییان پێ نەدات.

سەربەخۆیی دارایی، ڕێگە بەم دەستانە دەدات کە بۆ خۆیان بوودجەی خۆیان ئامادە بکەن و ڕاستەوخۆ لە بوودجەی گشتیی وڵاتدا بیگونجێنن و بۆ خۆیشیان جێبەجێکردن و چاودێریکردنی بوودجەکەیش لە ئەستۆ بگرن. واتە ئەم سەربەخۆییە داراییە لەسەر هەر بوارەکانی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بوودجە دەچەسپێت.

**٢-سەربەخۆیی کارگێڕی:**

سەربەخۆیی کارگێڕی، واتە ئەو دەستەیە بتوانێ بەدەر لە کاریگەریی دەسەڵاتەکانی تر بۆ خۆی بڕیار دەربکات. هەروا سەربەخۆیی کارگێڕی بریتییە لە دانانی دۆخێك بۆ دەستە سەربەخۆکان کە بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە دوور لە هەر جۆرە بەربەستێکی یاسایی بەجێ بگەیەنن، بە جۆرێك لایەنی چاودێر لەسەریان دەستوەردان لە کارەکانیان نەکات و بە هیچ شێوازێك لە شێوازەکان کاریگەریی لەسەریان نەبێت. واتە دەستە سەڵاحییاتی تەواوی بەدەستەوە بێت بەبێ دەستوەردانی بێ پاساو لە لایەن هەر دەسەڵاتێکی ترەوە، چونکە پێدانی هەر دەسەڵاتێکی کارگێڕی بە دەسەڵاتەکانی تر لە بەرامبەر دەستە سەربەخۆکان، بەکردەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سەڵاحییاتی ئەم دەستانە و کاریگەریی لەسەر سەربەخۆییان هەیە و، لە ڕووی واتا و واقیعییەوە لە سەربەخۆیی تەواوەوە، دەیکاتە سەربەخۆیی لاوەکی. هەر بۆیە پێویستە، هەر یەك لەو دەستانە سەربەخۆ بێت لە داڕشتنی کاروباری کارگێڕیی خۆی بەبێ دەستوەردانی دەسەڵاتەکانی تر.

بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستە بۆ فەراهەمکردنی ئەم سەربەخۆییە گەرەنتیی تەشریعیی هەبێت، بە جۆرێك ئەو دەستەیە بتوانێت مومارەسەی ئەم سەربەخۆییە بکات لە دیاریکردنی ئەرکی فەرمانبەران و پۆلێنکردن و دیاریکردنی مووچەکانیان و هەماهەنگکردنی بەڕێوەندییە کارگێڕی و تەکنیکییەکان. هەروەها دەستە سەربەخۆکان ئازادیی تەواویان هەبێت لە دانانی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان و پێویستی بە پەسندکردنی لایەنەکانی تر نەبێت، بەتایبەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن. هەروەك چۆن لە یاسای دەستەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**٣-سەربەخۆیی ئۆرگانی:**

جگە لە سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی، دەستە سەربەخۆکان بۆ سەرکەوتن لە کار و ئەرکەکانیاندا پێویستە سەربەخۆیی ئۆرگانییشیان هەبێت، واتە ئەم دەستانە لە پێکهاتنیاندا ملکەچی کۆمەڵێك ڕێسای دیاریکراو بن کە ببێتە هۆی چەسپاندنی سەربەخۆییان لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تر. هەر بۆیە بۆ پاراستنی ئەم سەربەخۆییە لە هەمبەر دەسەڵاتەکانی تر، پێویستیان بە دەزگەیەکی ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیە.

هەر بۆیە دەتوانین بیرۆکەی سەربەخۆیی لەسەر کۆمەڵێك پێوەر دابڕێژین وەك: چۆنێتیی دروستبوونی ئەم دەستانە، شێوازی دامەزراندنی ئەندامەکانیان، ئاستی دەسەڵاتی سیاسییان لە دەوڵەت بۆ لادان یان نوێکردنەوەی فەرمانبەرانی دەستە، گەرەنتیکردنی شێوازی دانانی سەرۆکی دەستە یان فەرمانبەرانی و پێشخستن و گواستنەوە و کۆتاییهێنان بە خزمەتەکانیان، هەروا هەر دۆخێکی یاسایی کە پەیوەندیی بە بێلایەنی، ئازادی و بابەتیبوونی ئەم دەستانەوە هەبێت لە ئەنجامدانی ئەرکی چاودێریی خۆیان. دەبێ بڕیارەکانی سەرۆکی دەستە لەم بارەیەوە بڕیاری فەرمی و کۆتایی و یەکلاکەرەوە بێت و پێویستی بە پەسندکردنی هیچ لایەنێکی تر نەبێت.

## یەکەم:
## دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عیراق:

دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عیراق بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ کار دەکات و یەکێکە لەو دەستە سەربەخۆیانەی پەیوەستە بە پەرلەمانی کوردستانەوە. هەروەك لە مادەکانی (٢،٣،٤)دا هاتووە: دەستەڵاتێکی چاودێری لە هەرێمدا دادەمەزرێت بەناوی(دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق) کە سایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەیە و بۆی هەیە هەموو رەفتاریکی یاسایی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بگرێتە بەرو سەرۆکەکەی یا ئەو کەسەی کە دەستەڵاتی پێ دەدات نوێنەرایەتی دەکات. و دیوان بە پەرلەمانی کوردستانەوە دەبەستریتەوە، و ئامانجی سەرەکی دیوان بریتیە لە پاریزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی لە رێگای پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆڕایەتی و دەستەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی دراوە.

سەبارەت بە دیوانی چاودێریکردنی دارایی، ئەگەر بۆ یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٨ بگەڕێینەوە، لە ماددەی (چوارەم)ی یاساکەدا ئامانجی دیوان دیاریکراوە کە هاتووە: " ئامانجی سەرەکی دیوان بریتیە لە پارێزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی لە رێگای پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆڕایەتی و دەستەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی داوە".

هەروەك لە هۆکارە پێویستییەکانی دەرچواندنی یاساکەشدا هاتووە: "لە پێناو پاراستنی دارایی گشتی و بۆ پتەوکردنی پرنسیپی روونی و کارایی دەوری چاودێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق و لە پێناوی سەلامەتی سیستەمی دارایی و خەرج کردنی خەرجییەکان لەو لایەنانەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا".

جگە لەوەی لە بەشی دووەمی یاساکەدا ئەرکەکانی دیوان دەستنیشانکراون، کە لە ماددەی (هەشتەم)دا هاتووە:

یەکەم: بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامی چالاکییەکانی ژمێریاریی و کارگێڕیی لە رووی یاسایی و رێنماییە داراییە پەیڕەوکراوەکان، دیوان بۆی هەیە:

١–پشکنین و وردبینی مامەڵەکانی خەرجییەکان لە بارەی مووچە و دەرماڵە و پاداشتەوە بکات بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی خەرجکردنیان.

٢–دڵنیابوون لە نەبەزاندنی سنووری پشتیوانە داراییەکان لە بوودجەی پەسەندکراو.

٣–دڵنیابوون لە بەکارهێنانی دارایی گشتی بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە، هەروەها دڵنیابوون لە بەفیڕۆنەدانی و دەست بڵاوی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سوودەکانی.

٤–چاودێری و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکان بەپێی ماددەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: پشکنین و وردبینی کردنی مامەڵەکانی خەملاندن و بەدەستهێنان و وەرگرتنی داهات بۆ دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتە پەیڕەوکراوەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

سێیەم: پێشکەشکردنی کۆمەکی هونەریی لە بوارەکانی ژمێریاریی و چاودێری و هەموو کاروبارێکی کارگێڕی و ڕێکخستن کە پەیوەندییان پێیەوە هەبێت.

چوارەم: ڕێکخستنی خولی فێرکاریی بۆ فەرمانبەرانی دیوان و دەزگا حکومیەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانایان و دیوان بۆی هەیە بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەرماڵەیان بۆ دابین بکات.

پێنجەم: دیوان ڕای خۆی لەسەر خشتە و بەیاننامە و ڕاپۆرتە پەیوەندیدارەکان بە ئەنجامی کار و چالاکی دارایی بۆ ئەو لایەنانە دەردەبڕێت، کە لە ژێر چاودێری دارایی دانراون لەگەڵ دەربڕینی ڕاوبۆچوون لە بارەی شێوازی ریکخستنی بەپێی یاساو ڕێسای ژمێریاریی پەیڕەوکراو، بۆ دڵنیابوون لە ئاستی گونجاندنی لەگەڵ ڕاستی و گونجاندنی لەگەڵ ناوەندە داراییەکان و ئەنجامەکانی.

شەشەم: دەرخستنی بەڵگەکانی گەندەڵی و فێڵکردن و بەفیڕۆدان و خراپ بەکارهێنان و بێ توانایی لە کاروباری وەرگرتن و خەرجکردن و بەکارهێنانی دارایی گشتی لە ئەنجامی وردبینی و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی فەرمانگەکان.

حەوتەم: لێکوڵینەوە و ئاگادارکردنەوە لەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە لێهاتوویی بەدەستهێنان و خەرجکردن و بەکارهێنانی ماڵی گشتی هەیە، وەك چۆن بە فەرمی لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمان کوردستان عێراقەوە داوا کراوە.

هەشتەم: بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییە دارایی و ژمێریارییە کارپێکراوەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی و شیاوی و گونجانی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە نوێیانەی لە هەرێم روویانداوە و سەرنجڕاکێشان بەرەو چۆنیەتی دەرکەوتنی کورتهێنان و پێشکەشکردنی پێشنیازی پێویست بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی پێشخستنی یا هەموارکردنی ئەو یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییانە.

لەئەنجامی بەدواداچوون بۆ کارەکانی دیوانی چاودێری لەرووی پراکتیکەوەو بەراوردکردنی بە دەقە یاساییەکان ئەم چەند تێبینییەمان لا دروست بوو:

**یەکەم**: لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دیوانی چاودێریدا هاتووە: "دیوانی چاودێری دارایی کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی هەیەو بۆی هەیە هەموو رەفتارێکی یاسایی بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بگرێتەبەر".

واتە بودجەی دیوان لەرێگەی پەرلەمانەوە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ دیاری بکرێت، بەڵام لەراستیدا ئەم ماددەیە لەمەیدانی واقیعدا رەنگدانەوەی نەبووە، چونکە چەند ساڵێکە دیوانی چاودێریی دارایی سەربەخۆیی

دارایی نیەو چاوی لەدەستی حکومەت و وەزارەتی داراییە تا بڕێك بودجەی بۆ دابین بکات، بەمەش دیوانی چاودێری سەربەخۆیی لەدەستدەدات و ناتوانێت وەك پێویست بەئەرکەکانی خۆی هەڵسێت!

**دووەم**: لەماددەی چوارەمی هەمان یاسادا هاتووە: "ئامانجی سەرەکی دیوان بریتییە لەپارێزگاریکردن لە مولك وماڵی گشتی لەڕێگەی پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆرایەتی و دەسەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی داوە".

پرسیار ئەوەیە ئاخۆ دیوانی چاودێری توانیویەتی ئەم ئامانجە بپێکێت کە بۆی دامەزراوەو لەیاساکەدا هاتووە؟ ئایا توانیویەتی پارێزگاری لەماڵی گشتیدا بکات؟ لەکاتێکدا بەهەدەردانێکی لەڕادەبەدەر لەداهاتی گشتیدا بینراوەو دەبینرێت؟

**سێیەم**: لەمادەی پێنجەمی یاساکەدا سەبارەت بە سەرۆکی دیوان هاتووە: "ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی دیوان (٤) ساڵەو شایانی دووبارە بوونەوەیە بۆ یەك جار بە رەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان...".

ئەمە لەکاتێکدا بەڕێز سەرۆکی ئێستای (دیوانی چاودێریی دارایی)، دوای هەڵبژاردنی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان و سوێندخواردنی لە پەرلەمان، ڕۆژی ٢٠١٤/٥/١١ لە دیوان دەستبەکار بوو، بەپێی ئەم یاسایە لە ڕۆژی (٢٠١٨/٥/١٠)ەوە کە ماوەی دوو ساڵ و حەوت مانگە ماوەی یاسایی بەسەرچووە و بەنایاسایی لەپۆستەکەیدا ماوەتەوە. پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەری بکات بەڵام نەیکرد، خولی پێنجەمی پەرلەمانیش لەسەر هەمان پێشێل بەردەوام بوو، لەکاتێکدا پێویست بوو یا خولێکی تری بۆ دووبارە بکاتەوە یا کەسێکی تر لە شوێنەکەی بۆ ئەم ئەرکە رابسپێرێت، سەرباری ئەوەی سەرۆکی دیوان ئەم راستیە یاساییەی بەنوسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بەڵام پەرلەمان هیچ رێگەو شوێنێکی نەگرتۆتە بەر و ئەمەش پێشێلێکی زەقی یاسایە کە پەرلەمان کردوویەتی.

**چوارەم**: لەبڕگەی یەکەمی مادەی (٩)دا هاتووە: " دیوان راپۆرتێکی ساڵانە بەسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکات و تێیدا تێبینەکانی خۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و کارگێڕی و ئابووری لە بواری چاودێری دارایی لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانە روون دەکاتەوە کە دەکەونە ژێر حوکمی چاودێرییەوە، هەروەها راپۆرتەکە کورتەیەك لەکار وچالاکییەکانی دیوان لەماوەی ئەو ساڵەدا لەخۆ دەگرێت". ئەوەی تێبینی دەکرێت دیوانی چاودێری راپۆرتەکانی وەك پێویست بەپێی یاساکە بۆ پەرلەمان نەناردووەو پەرلەمانیش بەدواداچوونی نەکردووە.

پرسیار ئەوەیە ئاخۆ دیوان بەم ئەرکەی خۆی هەڵساوە؟ دوو ئەگەر هەیە: یا دیوان ئەم راپۆرتەی نەنوسیوەو پێشکەشی ئەو سێ سەرۆکایەتییەی نەکردووە، یا ئەوەتا دیوان بەئەرکی خۆی هەڵساوە بەڵام ئەو سێ سەرۆکایەتییە گوێیان لە دیوانی چاودێری نەگرتووەو راپۆرتەکانی دیوانیان پشتگوێ خستووە. چونکە واقیعی دارایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان ئەو راستییە دەسەلمێنێ!

**پێنجەم**: لە برگەی دووەمی ماددەی (٩) دا هاتووە: "دیوان بۆی هەیە راپۆرت بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران لەسەر هەر بابەتێکی گرنگ پێشکەش بکات کە لەبواری چاودێری و هەلسەنگاندنی کار و چالاکی دارایی و کارگێڕی و ئابوری دێتە پێشەوە".

پرسیار ئەوەیە: لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا دیوانی چاودێری چەند راپۆرتی لەوبوارانەدا پێشکەشی ئەم دوو لایەنە کردووە؟ لەسەر ئابوری سەربەخۆ، دۆسیەی نەوت، بڕینی موچەی فەرمانبەران، پێنەدانی موچە، سیستەمی بەناو پاشەکەوت، یاسای چاکسازی، بەخشینەوەی پلەو پۆستەکان لەدەرەوەی یاساو دەیان بابەتی تر. ئەگەر راپۆرتی پێشکەش نەکردووە کە کێشەگەلێکی زۆر بەرۆکی هەرێمی گرتووە ئەوە کارێکی نایاساییەو دیوان بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو دەبێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، خۆ ئەگەر راپۆرتەکانیشی نوسیوە بەڵام گوێی پێنەدراوە ئەی کێ لێپێچینەوە لەگەڵ حکومەت و پەرلەمان بکات! ؟ ئەی ئەوکاتە هەڵوێستی دیوان و سەرۆك و ئەنجومەنەکەی چیبووەو چیە! ؟

**شەشەم**: ئەم دەستەیە نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵسێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە زانیاری پێویست نەخراوەتە بەردەست، هەرچەندە لە مادەی (١١)ی یاساکەیاندا هاتووە:" دیوان مافی بینیی هەموو ئەو بەڵگەنامەو دۆسیەی مامەڵە ئاشکراو نهێنیانەی هەیە کە پەیوەندیان بە کاری داراییەوە هەبێ، جگە لەو بەڵگەنامانەی کە سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران بەدەریان دەکات، بە مەرجێك سەرۆکی دیوان ئاگادار بکری بۆ زانینی زانیاریی و دەربڕینی رای خۆی لە بارەیەوە". بەڵام ئەم کارە نەکراوە. پرسیار ئەوەیە تا چەند دیوانی چاودێری ئاگاداری گرێبەستی پەنجا ساڵەی نەوتی هەرێمەو تا چەند بەڵگەنامەکانی گرێبەستەکەیان بینیوەو بەدواداچونیان بۆی کردووە؟

**حەوتەم**: لە ماددەی (١٢) دا هاتووە: " یەکەم : دیوان دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی دارایی بۆ کاروباری گرێبەستی گشتی و هەروەها یارمەتی و بەخشش و قەرز و ئاسانکارییەکانی حکومەت هەیە بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی خەرج کردنیان بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە. دووەم: پێویستە دەزگاکانی هەرێم هەموو گرێبەست و بەیاننامەی قەرز و بەخششەکانی کەچنگی دەکەون لەماوەی مانگێك دا بۆ دیوانی بنێرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و دەربڕینی تێبینی پێویست لەم بارەیانەوە".

ئەوەی تێبینی دەکرێت حکومەت باسی قەرزێکی زۆر دەکات کە لەسەری کەڵەکە بووە، ئەوەتا بەڕێز (مەسرور بارزانی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باس لەوە دەکات کە حکومەت (٢٧) ملیار دۆلار قەرزارە، کەچی دیوانی چاودێری لێ ئاگادار نەکراوەتەوە و هیچ گرێبەستێکی دەرەکی و ناوەخۆش نەخراوەتە بەردەست دیوانی چاودێرییەوە. لەم بارەیەوە سەرۆکی دیوانی چاودێری دەڵێت: "لاوازی سیستەمی دارایی و فەرامۆشکردنی سیستەمی بانکی حکومی کە لە دەرەنجامدا هەرێمی کوردستانی گەیاندە قۆناغێك کە متمانە و پشت ببەستن بەم سیستەمە نەمێنێت و ناچاری بکات کە پارەی حکومەت لە ڕێگەی بانکە ئەهلیەکان

هەناردەو مامەڵەی پێ بکرێت و ئەمەش سەرپێچی یاساییەو ئەم پارە گشتیانە دەبوایە لە دەزگایەکی وابێت کە لە ژێر رکێفی دیوانی چاودێری بێت و بتوانێت وردبینی بۆ بکات". [1]

**هەشتەم**: بەپێی یاساکە دیوان بۆی هەیە وردبینی لەگەڵ ئەو دامودەزگا ئەهلیانەش بکات ئەگەر مامەلەیان لەگەڵ حکومەتدا هەبێت.

پرسیار ئەوەیە: تا ئێستا دیوانی چاودێری چەند جار وردبینی لە لەگەڵ دەزگایەکی وەك بانکی کوردستانی نێودەولەتیدا کردووە؟ چەند جار وردبینی لەگەڵ رێکخراوە بەناو خێرخوازییەکاندا کردووە کە ئەو بودجەیەیان لە کوێ هێناوە کە دەیبەخشنەوە بۆ مەرامی تایبەت؟ تا چەند وردبینی لەگەڵ ئەو کەناڵانەی راگەیاندن کردووە کە بەملیۆنان دۆلار خەرجی و تێچونیانە ئایا لەکوێی دەهێنن؟ تا چەند وردبینی لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی هەرێمدا کردووە؟

**نۆیەم**: یاساکە کەلەبەری تیادایەو لەچەند مادەیەکدا هاودژیی هەیە و ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی دیوانی چاودێری وەك پێویست نەتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵسێت.

**دەیەم**: پێویست بوو حکومەت ژمێرەی کۆتایی بنێرێت بۆ دیوانی چاودێری بەمەبەستی وردبینی کردن و دیوانیش راپۆرتی خۆی بنێرێت بۆ پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆ و پەسەندکردنی، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ وە تا ئێستا هیچ ساڵێك حکومەت نە ژمێرەی کۆتایی و نەبەیاننامەی دارایی نەبووە، ئەمەش لەگەڵ یاسادا ناگونجێت، هەر بۆیە دیوان وردبینی نەکردووە.

**یانزەهەم**: هەروەك لە مادەی دەیەمدا هاتووە: " ئەو لایەنانەی خوارەوە بەر چاودێری دارایی دەکەون:

یەکەم: وەزارەت و کارگێڕییە حکومیەکان و ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە بەوەزارەتەکان نەلکاون لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بودجەی سەربەخۆ و پاشبەندیان هەیە.

دووەم: هەموو ئەو سەندیکا و کۆمەڵەو یەکێتی و رێکخراوانەی کە حکومەت مۆڵەتی پی داون .

سێیەم: هەر لایەنێکی دی کە پەرلەمانی کوردستان بڕیار دەدات بخرێنە ژێر حوکمی چاودێریەکەی لەلایەن چاودێری داراییەوە یاخود ئەوەی کە لە یاساکانی دامەزراندنیدا هاتبێ".

بەڵام بەپێی ئەوە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم کە زۆرترین بڕی بودجەیان لەبەردەستە لە چاودێریکردن خۆیان دەدزنەوەو کەلکی خراپیان لەو یاسایەو ئەو کەلەبەرە وەرگرتووە. هەروەها لەبارەی چاودێریکردنی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوتو گاز کە لەسەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو وەزیرانی سامانە سروشتیەکان، دارایيو پلاندانان پێکدێنو سەرپەرشتی مەلەفی نەوتو گازی هەرێم دەکەن، سەرۆکی دیوان دەڵێت"نەشمانتوانیوە چاودێریی ئەنجومەنی نەوتو گاز بکەن، چونکە رێمان پێنەدراوە". [2]

---

1-http://www.xelk.org/detailnews.aspx?jimare=15055&babet=important&relat=2025
2-http://speemedia.com/dreja.aspx?Jmare=30079&Jor=1

**دووانزەهەم**: زۆرترین تێبینی لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە، هەم داتا ناخرێتە بەردەم دیوانی چاودێری و هەم مامەڵەی وەزارەتیش لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای ئەهلیە کە ئەمەش کارەکە قورس دەکات و تا ئێستاش ئەو کۆمپانیایانەی لە یاسای نەوت و گازدا ناویان هاتبوو دابمەزرێن، دانەمەزراون، ڕێگە بە دیوانیش نادرێت وردبینی لەگەڵ کۆمپانیای ئەهلیدا بکات. لەم بارەیەوە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم رایگەیاندوە: "ڕێگامان نادەن گرێبەستەکانی نەوت کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا کردوویانە ببینین و ڕێگامان نادەن چاودیری پرۆسەی نەوت و غاز بکەین". و دەڵێت: "چەندجارێك داوای گرێبەستەکانی نەوتمان کردووەو نەماندراوەتێ".

سەرۆکی دیوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەپێی ماددەی (یانزەیەم) لەیاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٠٨، دیوان ماف بینینی هەموو ئەو بەڵگەنامەو دۆسیەی مامەڵە ئاشکراو نهێنییانەی هەیە کە پەیوەندییان بەکاری داراییەوە هەیە، جگە لەو بەڵگەنامانەی سەرۆکی هەرێم بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت بەدەریان دەکات، بەمەرجێك سەرۆکی دیوان ئاگاداربکرێت بۆ زانینیو دەربڕینی رای خۆی لەوبارەیەوە.

سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی دەڵێت " تەنها چەند گرێبەستێکی رۆتینیو ئیجرائیمان بۆ نێردراوە، هیچ گرێبەستێکی گرنگ لەکەرتی موساتەحەو وەبەرهێنانو گرێبەستی نەوتو گازو پارە گۆڕینەوە، هیچیان بۆ نەناردووین". [٣]

**سیانزەهەم**: بە گوێرەی برگەکانی (دوو، سێ) لە ماددەی (١١) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ی یاسای چاکسازی لە موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان، ئەرکی چاودێری و جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە بە دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی سپێردراوە، لە کاتێکدا ئەم دوو دەستەیە ماوەی یاسایان بەسەر چووەو بەنایاسایی کارەکانیان رایی دەکەن. بەمەش پەرلەمان لە بری دارێژەر و پارێزەری یاساو چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە رۆڵی پێشێلکەری یاسا دەگێڕێت.

**چواردەهەم**: لە مادەی (حەڤدەهەم)ی یاسای دیوانی چاودێریدا هاتووە: "ئەگەر ناکۆکییەك کەوتە نێوان دیوان و یەکێك لەو لایەنانەی سەر بە چاودێرین و راستەوخۆ لەنێوانیاندا یەکلا نەکرایەوە، سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بابەتەکە بخاتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە".

پرسیار ئەوەیە: لەکاتێکدا زۆرترین پێشێلکاری کراوە، تا ئێستا دیوانی چاودێری چەند راپۆرتی لەبارەیانەوە خستۆتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان چی بریارێکی لەبارەیانەوە داوە؟

---

[3]-http://speemedia.com/dreja.aspx?Jmare=30079&Jor=1

**پانزەهەم**: لەمادەی (هەژدەهەم)ی یاساکەدا دەقی سوێندی سەرۆکی دیوان هاتووە کە لەبەردەم پەرلەماندا دەیخوات: "سوێند بەخوای مەزن دەخۆم کار و فرمانەکەم بەڕاستی و بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و یاساو پێڕەو و ڕێنماییەکان بە ئەمانەت و بە دەست پاکی و بێ لایەنی پیادە بکەم و سەربەخۆیی دیوان و بێ لایەنی و شکۆمەندییەکەی بپارێزم و نهێنییەکانی کار بپارێزم و ڕێز لە بنچینە رەوشتییەکان و پیشەییەکان بگرم کە کاروباری فرمان و پیشەکە ڕێك دەخەن و پێیانەوە بەندبم و خوا لەسەر ئەوەی دەیلێم شاهیدە".

پرسیار ئەوەیە: ئایا مانەوەی سەرۆکی دیوان لەدەرەوەی یاسا شکاندنی ئەم سوێندە یاساییە نیە؟ لەکاتێکدا بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تا ئێستا بەڕێز سەرۆکی دیوان چەند نوسراوێکی جەخت کردنەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردووە سەبارەت بە تەواو بوونی وادەی یاسایی لە سەرۆکایەتی دیوان، بەلام لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەری ئەو گرفتە یاساییە نەنراوە.

**شانزەهەم**: ئەوەی تێبینی دەکرێت کێشەکانی دیوانی چاودێری کە پەیوەندیدارن بە پەرلەمان و کەمتەرخەمییەکانیەوە، لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١-پرۆسەی دامەزراندنی جێگری سەرۆکی دیوان و پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی تری وەك: (سەرۆکی فەرمانگەکان، مەڵبەندی یەك و دوو، هونەری، هەڵەبجە و دهۆك) ڕاگیراوە.

٢-بێدەنگی و بێ هەڵوێستی پەرلەمان کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی وردبینی و چاودێری هەیە، بەهۆی دەرنەکردنی یاسای بودجەوە، ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ نەبوونی دەرفەتی هەلاوێرکردنی دەرەنجامی ژمێرەی کۆتایی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەو بودجەیە.

٣-بوونی کۆمەڵێك کەلێن و لاوازی لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، کە دووبارە پێویستی بە یاسایەکی نوێیە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت. لە ئێستادا پرۆژەی هەموارەکە لەلایەن دیوانی چاودێرییەوە ئامادەکراوە، بەڵام پەرلەمان کاری لەسەر نەکردووە.

٤-کارابوون و هەلسانی پەرلەمان بە ئەرکەکانی خۆی دەبێتە هۆیەك بۆ دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی یاسایی. ئەمەش پشتیوانی و هێزێك بۆ کارەکانی دیوانی چاودێری دابین دەکات لەرووی دامەزراوەیی و یاساییەوە.

٥-بەشێك لە پێداویستیەکانی پرۆسەی چاکسازی کە ئامادەکراوە لەلایەن دیوانی چاودێری پێویستیان بە هەموارکردنی چەند یاسایەك یا دەرکردنی چەند یاسایەکی نوێ هەیە.

٦-بوونی پەرلەمان و لێپرسینەوە پشتیوانییەکە بۆ دامودەزگا سەربەخۆکان و هتد.

## دووەم:
## دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق:

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٠ کار دەکات، هەروەك لە مادەی (دووەم)ی یاساکەدا هاتووە: دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان– عێراق) دا، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لەچوار چێوەی بودجەی گشتی لە هەرێمدا، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

هەروەك لە ماددەی (سێیەم)ی یاساکەدا ئامانجی دەستەکە دەستنیشانکراوەو هاتووە: "ئامانجی دەستە پارێزگاریکردنە لە مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردنی و داکۆکی کردن لێی لەهەموو لایەنەکانەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، لەگەڵ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ".

جگە لەمە لە ماددەی (چوارەم)ی یاساکەدا ئەرکەکانی دەستە دەستنیشانکراون کە بریتین لە:

**یەکەم**:راو راوێژی خۆی سەبارەت بەمەسەلەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ پێشکەش دەکات و راسپاردە بۆ وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەرێم بەرز دەکاتەوە.

**دووەم**: لە رێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناکانی هاوکاریی کۆمەلایەتیەوە، رۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەکانی ژنان و مندالان بلاو دەکاتەوە.

**سێیەم**: چاودێری گونجانی یاساکانی هەرێم، لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان و پێشکەشکردنی پێشنیاز لەبارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات.

**چوارەم**: هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبوونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا، بەحوکمەکانی بەڵگەنامەو بەندە تایبەتەکانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتییە تایبەتەکەی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و مافە رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابورییەکانەوە، لەگەڵ دەرخستنی ئەو پێشێلکاریانەی کە دوور نییە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا بێن.

**پێنجەم**: ئامادەکردنی لێکۆلینەوەو توێژینەوەی خولاو خول و دەرچواندنی بلاوکراوەو چاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشتر کردنی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا لەگەڵ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت لەبارەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ.

**شەشەم**: سەردان و چاودێریکردنی بەندیخانەکان و بنکەکانی چاکسازی کۆمەلایەتی و دەستبەسەر و بنکەکانی لێپێچینەوە و ئامادەکردنی راپۆرتی خولاو خول دەربارەی بەندییەکان و سپێردراوان بە چاکسازی کۆمەلایەتی و دەستبەسەران.

**حەوتــەم**: وەرگرتنــی ســکالا لــە خــەڵك و لــە کۆمەڵــەو ڕێکخراوەکــانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لــەبارەی پێشێلکارییەکانی مـاف مـرۆڤ و دڵنیـابوون لـە ڕاسـتییان و ئاگـاداری داواکـاری گشـتی بـۆ گرتنەبـەری ڕێکـاری یاسایی و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکانی دەکات.

**هەشتەم**: هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی ماف مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی دیکـەی کۆمـەڵگای مەدەنیـدا دەکات لە هەرێم و دەرەوەی هـەرێمیش، هـەروەها لەگـەڵ کۆمەڵـە هـزری و ئـابووری و کۆمەڵایەتیەکانیشـدا و ئەڵقەی لێتوێژینـەوەش لەگـەڵ هاووڵاتیـان لـە هەرێمـدا بـەجۆرێك ڕێـك دەخـات، کـە ڕۆشـنبیری پابەنـد بـوون بەبەنـدە یاسـاییەکان و ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتیـەکانی مەسـەلەکانی مـاف مرۆڤـەوە زامـن بکـات، لـەپێناوی سەروەری یاساو ڕێزگرتنی ماف مرۆڤدا.

**نۆیەم**: لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکانی مەسـەلەی مـاف مـرۆڤ و لایەنـە پەیوەندیـدارەکانی دیکـەدا هاوکـاری و هـاودەنگی دەکـات بـەئامانجی نوێنەرایـەتی کردنـی هـەرێمی کوردسـتان لـە کۆبوونـەوەو کۆنگرەکانی تایبەت بە ماف مرۆڤ.

**دەیەم**:

أ–ڕاپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ دەرخسـتنی ڕووی ڕاسـتەقینەی واقیعـی مـاف مـرۆڤ لـە هەرێمـدا و بـۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران و سـەرۆکایەتی ئەنجومــەنی دادوەری و لایەنــە پەیوەندیــدارەکانی بــەرز دەکاتــەوە، لەگــەڵ پێشکەشــکردنی ڕاسپاردەی کردارەکی لەپێناو پاراستن و بەهێزکردنی ماف مرۆڤ لە کوردستان.

ب– ڕاپۆرتی خولاو خول لەبارەی بارودۆخی مـاف مـرۆڤ بـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەدات و لـە دەزگاکـانی ڕاگەیاندندا بڵاوی دەکاتەوە.

ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت یاسـای ئـەم دەسـتەیە وەك پێویسـت جێبەجێنـەکراوەو دەسـتەی مـافی مـرۆڤ نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت:

**یەکەم**: لە ماددەی (پێنجەم) بڕگەی (دووەم)دا هاتووە: "سەرۆکی دەستە لەسـەر پـاڵاوتنی سـەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپلەی تایبەت دادەمەزرێ و فەرمایشـتی (مرسـوم) هـەرێمی بـە دامەزراندنەکـەی دەردەچـێت پـاش پەسـەند کردنـی پەرلـەمان لەسـەر پاڵێوراوەکـە بەزۆرینـەی ژمـارەی ئامادەبوانو، ماوەی سەرۆکایەتییەکەشی چوار ساڵە و بۆیەك جار تازە دەکرێتەوە".

ئەوەی جێگـەی سـەرنجە سـەرۆکی دەسـتەی مـافی مـرۆڤ لـە (٢٠١٢/١٢/١٧)دا لـە پەرلـەمانی کوردسـتان هەڵبژێردراوە و لە (٢٠١٧/١/١٧) ماوەی یاسایی تەواو بـووە، سـەرباری ئـەوەی بـە نوسـراوی فـەرمی لەلایـەن سەرۆکی دەستەوە لە (٢٠١٧/١/٤) سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام ئێسـتا کـە نزیکـەی چـوار

ساڵ بەسەر ماوەی یاسایی سەرۆکی دەستەدا تێپەڕیوە، نە سەرۆکی دەستە خانەنشینکراوەو نە کەسێکی تر لە شوێنی دانراوەو نە ماوەی سەرۆکایەتیەکەشی درێژکراوەتەوە.

هەرچەندە لە رۆژی ٢٠٢٠/٩/١ پەرلەمانی کوردستان لە نوسراوێکدا کە لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاوی کردۆتەوەو، هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەتوانن (C.V)ی خۆیان پێشکەش بەبەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەرلەمان بکەن، هەرچەندە چەند تێبینیەکیش لەسەر نوسراوەکە هەبوو، وەك:

١-نوسراوەکە هیچ مێژوو و ژمارەو واژۆیەکی بەسەرەوە نیە.

٢-لەسەر نوسراوەکە نوسراوە پەرلەمانی کوردستان، واتە ئەو لایەنەی رایگەیاندووە پەرلەمانی کوردستانە، ئەمەش لەگەڵ یاساکەدا ناگونجێت، کە پێویست بوو بنوسرێت سەرۆکی پەرلەمان یاخود دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٣-لەسەر نوسراوەکەوە نوسراوە ئاگاداری، ئەمەش یاسایی نیە.

بەپێی لێدوانێکی بەڕێوەبەری راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان رۆژی ٢٠٢٠/٩/١٥، بەئاژانسی ئانادۆڵی راگەیاندووە، "ئەمڕۆ دوا وادەبوو (بۆ خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ)، ٣١ سیڤی گەیشتۆتە پەرلەمانی کوردستان، ١٢یان ئافرەتەو ١٩یان پیاون". کەچی تا ئێستا کە زیاتر لە پێنج مانگ بەسەر ئەو وادەیەشدا تێپەڕیوەو پەرلەمان لەنێو خولی گرێدانیشدا بوو کەچی نەخرایە بەرنامەی کارەوەو هیچ کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی دەستە رانەسپێردرا.

**دووەم**: لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (هەشتەم)ی یاساکەدا هاتووە کە: "پەرلەمان چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی دەستە دەکات بەپشت بەستن بە حوکمەکانی یاسا و پەیرەوی ناوخۆ".

پرسیار ئەوەیە: پەرلەمان لەکوێدا چاودێری و بەدواداچوونی بۆ کارەکانی دەستە کردووە؟ چەند بەدواداچوونی لەسەر ئەو پێشێلکاریانە کردووە کەلەراپۆرتەکانی دەستەی مافی مرۆڤدا هاتووە؟ پەرلەمان چەند کۆبوونەوەی لەسەر ئەو رەوشە نالەبارانە کردووە کە دەستە لە راپۆرتەکانیدا خستویەتیە روو؟ پەرلەمان چەند بەدواداچوونی بۆ پێشێلکارییەکانی یاساکەی خودی دەستە کردووە؟ بێگومان هیچ! چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت پەرلەمان هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەناوە بۆ چاودێریکردنی دەستە، لەکاتێکدا پێشێلکاریی یاسایی بەدی دەکرێت

**سێیەم**: یاسای دەستە کەموکوڕی تێدایەو تایبەتمەندیی نیە، لەگەڵ مافی مرۆڤ و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ناگونجێت و پێویستی بە هەموار هەیە و خودی دەستەی مافی مرۆڤیش تێبینیان لەسەری زۆرە، بەڵام پەرلەمان هەنگاوی بۆ هەمواری یاساکە نەناوە.

**چوارەم**: سەبارەت بە بودجەی دەستە هەروەك لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (دووەم)دا هاتووە: "دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دا،

کەسایەتی مەعنەوی و سـەربەخۆیی دارایـی و ئیـداری دەبێـت، لەچـوار چـێوەی بودجـەی گشـتی لـە هەرێمـدا بودجەیەکی تایبەتی دەبێت بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت".

لەکاتێکدا کە سەربەخۆیی دارایی بناغەی سەربەخۆیی بڕیاردانە، بـەڵام دەسـتەی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤ لەم لایەنەوە کۆت و بەند کراوەو هـیچ سـەربەخۆییەکی دارایـی نیـە لـە ئێسـتادا، چـاوی لەدەسـتی وەزارەتـی داراییە کە بڕێکی کەم بودجەی بۆ دیاری بکات، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئیشەکانی دەستە دەبێت.

**پێنجەم**: یاسای بەدەستهێنانی زانیـاری کـە کاریگـەری زۆری لەسـەر پرسـی شـەفافیەت و ڕێگریکـردن لـە گەندەڵی هەیە، کە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەرپرسە لە جێبەجێکردن و سەرپەرشتی کردنـی، کەچـی تا ئێستاش حکومەت هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە نەناوە، نـە ڕێنمـایی بـۆ دەرکـردووەو نـە ئـەو بەش و بەڕێوەبەرێتیانەی پێویست بوو لەنێو وەزارەت و دامودەزگاکاندا دروستیان بکات کردوویەتی و نە هـیچ پێداویستییەکیشـی بـۆ دابـین کـردووە، کەچـی دەسـتەی سـەربەخۆی مـاف مـرۆڤ بێدەنگـە لـە ئاسـتیداو هـیچ هەنگاوێکی کرداریی بۆ نەناوە.

**شەشـەم**: کۆمـەڵێك یاسـا هەیـە دەبێـت هـەموار بکرێـت یـاخود دەربکرێـت، وەك (یاسـای تـیرۆر، یاسـای بەکاربەر، یاسای بازرگانی بە مرۆڤ، یاسای کار، و ...هتد) کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە مافی مرۆڤەوە هەیـە، هەندێك لەو یاسایانە دەرنەکراون و هەندێکیشیان بەکرچوکاڵی و کەموکوڕیەوە دەرچوون کە نەچوونەتە بـواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام دەستە لە ئاستیدا دەستەوەستانەو هیچ هەولێکی نەداوە.

**حەوتەم**: لە بڕگەی (١٠)ی مادەی (چوارەم)ی یاساکەدا هـاتووە: "أ–ڕاپـۆرتی سـاڵانە ئامـادە دەکـات بـۆ دەرخسـتنی ڕووی ڕاسـتەقینەی واقعـی مـاف مـرۆڤ لـە هەرێمـدا و بـۆ سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی دادوەری و لایەنـە پەیوەندیـدارەکانی بەرزدەکاتـەوە، لەگـەڵ پێشکەشـکردنی ڕاسـپاردەی کردارەکـی بـۆ پاراسـتن و بەهێزکردنی ماف مرۆڤ لەکوردستان.

ب– ڕاپۆرتی خولاوخول لـەبارەی بـارودۆخی مـاف مـرۆڤ بـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەدات و لـەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوی دەکاتەوە".

بەڵام ئەوەی جێگەی سـەرنجە لەهـەموو ئـەو کاتانـەی دەسـتە ڕاپۆرتـەکانی خـۆی بـۆ پەرلـەمان نـاردووە پەرلەمان هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە نە بە بـاش و نەبـە خـراپ و نـە دەستخۆشـی. لەوکاتانـەش کـە دەسـتە ڕاپـۆرتی نەنوسـیوە بـۆ پەرلـەمان، کـە ئەمـە پێشـێلی یاسـایە دیسـانەوە هـەر پەرلـەمان بێـدەنگ بـووەو لێپێچینەوەی لە دەستە نەکردووە.

**هەشـتەم**: بـەپێی مـادەی حەوتـەمی یاسـاکە دەبێـت دەسـتە سـێ فەرمانگـەی هـەبێت کـە لەلایـەن سـێ بەڕێوەبەری گشتییەوە بەڕێوە بـبرێن. بـەڵام تـا ئێسـتاش تـەنها دوو بەڕێوەبـەری گشـتی دانـراون و شـوێنێك بۆشەو پڕ نەکراوەتەوە. هەروەها بەپێی هەمان مادده دەستە دوو ڕاوێژکاری دەبێت، بەڵام لەمەیدانی پراکتیدا

دەستە یەك راوێژكاری هەیەو شوێنی ئەوەی تریان بۆشە. ئەمەش بێگومان كاریگەریی لەسەر ئەدای دەستەو هەلسانی بە كارەكانی دەبێت.

**نۆیەم**: هەر ناوی دەستەكە (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ)ە، بەڵام كاتێك فەرمانبەرانی لەبەرزترین پۆستەوە تا دوایی لەسەر بنچینەی دابەشكاریی حزبی دادەنرێن، پەرلەمان چەند بەدواداچوونی كردووەو لەكێی پێچاوەتەوە!؟

**دەهەم**: لە خۆپیشاندانەكانی ئەم سالانەی دوایی هەرێمدا كە هاووڵاتیان داوای شایستەكانی خۆیان دەكرد، زۆرترین پێشێلكاری بەرامبەر هاووڵاتیان كراوە، بەنایاسایی دەسگیركردن، ئازار و ئەشكەنجەدان، كوشتن و تا دوایی، دەستەی مافی مرۆڤ تا چەند لە راپۆرتەكانیدا كاری لەسەر كردووەو پەرلەمان تا چەند بەدواداچوونی بۆ ئەم پێشێلكاریانە كردووە؟!

## سێیەم:
## دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ کار دەکات و ساڵی ٢٠١٤ بەپێی یاسای ژمارە (٧) هەموارکراوە، هەروەك لە مادەی (دووەم)ی یاساکەدا هاتووە: "بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق) دادەمەزرێ، خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە و لەژێر چاودێری پەرلەماندایە".

سەبارەت بە ئامانجەکانی پێکهێنانی دەستەی گشتیی دەستپاکی، لە ماددەی (سێیەم)ی یاساکەدا هاتووە:

یەکەم: بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

دووەم: پاڵپشتکردنی پرەنسیپەکانی دەستپاکی، شەفافیەت، لێپرسینەوەو بەرجەستەکردنی پرەنسیپی سەروەری یاسا.

سێیەم: هەڵسەنگاندن، راستکردنەوە، پەرەپێدانی کار و رەفتاری وەزیفی، ستاندەرەکانی راژەی گشتی، لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی و ئاسانکاریی رێکارەکان.

سەبارەت بە ئەرکەکانی دەستەش، لە ماددەی (پێنجەم)دا هاتووە ئەو ئەرکانی دەستە کاری بۆ دەکات بریتین لە:

یەکەم: جێبەجی کردن و سەپاندنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ستاندەرەکانی راژەی گشتی بەپێی دەستور و یاسا بەرکارەکان.

دووەم:وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵا لەسەر گەندەڵی بەسەرجەم رێگەو ئامرازەکان و لەسەرجەم سەرچاوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ئەو شتانەی رەدی دەکەنەوە لەنێویشیاندا هەواڵدانی بە درۆ.

سێیەم:لێکۆلینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی لە رێگەی لێکۆڵەری سەربە دەستە، لەژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێکۆلینەوە بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزارکارییەکان و بەدواداچونیان و پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاوکارن بەپێی یاسا.

چوارەم:گەڕاندنەوەی ئەوانەی تۆمەتبارن بەتاوانی گەندەڵی کە بۆ دەرەوە رایان کردووەو گەڕاندنەوەی مایەو سامان و داهاتەکانی گەندەڵی کە بەقاچاغ براونەتە دەرەوە بەهەماهەنگی و هاوکاری لایەنە تایبەتمەندەکان.

پێنجەم: هاوکاریی نێودەوڵەتی لەبواری ڕێگەگرتن لەگەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتی لەتاوانەکانی گەندەڵیی سنووربڕ بەهاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

شەشەم: بلاوکردنەوەی رۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمکەکانی دەسپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوەو پابەند بوون بە ستاندەرەکانی راژەی گشتی و کارکردن لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لەپێناوی دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی، بۆ پتەوکردنی چەمکی دەسپاکی.

حەوتەم: دەرکردنی رێنمایی رێساکانی رەفتاری ئەرێنی وەزیفی بۆ روونکردنەوەی ستاندەرەکانی راژەی گشتی و رەوشتەکانی کار کە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێیەوە پابەند بن وەك مەرجێکی دامەزراندن و بەردەوام بوون لە راژەو چاودێریکردنی مەودای پابەند بوون پێیەوەو بەگوێرەی پێویست لەماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێت.

هەشتەم:

١–دەرکردنی رێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بەپابەندکردنی راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، کەوا بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانیان ئاشکرا بکەن و لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێت بەگوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینێت، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مەبەستانەی لێی چاوەڕێ دەکرێت.

٢–دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان زانیاری ورد لەخۆ دەگرێت دەربارەی ئەو شتانەی کەسی داوالێکراو خاوەنیانە لەنێوانیشیاندا ئەو خانوبەرەو گوازراوەو داهاتە دارایی و رەسیدی لە بانکی و پشك و سەنەد و مافە مەعنەوییانەی لەناوەوە و دەرەوەی هەرێم خاوەنیانە.

٣–دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان هەریەك لەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا–سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب–سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامەکان.

ج–سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی.

د–وەزیرەکان و ئەوانەی بەپلەی وەزیرن و بریکاری وەزیرەکان.

ه–سەرۆکی دەستەی دەسپاکی و جێگرەکەی و سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستەو لێکۆلەرەکانی.

و–خاوەن پلە تایبەتەکان و بریکار و یاریدەدەرەکانیان.

ز–بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەرەکانیان.

ح–دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەرییەکان و لێکۆڵەرەکان.

ت– ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ لەپلەی موقەدەم بەرەو سەرەوە و ئەو ئەفسەر و مفەوەزانەی کاری لێکۆلینەوە دەکەن.

ی–پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزاو ناحیە و سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

ك–هەر کەسێك پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێت لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ کەوا راپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە، بەپێی رێنماییەك کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

٤–دەستە بۆی هەیە راپۆرتی دەرخستنی ئەستۆی دارایی ئەوانەی حوکم دەدرێن بەیەکێك لەو تاوانانەی لە برگەی (حەوتەم) ی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بلاوبکاتەوە و رێگە بدات بەوەوەی جەماوەر و راگەیاندن سەیریان بکەن یا کۆپیان بکەن.

نۆیەم:

١–دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار راسپێرێت بەدەستکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بەپێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ی بەرکار لە هەرێمدا.

٢–دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی پەیوەستن بە ستاندەرەکانی راژەی گشتی رەوانەی لایەنی پەیوەندیدار بکات و بۆی هەیە راسپاردەی لەگەڵ هاوپێچ بکات بەگرتنەبەری رێکاری بەرزەفتەکاری.

دەیەم:

١–دەستە هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەکات و هەڵدەستێت بە چاودێری وەرگرتن و خەرجکردنی مایەکانی (اموال) هەرێم و رەفتارکردن پێیانەوە و رێگەی بەرێوەبردن و دەرکردنی راپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

٢–دەستە هەڵدەستێت بە چاودێریکردنی ئاستی دەسپاکی بریار و کارە بەرێکراوەکان یان ئەو کارانەی گیراونەتەبەر لەکەرتی گشتی و دەرکردنی راپۆرتی ناوبەناو دەربارەیان.

٣– پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستەو بەبێ دواکەوتن زانیاری و رونکردنەوە و نوسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیش پلەی نەدرکاندنیان هەر چیەك بێت پێشکەشی دەستە بکات و لەگەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە پێویستی بزانێت لێی بروانێت، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٤–ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بەندی (٣) ی برگەی (دەیەم)ی ئەم ماددەیە بکات ئەوا سزا دەدرێت بەبەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك کە لە (١٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بەیەکێك لەم دوو سزایە.

٥–دەستە دەسەڵاتی جولاندنی سکاڵای سزاکاری و بەدواداچوونی هەیە بەپێی بەندی (٤)ی برگەی (دەیەم)ی ئەم ماددەیە.

یازدەم: پێشنیارکردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی دەکەونە بواری خۆپاراستن لەگەندەڵی یان بەرەنگار بوونەوەی.

دووازدەم: دەستە بۆی هەیە فەرمانگەو دامەزراوەکانی کەرتی گشتی پابەند بکات بە بلاوکردنەوەی داتا یان زانیاری یان بەڵگەنامەی دیاریکراو لەسەر هەر کاروبارێك کەوا سەپاندنی شەفافیەتی تێدا بە پێویست بزانێ بەپێی چەند میکانیزم و رێساسەك کە دەستە دیارییان دەکات.

سێزدەم: جێبەجێکردنی رێ و شوێن بۆ رێگەگرتن لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵیدا و پتەوکردنی شەفافیەت لە قەوارەکانی کەرتی تایبەت و رێگریکردن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان تیایاندا.

چواردەم: دەرکردنی رێنمایی رێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا و چاودێریی پابەند بوون پێیەوەو دەست نیشان کردنی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی و دەرکردنی راپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

پازدەم: دەستە بۆی هەیە کارێك بکات کە زەروری بێت لەبواری بەرەنگاربوونەوەو خۆپاراستن لە گەندەڵی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت یاسای ئەم دەستەیە وەك پێویست جێبەجێنەکراوەو دەستەی دەستپاکی نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت:

**یەکەم**: لە مادەی (دووەم)ی یاساکەیاندا هاتووە کە: بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان – عێراق) دادەمەزرێ، خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی سەربەخۆی دارایی و کارگێرییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە و لەژێر چاودێری پەرلەماندایە. کەچی دەستە هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکراوەو بەڵکو چاوی لەدەستی حکومەت و وەزارەتی داراییە ئەگەر برێك بودجەی بۆ دیاری بکات تا کارەکانی پێ بکات، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەربەخۆیی دەستەی دەستپاکی هەیە.

**دووەم**: لە ماددەی سێیەمی یاسای دەستەی دەستپاکیدا ئامانجەکانی دروستکردنی دەستەکە لە سێ برگەدا خراونەتە روو، ئایا دەستە توانیویەتی کامە ئامانج بەدی بێنێت؟ کە ئەمە ئامانجەکانن:

١–بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، سەرباری بوونی یاسا و دامەزراوەیەکی گرنگی وەك دەستەی دەسپاکی، رۆژ بەرۆژ لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەی گەندەڵی زیاتر تەشەنەی کردووەو و قەبەتریش بووە. بۆیە دەکرێ بپرسین کامە خۆپاراستن لە گەندەلی پیادەکراوە؟.

٢–پاڵپشتکردنی پرەنسیپەکانی دەستپاکی، شەفافیەت، لێپرسینەوەو بەرجەستەکردنی پرەنسیپی سەروەری یاسا.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمدا شەفافیەت بەدی ناکرێت، لێپرسینەوە نیە لەوانەی کەمتەرخەمن لە ئەرکەکانیانداو مولکی گشتی بەهەدەر دەدەن، پرەنسیپی سەروەریی یاسا لەهەرێمدا بەرجەستە نەکراوەو، بەپێچەوانەوە رۆژانە زۆرترین پێشێلکاری یاسایی دەکرێت.

٣–هەڵسەنگاندن، راستکردنەوە، پەرەپێدانی کار و رەفتاری وەزیفی، ستاندەرەکانی راژەی گشتی، لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی و ئاسانکاریی رێکارەکان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت رێکاری یاسایی پەیرەونەکراوەو ستاندارتەکانی راژەی گشتی لەبەرچاو نەگیراون، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لاوازە، رێکارەکان تادێت نەك ئاسانکاریان تیادا نەکراوە بەلکو قورس تریش بوون، رۆتین نەك کەم نەبۆتەوە بەلکو زیاتریش بووە.

**سێیەم**: لە خاڵی (٣) ی برگەی (هەشت) ی مادەی (پێنجەم)ی یاساکەدا باس لەوانە دەکات کە حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا پیادە دەبێت، تیایدا هاتووە:

دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان هەریەك لەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا–سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب–سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامەکان.

ج–سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی.

د–وەزیرەکان و ئەوانەی بەپلەی وەزیرن و بریکاری وەزیرەکان.

هـ–سەرۆکی دەستەی دەستپاکی و جێگرەکەی و سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستەو لێکۆلەرەکانی.

و–خاوەن پلە تایبەتەکان و بریکار و یاریدەدەرەکانیان.

ز–بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەرەکانیان.

ح–دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەرییەکان و لێکۆڵەرەکان.

ت– ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ لەپلەی موقەدەم بەرەو سەرەوە و ئەو ئەفسەر و مفەوەزانەی کاری لێکۆلینەوە دەکەن.

ی–پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزاو ناحیە و سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

ك–هەر کەسێك پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێت لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ کەوا راپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە، بەپێی رێنماییەك کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت یەکێك لە هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە ئەوەیە کە زۆرینەی فەرمانبەران و بەرپرسانی ئەم ولاتە بەجۆرێك پارێزبەندی (حصانە)یان هەیە، وەك: پەرلەمانتار و وەزیر و پارێزەران و پیاوانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و رۆژنامەنوسان و ...هتد کە ناتوانرێت بەبێ

ڕەزامەندی مەرجەعەکەیان بانگ بکرێنە بەردەم دادگا و لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دەزگاکانیشیان زۆر بە زەحمەت ڕەزامەندی نادەن.

**چوارەم**: لە مادەی (پێنجەم)ی یاساکەدا ئەرکەکانی دەستە بە وردی دەستنیشانکراون. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت وەك پێویست نەتوانراوە بەشی زۆری ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکرێن. تا ئێستا بەرپرسێکی باڵا بە پلەی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی نەدراوە بە دادگا، ئەمە جگە لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران.

یەکێك لەو سێکتەرانەی گومانی لەسەرە کە گەندەڵی تیادایە بواری نەوت و گاز و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە کە زۆرترین قسە هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەلایەن دەستەی دەستپاکیەوە هیچ کارێکی لەسەر نەکراوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن حکومەت و بەرپرسانی پەیوەندیدارەوە هیچ زانیاری و داتایەکی دروست بە دەستەی دەستپاکی نەدراوە.

**پێنجەم**: لە مادەی (حەوتەم)دا هاتووە کە "ماوەی خزمەتی سەرۆك چوار ساڵە و بۆ یەك جار قابیلی تازە کردنەوەیە". بەڵام سەرۆکی ئێستای دەستە ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٣ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بە سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی خوارد و ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ دەستبەکار بووە، نزیکەی سێ ساڵ و نیوە ماوەی سەرۆکایەتی بەڕێزیان لەدەستە بەپێی یاسا تەواو بووە، بەڵام تا ئێستاش نە ماوەکەی بۆ درێژکراوەتەوە بەپێی یاساو نە کەسێکی تریش لە شوێنی دانراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە دەبێت پەرلەمان بەئەنجامدانی ئەم کارە هەلسێت، کەچی نەیکردووە.

**شەشەم**: بەپێی برگەی چوارەم لە مادەی (دەیەم) "دەبێت هەر شەش مانگ جارێك دەستە ڕاپۆرت پێشکەش بە پەرلەمان بکات یان هەر کاتێك پێویست بکات"، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تا ئێستا دەستە ساڵی یەك ڕاپۆرتی پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، (سەرباری تێبینی لەسەر ڕاپۆرتەکانیش) ئاخۆ پەرلەمان تا چەند کاری لەسەر ڕاپۆرتەکان کردووەو بەدواداچوونی بۆ کردوون؟

**حەوتەم**: بەپێی یاساکە دەستە نەیتوانیوە پەیکەری خۆی وەك پێویست دروست بکات بەهۆی قەیرانی داراییەوە، فەرمانبەرەکانی وەك پێویست بۆ دانەمەزراون و کەموکوڕیی هەیە، هەروەها بەپێی برگەی (یەکەم) ی مادەی (یازدەهەم) دەبوایە جێگرێك بۆ سەرۆکی دەستە دابمەزرێت، تا ئێستا ئەویش دانەمەزراوە.

**هەشتەم**: بەپێی مادەی (چواردەیەم) دەبوایە دەستە لەو بەرپرسانە بپێچێتەوە کە سامانیان بە بەدەستهێنانی ناڕەوا کۆکردۆتەوە، بەڵام لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێك نەنراوە.

**نۆیەم** : دەبوایە پەرلەمان بەدواداچوون بکات لە جێبەجێنەکردنی یاساکە و وەك پێویست هەڵنەسانی دەستە بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر شانی، بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسیەوە ئەوەش نەکراوە.

**دەهەم** : بۆشایی و کەلەبەر و کەموکوڕی لە یاسای دەستەدا هەیە، خودی دەستەش خۆیان ناڕازین لە یاساکە تەنانەت دوای هەموارکردنەوەشی کە کراوە، بەڵام پەرلەمان بەم ئەرکەشی هەڵنەساوە.

## چوارەم:
## کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی

ئەم دەستەیە بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ کار دەکات، هەروەك لە مادەکانی دووەم و سێیەمی یاساکەدا هاتووە: بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەك دادەمەزرێ لەژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطة الحصرية) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق. و بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لەپاریزگای هەولێری پایتەخت دەبێ و، بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لەناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکاندا دەکاتەوە. و کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا .

لە ماددەی (چوارەم)ی یاساکەدا ئەو ئەرکانە دەستنیشانکراون کە کۆمسیۆن دەیانگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم**: دانانی بنەماو ڕێسای کارپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان کە لەسەرتاسەری کوردستان–عیراقدا ئەنجام دەدرێن بۆ زامن کردنی جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی بێگەرد و دادپەروەرانە.

**دووەم**: سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عیراقدا.

**سێیەم**: جارِدانی وادەی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان.

**چوارەم**: ڕێکخستن و جێبەجێکردنی هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عیراق.

**پێنجەم**: بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی مافی هەڵبژاردنیان.

**شەشەم**: تۆمار کردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانییەکان و پەسەند کردنیان، بە گوێرەی یاسا پەیوەندیدارەکان.

**حەوتەم**: ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی نوێنەرانی لیستەکانی هەڵبژاردن و چاودێرانی هەڵبژاردن لە ڕێکخراو و ڕاگەیاندکارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و ئەوانی تر.

**هەشتەم**: ڕێکخستن و ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەران و ئاشکراکردنی ئەنجامەکان لەناو وێستگەکاندا بەمەرجێك کیانەکان هەریەکەو دانەیەك لە ڕاپۆرتی ژماردن و جیاکردنەوەیان پێ بدرێ.

**نۆیەم**: ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان و راپرسییەکان بەمەرجێك لە (٧٢) حەفتاو دوو کاتژمێر تێپەڕ نەکات، و هەروەها ئەنجامە کۆتاییەکان دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی تایبەتمەندەوە پەسەند دەکرێن.

**دەیەم**: کارکردن بۆ دروستکردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای گشت توێژەکانی کوردستان و چەسپاندنی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە رێی درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

لەئەنجامی وردبوونەوە لە ئیش و کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و بەراوردکردنیان بە یاساکەیان چەند تێبینییەك دێتە ئاراوە کە لەم خالانەدا کورتیان دەکەینەوە:

**یەکەم** : هەرچەندە ئەم کۆمسیۆنە وەك لە ناوی یاساکەیدا هاتووە (سەربەخۆ)یە، هەروەك لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (پانزەهەم)دا هاتووە: " کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی دەبێ بەگوێرەی رێنمایی و رێسا پەیرەوکراوەکان دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیاز دەکرێ بە راویژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و، پەرلەمان پەسەندی دەکات و دەخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم".

بەلاّم بودجەی کۆمسیۆن لەژێر دەستی حکومەتەو دەبێت بۆ دابین کردنی چاوی لە وەزارەتی دارایی بێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سەربەخۆییەکەی دەبێت.

**دووەم**: لە مادەی (سێیەم)ی یاساکەدا هاتووە کە ئەم دەستەیە (بێلایەن)ە، لەمەشیاندا لەگەڵ یاساکەدا یەك ناگرێتەوە چونکە کۆمسیۆن بەسەر پێنج حزبە سەرەکیەکەدا دابەشکراوە، (٩) ئەندامی ئەنجومەنی هەیە کە لە (٣) پارتی دیموکراتی کوردستان، (٢) یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (٢) بزوتنەوەی گۆڕان، (١) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و (١) کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان پێکهاتوون. نەك هەر لە ئەنجومەندا بەڵکو لە بواری کارگێرپیشدا رەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە لە (١٢) بەرێوەبەری گشتیی کۆمسیۆندا (٤) پارتی، (٣)یەکێتی (٣) گۆڕان، (١)یەکگرتوو و (١) کۆمەڵ دابەشکراون. دیارە ئەمە سەبارەت بە جێگری بەرێوەبەرە گشتیەکان و بەرێوەبەر و جێگرەکانیان و تا دوافەرمانبەر رەنگی داوەتەوە، ئەمەش لەگەڵ یاساکە و پێوەری بێلایەنیدا ناگونجێت.

ئەم رەوشەی لە کۆمسیۆندا دەگوزەرێت لەگەڵ ئە برگەیەشدا ناگونجێت کە بە زنجیرەی (ز) لە مادەی پێنجەمی یاساکەدا هاتووە سەبارەت بەو کەسانەی لە کۆمسیۆندا کار دەکەن: " ئینتیمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجومەن". بەلاّم هەموو ئەو کەسانەی لە کۆمسیۆن دانراون حزبەکان بۆ کاری خۆیان دایاننناون. واتە کۆمسیۆنەکە تەنها بە ناو (کۆمسیۆنی سەربەخۆ)یە، بەلاّم لە دەستنیشانکردی ئەنجومەنی کۆمسیۆن و دامەزراندنی سەرجەم فەرمانبەرەکانیدا (پێنج حزبەکە) کەسانی (سەربەخۆیان) داناوە نەك (سەربەخۆ).

**سـێیەم**: لـە بڕگـەی (پێنجـەم)ی مـادەی (چـوارەم)دا هـاتووە: " بـەڕێوەبردنی پرۆسـەی تۆمـارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی مافی هەڵبژاردنیان".

هەروەها لە بڕگەی (یەکەم)ی مادەی (شەشەم)یشدا هاتووە: " دامەزرانـدن و نوێکردنـەوە و بـژارد کردنـی تۆماری دەنگـدەران لـەڕێی هـەموو جـۆرە شـێوازێکی تـازەی بەردەسـت، لەسـەر لایەنـە پەیوەندیـدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە".

بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت کۆمسیۆن هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك و بێ خەوش، ئەگەر هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێت دەبێت بەهەمان تۆماری دەنگدەرانی عیراقی بکرێت کە پێشتر پێـی کـراوە، لەکاتێکدا ئـەم تۆمـارە پـڕە لـە خـەوش و بـە سـەدان هـەزار دەنگـی مـردوو و دووبارەو چەند بارە و ساختەی تیایە.

**چوارەم**: لە بڕگەی (دەیەم)ی مادەی (چوارەم)دا هاتووە " کارکردن بۆ درووستکردنی متمانە لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا لای گشـت تویـژەکانی کوردسـتان و چەسـپاندنی ڕۆشـنبیریی هەڵبـژاردن لـەڕێی درێـژەدان بـە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە".

تا ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە و هیچ کارێك نەکراوە بـۆ ئـەوەی متمانـە لای خـەڵکی کوردسـتان دروسـت بکرێتەوە بە پرۆسەی هەڵبژاردنـەکان. بـەڵکو بەپێچـەوانەی زۆربـەی هـەرە زۆری خـەڵك و لایەنـە سیاسـیەکان پێیـان وایـە هەڵبـژاردن وەکـو سـیناریۆیەك وایـەو شـەرعیەت بـە مانـەوەی چـەند کەسـێك دەدات و پێشـتر ئەنجامەکەی روون و ئاشکرایە.

**پێنجەم**: بەپێی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (پێنجەم)ی یاساکەدا هاتووە: "ئەنجومەنی کۆمسیاران لـە (٩) ئەندام پێك دێ کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینـەی رەهـای ئەنـدامانی هەڵدەبـژێردرێن دوای ئـەوەی لەلایـەن لیژنەیـەکی تایبەتـەوە کـە پەرلـەمان پێکـی دەهـێنێ پێشـنیاز دەکـرێن، بەمـەرجێك دوو ئەنـدامی ئەنجومـەن بەلایەنی کەمەوە یاساناس بن هەروەها دەبێ نوێنەرایـەتی ئافرەتـان و پێکهاتـەکان مسـۆگەر بکـرێ و مـاوەی کارکردنی ئەنجومەنەکەش (٥) پێنج ساڵی رۆژژمێرییە".

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبـژاردن بـەپێی بڕیـاری ژمـارە (٣١)ی سـاڵی ٢٠١٤، لـە رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ وەوە دەستبەکار بوونە، بـەپێی ئەمـەش مـاوەی سـاڵێکە لـەرووی یاسـاییەوە ئەنجومەنەکـە مـاوەی بەسـەر چـووە، کەچـی تـا ئێسـتاش پەرلـەمانی کوردسـتان بەدواداچـوونی بـۆ ئـەم گرفتـە یاسـاییە نەکردووە.

**شەشەم** : بـەپێی بڕگـەی یەکـەمی مـاددەی حەوتـەم لـە یاسـاکەدا یـەکێك لـە هۆکارەکـانی کۆتـایی هـاتنی ئەنـدامێتی لـە ئەنجومـەن ئەوەیـە کـە وادەی ئەنجومـەن تـەواو بووبێـت. بـەپێی مێـژووی دەسـتبەکار بـوونی ئەنجومەنیش لە ئێستادا ماوەی ساڵێکە ئەنجومەن وادەی یاسایی بەسەرچووە، هەر بۆیـە هـیچ شـەرعیەتێکی یاساییان نەماوە.

**حەوتەم**: هەر بەپێی برگەی (یەکەم) لە ماددەی (پێنجەم)ی یاساکەدا هاتووە لە ئەنجومەندا "دەبێ نوێنەرایەتی پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ". کەچی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانیش لەلایەن هەردوو حزبی سەرەکی لە کوردستان پێشنیار کراون و دانراون، پارتی نوێنەری (تورکمان) و یەکێتیش نوێنەری (ئاسوری)ەکان!

**هەشتەم**: لەگەڵ دەستبەکار بوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا (لە تەموزی ٢٠١٩) ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەندامێتی ئەنجومەن دەستی کێشایەوە کە ماوەی نزیکەی سال و نیوێکە، کەچی تا ئێستا شوێنەکەی پڕ نەکراوەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی ئەندامێکی تری کۆمسیۆن لە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی ٢٠٢٠/١١/٣ بەهۆی نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد و شوێنەکەی ئەویش چۆڵەو پڕ نەکراوەتەوە.

هەروەها سەرۆکی کۆمسیۆنیش کە هەر لەسەر بەشی پارتی دیموکراتی کوردستانە چەند مانگێکە مۆڵەتی وەرگرتووەو لە کۆمسیۆن دەوام ناکات!

## ئەنجام

١-لاوازی پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەی چاودێری و بەدواداچووندا کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر دامودەزگاو دامەزراوە فەرمیەکانی تریش کردووە، بۆ نمونە وەك دەستەکانی (مافی مرۆڤ) و (دیوانی چاودێری) و (دەستەی نەزاهە) و (کۆمسیۆنی هەڵبژاردن) و ئیش و کارەکانی ئەوانیش زۆربەی وەستاوەو وەك پێویست بەڕێوە ناچێت.

٢-خودی پەرلەمان کە لایەنی یاسادانەر و چاودێریشە بەسەر جێبەجێکردنی یاساوە، کەچی خۆی پێشێلی یاسای دەستە سەربەخۆکانی کردووە.

٣-هەر چوار دەستەکە پێیان وایە یاساکانیان نەگونجاوەو پێویستیان بە گۆڕین و هەموارکردنەوە هەیەو هەندێکیان پرۆژەشیان ئامادەکردووە بەلام پەرلەمان هەنگاوی بۆ نەناوە.

٤-هەر چوار دەستە چەند پۆستێك هەیە بەپێی یاسا بۆیان دەستنیشانکراوە بەلام پڕنەکراونەتەوە.

٥-هەر چوار دەستە گرفتی کەمیی میلاکی فەرمانبەریان هەیەو پێویستە بۆیان دابمەزرێت.

٦-هەر چوار دەستە لەبەر ئەوەی ماوەی یاسایی سەرۆکەکانیان یا ئەنجومەنیان بەسەر چووە شەرعیەتی یاساییان نەماوەو بەنایاسایی کارەکانیان رایی دەکەن.

٧-دەستەکان کە بەپێی یاسا لەرووی داراییەوە سەربەخۆن، بەڵام لە پراکتیکدا هیچ کامیان، بە پەرلەمانیشەوە سەربەخۆیی داراییان نیە، هەموویان چاو لە دەستی وەزارەتی داراین ئەگەر موچەیان پێبدات، یاخود بڕێکی کەم بودجەیان بۆ دیاری بکات.

٨-دەستەکان بەحیساب لەرووی کارگێڕییەوە سەربەخۆن، کەچی سەربەخۆییان لێ زەوت کراوەو لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە دەستێخستنی بەردەوام لەکاروباریاندا هەیەو هەموو فەرمانبەرێکیش ئەگەر پشکپشکێنەو رەزامەندی ئەوانی لەسەرنەبێت بۆیان دانامەزرێت.

٩- زۆرترین پێشێلکاری لە یاسای دەستەکاندا کراوە، لەکاتێکدا خۆیان دامەزراوەیەکن بۆ چاودێری و رێگری لە پێشێلکاری دامەزراون، ئەمەش خەوشێکی گەورەیە بۆ خودی دەستەکان و پەرلەمان و سیستەمی حوکمرانیی هەرێمی کوردستان.

١٠-دەسەڵاتی جێبەجێکردن یا متمانەی بەو دەستانە نیە، یاخود نایەوێت نهێنیی کار و گرێبەستەکانی بکەوێتە ژێر چاودێریی ئەم دەستەو دامەزراوانە، نمونەش هێنانی کۆمپانیای (دیلۆت)ی بیانیە کە پرۆسەی نەوتی خستۆتە ژێر چاودێری لە بری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

١١-هەرچەندە، بوونی ئەم دەستە سەربەخۆیانە دەتوانێ هەنگاوێکی باش و ئەرێنی بێت بۆ پێشخستنی بنەماکانی دیموکراسی و حوکمڕانیی شەفاف، بەڵام لە ڕاستیدا ئەزموونەکە لە هەرێمی کوردستان لە رووی پراکتیکییەوە نەیتوانیوە سەرکەوتنی باش بەدەست بهێنێ و لەژێر گوشار و کاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنە سیاسییەکاندا بووە، کە نموونەی هەرە بەرچاویشی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی

هەڵبژاردنەکان و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ و دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی داراییین، کە نەیانتوانیوە سەرکەوتنی پێویست لە ئەرك و کارەکانیاندا بەدەست بهێنن و سەرۆك و ئەندامانی باڵای ئەم کۆمیسیۆن و دەستانە بە سیستەمێکی پشکپشکێنە لە لایەن حزبە سیاسییەکانەوە دیاری دەکرێن. هەروا ئەگەر دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی بە نموونە وەربگرین، دەبینین کە لە هەرێمی کوردستان لەوەتەی ئەم دیوان و دەستەیش دامەزراون، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا رۆژ بە رۆژ رێژەی گەندەڵی و کاری نایاسایی تیایدا زیاتر دەبێت، کە ئەمەیش بەڵگەیە بۆ سەرنەکەوتنی ئەم دیوان و دەستەیە.

١٢–لەهەرێمی کوردستاندا دوو کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەیەو ئەمەش بارگرانییەکی دارایی دروستکردووە.

١٣– یەکێك لە کارە هەرە سەرەکییەکانی دیوانی چاودێری دارایی، بەدواداچوونی رێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەیە کە ساڵانە دوای پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، بەلام لەساڵی ٢٠١٣ ەوە تا ئێستا بودجە پەسەند نەکراوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر کاروبارەکانی دیوانی چاودێری.

# راسپاردەکان

**سەبارەت بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ:**

١–لە زوترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ ی دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان–عیراق هەموار بکاتەوە.

٢–پەرلەمانی کوردستان لە زوترین کاتدا سەرۆکێك بۆ دەستەکە هەلبژێرێتەوە.

٣– پەرلەمان بە گشتی و لیژنەی تایبەتمەند بەتایبەتی چاودێری وردی ئیش و کارەکانی دەستەی ماف مرۆڤ بکات و چاوپۆشی لە کەموکورپییەکانی نەکات.

٤–کەموکورپییەکانی دەستەی مافی مرۆڤ لە پڕکردنەوەی میلاکاتی پلە وەزیفیەکانیدا پڕ بکرێنەوە.

٥– پەرلەمان فشار بخاتە سەر حکومەت کە رێنمایی پێویست بۆ یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری دەربکات و پێداویستییە ماددی و مرۆییەکانی دابین بکات بەمەبەستی ئەوەی یاساکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٦–بودجەی دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ بە جیا و بەپێی پێویست دەستنیشان بکرێت تا بۆ رایی کردنی ئیش و کارەکانیان پەکیان نەکەوێت یا پەکیان نەخرێت.

٧– تیمەکانی دەستەی ماف مرۆڤ دەست کراوەتر بن بەمەبەستی چاودێریکردنی رەوشی ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

٨–دەستەی ماف مرۆڤ لەکات و ساتی خۆیدا راپۆرتەکانی (ساڵانە) و (خولاو خول) بلاو بکاتەوەو پێشکەشی پەرلەمانی بکات، بەپێچەوانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت لە پەرلەمان.

٩–پارێزبەندی بۆ کارمەندانی دەستەی ماف مرۆڤ هەبێت لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا.

١٠–پڕکردنەوەو دامەزراندنی کارمەندان بۆ سەرجەم نوسینگەکانی دەستەی ماف مرۆڤ و دیوانی دەستە چونکە ژمارەی فەرمانبەران کەمە.

١١–یەکلاکردنەوەی یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری.

١٢–لایەنە پەیوەندیدارەکان کار لەسەر راسپاردەکانی راپۆرتەکانی دەستە بکەن.

١٣–رێگری لە تیمەکانی دەستە نەکرێت لە هیچ کام لە دامودەزگەکانی هەرێمدا و ئاستەنگ لەبەردەم ئیش و کار و بەدواداچوونەکانیان دروستنەکرێت.

١٤–دامەزراندنی دادگای ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

١٥–دەبێت دەستە بەپێی بنەماکانی (پاریس)ی ساڵی ١٩٩١ هەڵسوکەوت بکات، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بریاری ژمارە (٤٨/١٣٤) لە ساڵی ١٩٩٣ بەتێکرای دەنگ پەسەندی کردووە. پێکهاتەی دەستە نوێنرانی (ئەنجومەنی وەزیران و داواکاری گشتی) تێدایە، کە ئەمانە نوێنەرانی ئیدارە

حکومییەکانن، ئەمەش لەگەڵ پرەنسیپەکانی پاریسدا وێك نایەتەوە، چونکە نوێنەری حکومەت دەبێت سیفەتی راوێژکاریی هەبێت و مافی دەنگدانی نەبێت.

١٦-پێویستە یاساکان لەگەل پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگونجێن، ماوەی ویلایەت درێژ نەکرێتەوە، چونکە رەنگە بکەونە ژێر کاریگەریی سیاسی.

### سەبارەت بە دیوانی چاودێری دارایی:

١-لە زوترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دیوانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان-عیراق هەموار بکاتەوە. بەجۆرێك کە دەستیان کراوە بێت لەچاودێریکردن، بەتایبەتی ماددەی (١٠)ی یاساکە. بەجۆرێك رێگرییان لێنەکرێت لە راپەڕاندنی کارەکانیان، هەروەها مەودای کارکردنیان زیاتر بکرێت.

٢-پەرلەمانی کوردستان لە زوترین کاتدا سەرۆکێك بۆ دیوانی چاودێری دارایی هەلبژێرێتەوە.

٣-پەرلەمان بە گشتی و لیژنەی تایبەتمەند بەتایبەتی چاودێری وردی ئیش و کارەکانی دیوانی چاودێری دارایی بکات و چاوپۆشی لە کەموکورییەکانی نەکات.

٤-بودجەی دیوانی چاودێری بە جیا و بەپێی پێویست دەستنیشان بکرێت تا بۆ رایی کردنی ئیش و کارەکانیان پەکیان نەکەوێت یا پەکیان نەخرێت.

٥-کەموکورییەکانی دیوانی چاودێری دارایی لە پڕکردنەوەی میلاکاتی پلە وەزیفیەکانیدا پڕ بکرێنەوە.

٦-راپۆرتەکانی چاودێریی دارایی کاریان پێ بکرێت و لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پشتگوێ نەخرێن و لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمان و یاسا لادەران بکرێت.

٧-دیوانی چاودێری بتوانێت چاودێری و وردبینی لەسەرجەم دامەزراوە حکومی و ئەهلیەکان بکات وەك لە یاساکەدا هاتووەو رێگریی لێ نەکرێت.

٨-پرۆسەی گرێبەستە نەوتیەکان شەفافانە بخرێتە ژێر چاودێریی دیوانی چاودێریی داراییەوە.

٩-لە زووترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان گرفتی یاسایی سەرۆکی (دیوانی چاودێری دارایی) و (دەستەی دەسپاکی) چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە سپاردنی جێبەجێکردنی یاسایەك بەناوی چاکسازییەوە بەم دامەزراوە کە خۆی نایاسایی کارەکانی رایی دەکات نەنگییەکی گەورەیە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریش. بەپێی ئەو پرەنسیپە یاساییەش کە دەڵێت (المبني علي الباطل فهو باطل)، (ئەوەی لەسەر پوچ بنیاد نرابێت هەر مایە پوچە)ی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

**سەبارەت بە دەستەی گشتیی دەسپاکی:**

١–لە زوترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٣) سالّی ٢٠١١ ی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکی، و یاسای ژمارە (٧)ی سالّی (٢٠١٤): یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠١١ هەموار بکاتەوە.

٢–دادگایەکی تایبەتمەند بە کەیسەکانی گەندەلی دروست بکرێت.

٣–ژمارەی پێویستی لێکۆلەر بۆ دەستەی دەسپاکی دابین بکرێت و دەسەلاتی دامەزراندنیان بدرێت بە سەرۆکی دەستە.

٤–پەرلەمانی کوردستان لە زوترین کاتدا سەرۆکێك بۆ دەستەکە هەلبژێرێتەوە.

٥–پەرلەمان بە گشتی و لیژنەی تایبەتمەند بەتایبەتی چاودێری وردی ئیش و کارەکانی دەستەی گشتی دەسپاکی بکات و چاوپۆشی لە کەموکورییەکانی نەکات.

٦–کەموکورییەکانی دەستەی دەسپاکی لە پرکردنەوەی میلاکاتی پلە وەزیفیەکانیدا پڕ بکرێنەوەو پەیکەری کارگێڕی دەستە رێکبخرێتەوە بە رەچاوکردنی تواناو کوالیتی لەفەرمانبەران.

٧–دەستەی دەسپاکی رێگریی لێ نەکرێت لە کەیسەکانی نەوت و وەبەرهێنان و سەرجەم بوارەکانی تردا بەدواداوون بکات.

٨–بودجەی دەستەی دەسپاکی بە جیا و بەپێی پێویست دەستنیشان بکرێت تا بۆ رایی کردنی ئیش و کارەکانیان پەکیان نەکەوێت یا پەکیان نەخرێت.

٩–ستراتیژییەتی دژەگەندەلّی لەلایەن دەسەلاّتی جێبەجێکردنەوە جێبەجێ بکرێت.

١٠–دامودەزگاکانی تر (لەهەرسێ دەسەلاّتەکە) هاوکاریی دەستەی دەسپاکی بکەن و هەماهەنگ بن لەگەلّیدا نەك رێگر و کەمتەرخەم.

١١–پێویستە پەرلەمان بەدواداچوونی زیاتر بکات بۆ راپۆرتی شەش مانگی دەستەی دەسپاکی، بۆ ئەوەی هان بدرێن بۆ وردەکاری زیاتر لە راپۆرتەکان.

١٢–بەهێزکردن و دارشتنەوەی بۆردی رێکخراوەکان لە دەستەی دەسپاکی.

١٣–بۆ هەمواری یاسای دەستە پێویستە کۆنفرانس و دیدار ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ناوەرۆکی هەموارەکە رەنگدانەوەی پێویستییەکان بێت.

١٤–راپۆرتی میدیایی و شەفافیەت زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی رای گشتی ئاگاداری کارەکانی دەستە بێت.

١٥–هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسایەك بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەلّی نیە، تەنها ستراتیژیەتێکی راگەیەنراو هەیە، پێویستە ئەم یاسایە دەربکرێت.

١٦–پێویستە یاسای دەستەی دەسپاکی لەگەلّ پێوەرە نێودەولّەتیەکان بگونجێت، بەتایبەتی رێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەلّی، بەتایبەتیش ماددەی (٣٦)ی رێککەوتنەکە.

**سەبارەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی:**

**یەکەم**: ناکرێت لە هەرێمێکدا دوو کۆمسیۆن و دوو نوسینگە لەهەر پارێزگایەك و دوو نوێنەر و دوو تۆماری دەنگدەران و دوو یاسا و دوو جۆر تیم بۆ هەڵبژاردنەکانی هەبێت. هەر بۆیە پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرس دەکەین و لەمەودووا هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە ئەنجام بدرێت و ئەو بارقورسیە داراییەش لەسەر هەرێم لادەچێت.

**دووەم**: لەئەگەری مانەوەو هەڵنەوەشاندنەوەی کۆمسیۆندا، باشتر وایە:

١–پەرلەمانی کوردستان لە زوترین کاتدا هەمواری یاساکەیان بکات و ئەو کەموکوڕیانەی لەیاساکەدا هەیە چاکیان بکات.

٢–پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کاتدا کاربکات بۆ دانانی ئەنجومەنی نوێی کۆمسیاران.

٣–ئەگەر وەك پشکی لایەنە سیاسیەکانیش ئەندامانی ئەنجومەن دادەنرێن ناوی (سەربەخۆ) لە کۆمسیۆن بکرێتەوە.

٤–ژمارەی ئەندامانی کۆمسیۆن بۆ (٥) ئەندام کەم بکرێتەوە.

٥–پێویستە سەرۆکی کۆمسیۆن و بەرێوەبەری کارگێڕی بە دەوری لەنێوان ئەندامەکانەوە دابەش بکرێت تا یەك لایەنی سیاسی پاوانی نەکات.

٦–بودجەی کۆمسیۆن بە جیا و بەپێی پێویست دەستنیشان بکرێت تا بۆ رایی کردنی ئیش و کارەکانیان پەکیان نەکەوێت یا پەکیان نەخرێت.

٧–لە زوترین کاتدا کار بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك و بێگەردی دەنگدەران بکرێت.

٨–پڕکردنەوەی تەواوی ئەو پۆستانەی بەتاڵن و بەپێی یاسا دیاریکراون.

٩–ئەنجامدانی کۆبوونەوەی وەرزی لە نێوان لیژنەی پەرلەمان و کۆمسیۆن بۆ ئەوەی بەچڕی و لە نزیکەوە ئاگاداری یەکتر بن.

## پاشکۆی ژماره (١)

# یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژماره (٢) ی ساڵی ٢٠٠٨

### بەشی یەکەم

### پێناسەو پێکهاتەو ئامانجەکانی دیوانی چاودێری دارایی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان عێراق

دووەم: دیوان: دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم.

سێیەم: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی چاودێری دارایی.

چوارەم: سەرۆك: سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

پێنجەم: دەسەڵاتی چاودێری: ئەنجوومەن و سەرۆکەکەی و هەریەك لە دەستە و فەرمانبەرانی دیوان کە یەکێك لەو دووانە دەسەڵاتیان پێدابێت لە بواری پسپۆڕی چاودێری دا.

**ماددەی دووەم:**

دەسەڵاتێکی چاودێری لە هەرێمدا دادەمەزرێت بە ناوی (دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان عێراق) کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی هەیە و بۆی هەیە هەموو رەفتارێکی یاسایی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بگرێتەبەر و سەرۆکەکەی یان ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی پێدەدات نوێنەرایەتی دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

دیوان بە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراقەوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجی سەرەکی دیوان بریتیە لە پارێزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی لە رێگای پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆڕایەتی و دەستەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی داوە.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکی دیوان بە مەرسومێك کە لە سەرۆکایەتی هەرێم دەردەچێ دادەمەزرێت و لە سەر پاڵاوتنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی و بە پلەی وەزیر دەبێت و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی وەزیریشی هەیە سەبارەت بە مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی و خزمەت و دەستەڵاتی وەزیری داراییشی دەبێ لەوەی کە پەیوەندی بە کاروباری دیوان و میلاك و بوودجەوە هەیە و ماوەی سەرۆکایەتییەکەی (٤ ساڵە) شایانی دووبارەبوونەوەی بۆ یەك جار بە رەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان عێراق هەیە و نابێ لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بە بێ رەزامەندی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق لابدرێ.

**ماددەی شەشەم:**

دیوان لەمانە پێکدێت:

یەکەم / ئەنجوومەنی چاودێری دارایی:

١- ئەنجوومەنی چاودێری پێکدێت لە سەرۆکی دیوان، وەك سەرۆك لەگەڵ جێگرەکەی و بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەك ئەندام و لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی دیوان جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوە.

٢- ئەنجوومەن بە لایەنی کەمەوە مانگێ جارێك کۆدەبێتەوە و راددەی (نصابی) یاسایی بە ئامادە بوونی ٣/٢ دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێ.

٣- ئەنجوومەن بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکات و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

دووەم: سەرۆکی دیوان:

سەرۆکی دیوان دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەن و ئەم فەرمانگانەی خوارەوە بە سەرۆکی دیوان دەبەسترێنەوە:

١- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی و یاسایی:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و خزمەتگوزارییەکانی کارگێڕی و دارایی و یاسایی ئامادە و پێشکەش بە پێکهاتەکانی دیوان دەکات.

٢- فەرمانگەی کاروباری هونەری و توێژینەوە:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و ئەو ئەرکە هونەری و پیشەییانە پێشکەش دەکات کە نەخشەسازیی و بەدواداچوون و سیستەمی ژمێریاری پێویستیان پێی هەیە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی کار و شیاندن و هەروەها ئەرکی توێژینەوە لە هۆکارەکانی پەرەپێدانی ئەرکی چاودێری و زیادکردنی کاریگەریەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێ کردنی لە ئەستۆ دەگرێ و هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە و بەڕێوەبەرییەتیەکانی سەر بە دیوان دەکات.

٣- نووسینگەی سەرۆکی دیوان:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات.

٤- بەشی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

٥- بەشی چاودێری ناوخۆ.

سێیەم: جێگری سەرۆك

سەرۆکی دیوان جێگرێکی هەیە بە پلەی بریکاری وەزارەت و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی تایبەت بە بریکاری وەزارەتی هەیە.

چوارەم: فەرمانگەکانی وردبینی

هەر فەرمانگەیەك لەو فەرمانگانە، بەڕێوەبەرێکی گشتی یا ژمێریارێکی یاسایی سەرۆکایەتی دەکات و تایبەتمەند دەبن بە ژمارەیەك چالاکی کەرتی، بەو پێیەی کە ئەنجوومەن بەپێی پێویستی کاری چاودێری دارایی بڕیاری لەسەر دەدات و پێکدێت لە:

فەرمانگەکانی وردبینی مەڵبەندیی کە بریتین لە:

ا- فەرمانگەی چالاکی تەمویل و دابەشکردن و کۆمپانیاکان.

ب- فەرمانگەی چالاکی پیشەسازیی و سەرچاوە سرووشتییەکان.

ج- فەرمانگەی چالاکی کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوە.

د- فەرمانگەی چالاکی خزمەتگوزارییەکانی گشتی.

هـ- فەرمانگەی چالاکی سەندیکا و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

و- فەرمانگەی چالاکی ئەندازەیی و هونەریی. ٢- فەرمانگەکانی وردبینی پارێزگاکان.

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: ئەوەی کە بە سەرۆکی دیوان دادەمەزرێ پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتەدی:

١- هاوولاتی هەرێم بێ و لێی نیشتەجێ بێ.

٢- بەلانی کەم خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یەکێك لە بوارەکانی (کارگێڕی، دارایی، ئابووری، یاسا) و شارەزایی لە بواری پسپۆڕییەکەیدا لە (١٠) سالٚ کەمتر نەبێ.

٣- نابێت بە تاوانێك حوکم درابێت کە لە پایە و ناو و ناوبانگی کەم بکاتەوە.

دووەم: پێویستە ئەوەی بە جێگری سەرۆکی دیوان یا بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتەدی.

١- هاوولاتی هەرێم بێت و لێی نیشتەجێ بێت.

٢- دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی (کارگێڕی، دارایی یا ئابووری) هەبێت.

٣- ماوەی ١٥ سالٚ خزمەتی هەبێت، بە مەرجێك (١٠) سالٚی خزمەتی بە کردەنی هەبێت، لە بوارێکدا، کە پەیوەندی بە پسپۆڕییەکەیەوە هەبێ.

٤- نابێت بە تاوانێك یا کەتنێك حوکم درابێ.

سێیەم:

١- جێگری سەرۆکی دیوان بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق و بە راوێژکردن لەگەلٚ سەرۆکی دیوان دادەمەزرێ.

٢- بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دیوان و بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی دادەمەزرێن.

## بەشی دووەم

## ئەرك و چوارچێوەکانی کاری دیوان و ئەو لایەنانەی بەر چاودێری دارایی دەکەون.

## ئەرکەکانی دیوان

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: بۆ دلٚنیابوون لە ئەنجامی چالاکییەکانی ژمێریاریی و کارگێڕیی لە رووی یاسایی و رێنماییە داراییە پەیڕەوکراوەکان، دیوان بۆی هەیە: ١- پشکنین و وردبینی مامەلٚەکانی خەرجییەکان لە بارەی مووچە و دەرمالٚە و پاداشتەوە بکات بۆ دلٚنیابوون لە چۆنیەتی خەرجکردنیان. ٢- دلٚنیابوون لە نەبەزاندنی سنووری پشتیوانە داراییەکان لە بوودجەی پەسەندکراو. ٣- دلٚنیابوون لە بەکارهێنانی دارایی گشتی بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە، هەروەها دلٚنیابوون لە بەفیڕۆنەدانی و دەست بلٚاوی لەگەلٚ هەلٚسەنگاندنی سوودەکانی. ٤- چاودێری و هەلٚسەنگاندنی کار و چالاکییەکان بەپێی ماددەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: پشکنین و وردبینی کردنی مامەلٚەکانی خەملٚاندن و بەدەستهێنان و وەرگرتنی داهات بۆ دلٚنیابوون لە هەلٚسوکەوتە پەیڕەوکراوەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

سێیەم: پێشکەشکردنی کۆمەکی هونەریی لە بوارەکانی ژمێریاریی و چاودێری و هەموو کاروبارێکی کارگێڕی و رێکخستن کە پەیوەندییان پێیەوە هەبێت.

چوارەم: رێکخستنی خولی فێرکاریی بۆ فەرمانبەرانی دیوان و دەزگا حکوومیەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانایان و دیوان بۆی هەیە بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەرمالٚەیان بۆ دابین بکات.

پێنجەم: دیوان رای خۆی لەسەر خشتە و بەیاننامە و راپۆرتە پەیوەندیدارەکان بە ئەنجامی کار و چالاکی دارایی بۆ ئەو لایەنانە دەردەبڕێت، کە لە ژێر چاودێری دارایی دانراون لەگەلٚ دەربڕینی راوبۆچوون لە بارەی شێوازی ریکخستنی بەپێی یاساو

ڕێسای ژمێریاریی پەیڕەوکراو، بۆ دڵنیابوون لە ئاستی گونجاندنی لەگەڵ ڕاستی و گونجاندنی لەگەڵ ناوەندە داراییەکان و ئەنجامەکانی.

شەشەم: دەرخستنی بەڵگەکانی گەندەڵی و فێڵکردن و بەفیڕۆدان و خراپ بەکارهێنان و بێ توانایی لە کاروباری وەرگرتن و خەرجکردن و بەکارهێنانی دارایی گشتی لە ئەنجامی وردبینی و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی فەرمانگەکان.

حەوتەم: لێکۆڵینەوە و ئاگادارکردنەوە لەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە لێهاتوویی بەدەستهێنان و خەرجکردن و بەکارهێنانی ماڵی گشتی هەیە، وەك چۆن بە فەرمی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمان کوردستان عێراقەوە داوا کراوە.

هەشتەم: بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییە دارایی و ژمێریارییە کارپێکراوەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی و شیاوی و گونجانی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە نوێیانەی لە هەرێم ڕوویانداوە و سەرنجڕاکێشان بەرەو چۆنیەتی دەرکەوتنی کورتهێنان و پێشکەشکردنی پێشنیازی پێویست بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی پێشخستنی یا هەموارکردنی ئەو یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییانە.

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: دیوان ڕاپۆرتێکی ساڵانە پێشکەشی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران دەکات و تیایدا تێبینییەکانی خۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و کارگێڕی و ئابووری لە بواری چاودێری دارایی لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانە ڕوون دەکاتەوە کە دەکەونە ژێر حوکمی چاودێرییەوە، هەروەها ڕاپۆرتەکە کورتەیەك لە کارو چالاکییەکانی دیوان لە ماوەی ئەو ساڵەدا لە خۆ دەگرێت. دووەم: دیوان بۆی هەیە ڕاپۆرت لەسەر هەربابەتێکی گرینگ پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات کە لە بواری چاودێری و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی دارایی و کارگێڕیی و ئابووری دێتە پێشەوە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم لایەنانەی خوارەوە چاودێری دارایی دەیانگرێتەوە:

یەکەم: وەزارەت و کارگێڕییە حکومییەکان و ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە سەر بە وەزارەتەکان نین لەگەڵ ئەو لایەنانە کە بوودجەی سەربەخۆ و پاشبەندیان هەیە.

دووەم: هەموو ئەو سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوانەی کە حکوومەت مۆڵەتی پێداون.

سێیەم: هەر لایەنێکی تر کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق بڕیار دەدات بخرێتە ژێر حوکمی چاودێرییەکەی، کە لە لایەن چاودێری داراییەوە یا خود ئەوەی، کە لە یاساکانی دامەزراندنیدا هاتبێ.

## بەشی سێیەم

## تایبە تمەندی و دەسەڵاتەکانی دیوان

**مادەی یانزدەم:**

دیوان مافی بینینی هەموو ئەو بەڵگەنامە و دۆسیەی مامەڵە ئاشکرا و نهێنیانەی هەیە کە پەیوەندییان بە کاری داراییەوە هەبێ، جگە لەو بەڵگەنامانەی کە سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆك وەزیران بەدەریان دەکات، بە مەرجێك سەرۆکی دیوان ئاکادار بکرێ بۆ زانینی زانیاری و دەربڕینی ڕای خۆی لەبارەیەوە.

**ماددەی دوانزدەم:**

یەکەم: دیوان دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی دارایی بۆ کاروباری گرێبەستی گشتی و هەروەها یارمەتی و بەخشش و قەرز و ئاسانکارییەکانی حکوومەت هەیە بۆ دڵنیابوون و چۆنیەتی خەرجکردنیان بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە.

دووەم: پێویستە دەزگاکانی هەرێم هەموو گرێبەست و بەیاننامەی قەرز و بەخشەکانی کە چنگی دەکەون لە ماوەی مانگێك دا بۆ دیوانی بنێرێت بە مەبەستی بە دواداچوون و دەربڕینی تێبینی پێویست لە بارەیانەوە.

## بەشی چوارەم

## سەرپێچییە داراییەکان

**ماددەی سێزدەم:**

یەکەم: ئەم کار و ڕەفتارانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بە سەرپێچی دارایی دادەنرێن:

١- پابەند نەبوون بەیاساو بڕیارو پەیڕەو و ڕێنمایی و بەیانە داراییەکان.

٢- پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی نواندن، کە دەبنە هۆی لە دەستچوون و بە فیڕۆدانی دارایی گشتی یاخود زیان گەیاندن بە ئابووری نیشتیمان.

٣- پێشلکردنی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت یاخود هەریاسایەکی دیکە کەکاری پێدەکرێت، ئەگەرلە ئەنجامدا زیانی بەدارایی گشتی گەیاند.

٤- شاردنەوەی پەڕاو و دیکۆمێنت و ئەو تۆمارانەی، کە بۆ کاری چاودێری و وردبینی پێویستن بە بێ بوونی پاساوی گونجاو.

٥- وەڵام نەدانەوەی نووسراوەکانی دەسەڵاتی چاودێری و سەرپێچی و تێبینیەکانی و لەبەرچاونەگرتنیان.

٦- ئەنجامنەدانی کاری پێویست سەبارەت بەیەکلاییکردنەوەی ئەو سەرپێچییانەی، کە لە ڕاپۆرتەکانی دیواندا هاتوون.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەو لایانانەی کەسەر بە چاودێری دیوانن لە حاڵەتەکانی (تزویر و اختلاس) و ئەو سەرپێچییە داراییانە ئاگاداری بکەنەوە کەلە برگەکانی (١ و ٢)ی بەندی یەکەم لەم ماددەیەدا هاتوون، ئەمەش لەکاتی ئاشکرابوونی بەبێ ئەوەی ئەو ئاگادارکردنەوەیە ببێتە هۆی هەڵنەسانی ئەو لایەنانە بە کاری پێویست، هەروەها پێویستە دیوان لەئەنجامی لێکۆلینەوە لەو سەرپێچیانە ئاگادار بکاتەوە بە پێچەوانەوەش بە سەرپێچی ئەم یاسایە دادەنرێت.

## بەشی پێنجەم

## دەستەڵات و ئەرکەکانی ئەنجوومەنی چاودێری دارایی

**ماددەی چواردەم:**

ئەنجوومەنی چاودێری ئەم کارانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: دانانی بنچینە و پلانی کارکردن لە دیوان و شێوازەکانی جێبەجێکردنیان.

دووەم: دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکان، کە ئەرکی چاودێری و وردبینی گەرەکیانە.

سێیەم: دەستنیشانکردنی خاڵەکانی کاری فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوان و ڕێسای ڕێکخستنیشی بە پەیڕەوێکی ناوخۆیی دەبێت.

چوارەم: دەستنیشان کردنی چوارچێوەی گشتی بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوان.

پێنجەم: تاووتوێکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو تێبینی و ڕێنمایی و پێشنیاز و رایانەی لە ڕاپۆرتە ساڵانەییەکەی دیواندا هاتوون بەر لە دەرچوونیان و لەوەشدا بۆی هەیە دەسەڵات بە یەکێك لە ئەندامەکانی یاخود فەرمانبەرەکانی دیوان لەو پسپۆڕییەدا بدات.

شەشەم: ڕێکخستنی خولی لێکۆڵینەوەی پراکتیکی بۆ فەرمانبەران و ئەنجوومەن بۆی هەیە ئەو دەرماڵە بڕیار لێدراوانە بدات بەوانەی کە بەشداری تێدا دەکەن.

حەوتەم: لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەوانەی سەرۆکی دیوان یاخود هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن لـە قەزیـەکان دەیخاتـە بـەردەمی بڕیار و ڕاسپاردە لە بارەیانەوە وەردەگرێت.

هەشتەم: ئامادەکردنی بوودجەی ساڵانەی دیوان و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی بۆ دانانی لەناو بوودجەی گشتی هەرێم دا.

نۆیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش لە ناو پێکهاتەی دیـوان بکاتـەوە یـاخود هەڵیانوەشـێنێتەوە بـەپێی پێویستی کار.

دەیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە چاودێری لەسەر مامەڵەکان ئەنجام بدات بەر لەوەی بە قۆناغەکانی کۆتایی بگات.

یازدەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە چالاکییەکانی فەرمانگە وردبینیەکان هەموار بکات و دووبارە بەپێی پێویستی کـار دابەشـیان بکاتەوە.

دوازدەم: لێکۆڵینەوە لە هەموو ئـەو ڕاپـۆرت و بابەتانـەی بـۆ دیـوان لـە لایـەن سـەرۆکی هـەرێم یـان سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نیشتمانی یاخود سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەوانـە دەکـرێن بـۆ وەرگـرتنی بڕیـار و ڕاسـپاردە و پێشـنیازی پێویسـت لـە بارەیانەوە.

**ماددەی پازدەم:**

یەکەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە ئەم دەرماڵانەی خوارەوە بە فەرمانبەرانی دیوان بدات.

١- دەرماڵەی چاودێری، ڕێژەکەی لە ٥٠٪ ی مووچەی فەرمانبەر ڕەتنەکات.

٢- دەرماڵەی ترسناکی و ئەرکی تایبەتی ڕێژەکەی لە ٧٥٪ی مووچەی ئەو فەرمانبەرانـە ڕەتناکـات، کـە کـاری چـاودێری و وردبینی دەکەن و لە کاتی کارەکەیاندا تووشی مەترسی دەبن.

٣- دەرماڵەی شوێنی جوگرافی، ڕێژەکەی لە ٣٠٪ ی مووچەی ڕەت نەکات.

٤- دەرماڵەی قەدەغەکردنی دەستدانە پیشە لە پاش دەوامی فەرمی بە مەرجێ ڕێژەکەی لە ٥٠٪ ی مووچە ڕەتنەکات.

دووەم: ئەم دەرماڵانەی سەرەوەش پەیوەندی بەو دەرماڵانەوە نییە کە بە شێوەی گشتی بە فەرمانبەرەکان دەدرێن.

سـێیەم: ئەنجوومـەن بـۆی هەیـە پێشخسـتن (قـدم) لـە سـاڵێك تێنەپـەڕێت لـە هـەر پلەیـەك بـۆ مەبەسـتی سـەر مووچـە و بەرزکردنـەوەی فەرمانبـەرانی دیـوان بـدات کـە توانایـەکی بـەرزیان هەیـە یـاخود هـەوڵێکی لـە ڕادەبـەدەر دەدەن بـەپێی ئـەو ڕێنماییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

## بەشی شەشەم

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دیوان

**ماددەی شازدەم:**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بۆ زامنکردنی ئەو ڕێکارانەی کە ئەنجامی کارەکانی چاودێری دارایی لێدەکەوێتـەوە، سەرۆکی دیوان ئەم تایبەتمەندیی و دسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: لێکۆڵینەوە لە سەرپێچییە داراییەکان و داوای پێشکەشکردنی هەر ڕوونکردنەوەیەك یـا خـود زانیارییـەك لـەوەی کـە دەزانێ ئەگەری ئاشکراکردنی سەرپێچییەکە لەسەر لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵی وەستاوە، چ جای کارمەندی فەرمانگە یا هی دیکە بێت.

دووەم: دەستکێشانەوەی فەرمانبەر لە کارەکەی هەر کات سەلامەتی لێکۆڵینەوە و چاودێری پێویستی کرد یاخود لـە کـاتی دەرکەوتنی سەرپێچی یا تاوانێکی دارایی یان کارێکی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە یاخود یاساو پەیڕەو و ڕێنمایی دارایـی پەیرەوکراو بێ.

سێیەم: سەرۆك بۆی هەیە داوا لە وەزیری تایبەتمەند بکات سەرپێچکەر (سەرپێچییەکی دارایی) بنێرێت بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە وەزارەتەکەی پێکدێت یاخود سزای کارگێڕی بەسەردا بسەپێنرێت.

چوارەم: سەرۆك بۆی هەیە لەو کێشانەی کە لێکۆڵینەوەیان تێدا کۆتایی هاتووە داوا لە وەزیری تایبەتمەند بکا فەرمانبەر ئەو زیانە بژمێرێت کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی یاخود سەرپێچیکردنی یاساو پەیڕەو و ڕێنماییە باوەکان بە فەرمانگەکەی گەیاندووە.

پێنجەم: داوا لە وەزارەتی تایبەتمەند یان لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت داوای مەدەنی بەو سەرپێچییە داراییانەوە بە دواداچوونی لە دادگای تایبەت تۆمار بکات، پێویستە دیوان زانیاری بە لایەنی پەیوەندیدار لە بارەی ئەو سەرپێچییانەوە بدات لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە، ئەمە بە سەرپێچییەکی دارایی لەسەر وەزارەتی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێ و سەرۆکی دیوان بۆی هەیە ئەمە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕابگەیەنێ.

شەشەم: سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بە هۆی داواکاری گشتییەوە داواکاری یاسایی بەسەر ئەنجامدەرانی تاوانی دارایی تۆمار بکات ئەگەر وەزارەت دەستی بەو کارە نەکرد.

حەوتەم: سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بانگهێشت یان میوانداریی هەر لایەنێك بکات کە سەر بە چاودێری دیوان بێت بۆ ئامادەبوونی کۆبونەوەکانی ئەنجوومەن لەو کاروبارانەی کە پەیوەستن پێیانەوە.

هەشتەم: سەرۆکی دیوان بۆی هەیە داوای فەرمانبەرانی دەوڵەت یاخود شارەزایان لە کاتی پێویستدا بەو شێوەی کە بە پەسەندی دەزانێ بۆ بەشداریی پێکردنیان لە کاری چاودێری و بۆی هەیە پاداشت و کرێیان بەرامبەر بەو خزمەتگوزاریانە بەپێی یاساو ڕێنماییە پەیڕەوکراوەکان بۆ خەرج بکات .

**ماددەی حەڤدەم:**

ئەگەر ناکۆکییەك کەوتە نێوان دیوان و یەکێك لەو لایەنانەی سەر بە چاودێرین و ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا یەکلانەکرایەوە، سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بابەتەکە بخاتە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە.

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی هەژدەم:**

یەکەم: بەر لەوەی سەرۆکی دیوان کار و دەسەڵاتە بڕیارلێدراوەکانی بەپێی ئەم یاسایە وەرگرێ، لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان_ عێراق ئەم سوێندە دەستوورییەی خوارەوە دەخوات. (سوێند دەخۆم بە خوای مەزن، کار و فەرمانەکانم بە ڕاستی و بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان بە ئەمانەت و بە دەستپاکی و بێلایەنی پیادە بکەم و سەربەخۆیی دیوان و بێلایەنی و شکۆمەندییەکەی بپارێزم و نهێنیەکانی کار بپارێزم و ڕێز لە بنچینە ڕەوشتییەکان و پیشەییەکان بگرم کە کاروباری فەرمان و پیشەکە ڕێکدەخەن و پێیانەوە پابەندبم و خوا لەسەر ئەوەی دەیڵێم شاهیدە).

دووەم: جێگری سەرۆکی دیوان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و یاریدەدەرەکانیان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و سەرۆکەکانی دەستە چاودێرییەکان ئەو سوێندە یاساییە لە بەردەم ئەنجوومەنی چاودێری دەخۆن، کە لە برگەی (یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە بەر لە دەست پێکردنی کارەکانیان. کە خۆ بەستنەوە بە پرنسیپەکانی پیشەی چاودێری و جێبەجێکردنی بە جۆرێکی بێلایەنی و ئاشکراکردنی هەرچی پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی پایەی چاودێری لە هەرێمدا دەگرێتەخۆ.

**ماددەی نۆزدەم:**

هەر یەك لە سەرۆكی دیوان و جێگرەكەی و سەرۆكی فەرمانگەكان و سەرۆك و ئەندامانی دەستەكانی چاودێری خۆیان بۆ ئەرك و كاری فەرمانەكەیان تەرخان دەكەن و هەموو ئەركێكیان بۆ كار و فەرمانەكانیان تەرخان دەكەن و نابێ كار لە پیشەو كارێكی دیكەدا بكەن جگە لە كتێب دانان و بڵاوكردنەوەی و وانەبێژی.

**ماددەی بیستەم:**

یەكەم: نابێ بەدواداچوونی یاسایی دەرهەق سەرۆكی دیوان بكرێ، مەگەر لە دوای وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان– عێراق بێ، سەبارەت بەو رەفتارە فەرمییانەی ئەنجامی دەدات لە كاری چاودێری و وردبینیدا.

دووەم: نابێ بە دواداچوونی یاسایی بەرامبەر جێگری سەرۆكی دیوان و سەرۆكی فەرمانگەكانی وردبینی لە سەر رەفتارە رەسمییەكانیان لە بواری چاودێری و وردبینی بكرێ پێش وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆكی دیوان و بە ئاگاداری سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان_عێراق.

**ماددەی بیست و یەكەم:**

یاساكانی خزمەتی مەدەنی و میلاك و بەرزەفتكردنی فەرمانبەران دەرهەق بە فەرمانبەرانی دیوان جێبەجێ دەكرێن بە مەرجێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك نەبن.

**ماددەی بیست و دووەم:**

یەكەم: پێكهاتە و فەرمانگەكانی دیوان و ئەركەكانیان و تایبەتمەندییەكانیا بە پەیڕەوێكی ناوخۆ دیار دەكرێ كە لە دیوانەوە دەردەچێت.

دووەم: سەرۆكی دیوان بۆی هەیە بەرەزامەندی ئەنجوومەن، رێنمایی ئاسانكاری جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

سێیەم: یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٠ و پەیڕەوی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢١٢) ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

كار بە هیچ دەقێك ناكرێ ئەگەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) دا جێبەجێ دەكرێ.

ئەم یاسایە لە ٢٣ ی گوڵانی ٢٧٠٨ ی كوردی بەرامبەر ٨ ی جمادی یەكەم ١٤٢٩ ی كۆچی و بەرامبەر ١٣ ی ئایاری ٢٠٠٨ ی زاینی لە هەولێر دەرچووە.

**هۆكارە پێویستییەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە:**

لە پێناو پاراستنی دارایی گشتی و بۆ پتەوكردنی پرنسیپی روونی و كارایی دەوری چاودێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان عێراق و لە پێناوی سەلامەتی سیستەمی دارایی و خەرج كردنی خەرجییەكان لەو لایەنانەی بۆیان تەرخان كراوە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

# یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠

**ماددەی یەکەم:**

ئەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەبەخشن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم:هەرێم: هەرێمی کوردستان–عیراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.

سێیەم:دەستە: دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ لە هەرێمدا.

چوارەم:ئەنجومەن: ئەنجومەنی دەستە.

پێنجەم:سەرۆك: سەرۆكی دەستە.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان– عێراق) دا، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لەچوار چێوەی بودجەی گشتی لە هەرێمدا، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

دووەم: بارەگای سەرەکی دەستە لە پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمدا دەبێ و نوسینگە لە ناو پارێزگاکانی دیکەدا دەکاتەوەو بۆشی هەیە نوسینگە لە قەزاو ناحیەکانیشدا بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجی دەستە پارێزگاریکردنە لە مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردنی و داکۆکی کردن لێی لەهەموو لایەنەکانەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، لەگەڵ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ.

**ماددەی چوارەم:**

دەستە ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم:راو راوێژی خۆی سەبارەت بەمەسەلەکانی پەیوەست بە ماف مرۆڤ پێشکەش دەکات و راسپاردە بۆ وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەرێم بەرز دەکاتەوە.

دووەم: لە رێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناکانی هاوکاریی کۆمەلایەتیەوە، رۆشنبیری ماف مرۆڤ و مەسەلەکانی ژنان و مندالان بلاو دەکاتەوە.

سێیەم: چاودێری گونجانی یاساکاری هەرێم، لەگەڵ پرەنسیپەکانی ماف مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان و پێشکەشکردنی پێشنیاز لەبارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات.

چوارەم: هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبوونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا، بەحوکمەکانی بەڵگەنامەو بەندە تایبەتەکانی ماف مرۆڤ و هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتییە تایبەتەکەی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و مافە رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابورییەکانەوە، لەگەڵ دەرخستنی ئەو پێشێلکاریانەی کە دوور نییە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا ببن.

پێنجەم: ئامادەکردنی لێکۆلینەوەو توێژینەوەی خولاو خول و دەرچواندنی بلاوکراوەو چاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشتر کردنی ماف مرۆڤ لە هەرێمدا لەگەڵ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت لەبارەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ.

شەشەم: سەردان و چاودێریکردنی بەندیخانەکان و بنکەکانی چاکسازی کۆمەلایەتی و دەستبەسەر و بنکەکانی لێپێچینەوە و ئامادەکردنی راپۆرتی خولاو خول دەربارەی بەندییەکان و سپێردراوان بە چاکسازی کۆمەلایەتی و دەستبەسەران.

حەوتەم: وەرگرتنی سکالاٰ لە خەلك و لە کۆمەلەو رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و دلنیابوون لە راستییان و ئاگاداری داواکاری گشتی بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکانی دەکات.

هەشتەم: هاوکاری لەگەل رێکخراوەکانی ماف مرۆڤ و رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەلگای مەدەنیدا دەکات لە هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش، هەروەها لەگەل کۆمەلە هزری و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانیشدا و ئەلقەی لێتوێژینەوەش لەگەل هاوولاتیان لە هەرێمدا بەجۆرێك رێك دەخات، کە رۆشنبیری پابەند بوون بەبەندە یاساییەکان و رێککەوتنە نێودەولەتیەکانی مەسەلەکانی مافی مرۆڤەوە زامن بکات، لەپێناوی سەروەری یاساو رێزگرتنی ماف مرۆڤدا.

نۆیەم: لەگەل رێکخراوە تایبەتمەندەکانی مەسەلەی ماف مرۆڤ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا هاوکاری و هاودەنگی دەکات بەئامانجی نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەو کۆنگرەکانی تایبەت بە ماف مرۆڤ.

دەیەم:

أ–راپۆرتی سالانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی واقیعی ماف مرۆڤ لە هەرێمدا و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەرز دەکاتەوە، لەگەل پیشناندانی راسپاردەی بە کردار بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ماف مرۆڤ لە کوردستان.

ب–راپۆرتی خولاو خول لەبارەی بارودۆخی ماف مرۆڤ بە پەرلەمانی کوردستان دەدات و لە دەزگاکانی راگەیاندندا بلاوی دەکاتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: سەرۆکی دەستە خۆی سەرۆکی کارگێری دەستەکەیەو بەرپرسی راستەوخۆیە لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی و بەپێی یاساش لەوەوە ئەو بریار و فەرمان و رێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندیان بە کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێرییەکانەوە هەیەو، نوێنەرایەتی دەستەش لەلایەنە حکومی و دامودەزگاو دەستەکانی دیکەی پەیوەندیدار لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا دەکات.

دووەم: سەرۆکی دەستە لەسەر پالاوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی تایبەت دادەمەزرێ و فەرمایشتی (مرسوم)ی هەرێمی بە دامەزراندنەکەی دەردەچێ پاش پەسەند کردنی پەرلەمان لەسەر پالێوراوەکە بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبوان و ماوەی سەرۆکایەتیەکەشی چوار سالەو بۆ یەکجار تازە دەکرێتەوە.

سێیەم: مەرجە ئەوەی بە سەرۆکی دەستە دادەمەزرێ:

١–خەلکی هەرێم بێت و لێی نیشتەجێ بێت.

٢–بەلایەنی کەم بروانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ و لەبواری مافەکانی مرۆڤ لێهاتوو و شارەزا بێ.

٣–خورەوشتی باش بێ و بەتاوانێك یا کەتنێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێ.

٤–بەلێنامەیەکی دەستنوس پێشکەش بکات کە لەماوەی فەرمانبەرێتیەکەیدا حزبایەتی نەکات.

٥–بەشداری لەو تاوانانەدا نەکردبێ کە دەسەلاتە داپلۆسێنەرەکان ئەنجامیان دابێ.

**ماددەی شەشەم:**

سەرۆك و ئەندامانی دەستە ئەم سوێندە یاساییە لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریدا دەخۆن:

((سوێند بە خودای مەزن دەخۆم کە ئەرکە یاسایی و پیشەییەکانم بە راستگۆیی و ئەمانەت و دلسۆزییەوە ئەنجام بدەم و بە سەربەخۆیی و بێ لایەنییەوە ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەم کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ پێم دەسپێردرێ)).

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێك دێت و هەر فەرمانگەیەکیش فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت لەبواری پسپۆری فەرمانگەکەدا و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەدەن.

١–فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی: بەدواداچوونی کاروباری فەرمانبەرانی دەستەکەو ئەوەی پەیوەندی بە بودجەی مولك و سامانی دەستەکەوە هەیە دەکات، هەروەها بەدواداچوونی ڕەخساندنی کارەکانی دەکات.

٢–فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی ماف مرۆڤ: وەرگرتن و بەدواداچوونی ئەو سکاڵایانە دەکات کە لەلایەن خەلك و دام و دەزگا و ڕێکخراوەکان و لایەنەکانی ترەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ پێشکەش دەکرێت و سەردانی گرتووخانە و بنکەکانی دەستبەسەراگرتن دەکات و لە ڕاستی پێشێلکارییەکانی بابەتی ماف مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو ئەنجامەکەی بۆ ئەنجومەنی دەستە بەرزدەکاتەوە، هەروەها لەو یاساکاریانەش دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیان بە ماف مرۆڤەوە هەیەو لەبەر ڕۆشنایی پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی ماف مرۆڤ لێی دەکۆڵێتەوەو لەبارەیەوە پێشنیاز بە ئەنجومەنی دەستە دەدات.

٣–فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن: لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی ناو دەستەکەو ئەو داواکاریانەش کە لە ئەنجومەنی دەستە یان لەسەرۆکی دەستەکەوە لەم بارەیەوە پێ دەگات، هەماهەنگی دەکات و بەدوای ئەو شتانەدا دەچێت کە لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندندا لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە بلاودەکرێتەوە، لە بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنی کۆنگرەو نەدوەکانی پەیوەندیداریشدا بەشدار دەبێت.

٤–ڕاوێژکاران ژمارەیان لە دوو زیاتر نابێ و دەبێ شارەزاو پسپۆر بن لەبواری ماف مرۆڤدا.

٥–دەستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی دەبێ کە لە سەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دەستەو ڕاوێژکاران پێك دێ.

دووەم: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە بەپێی پێویستیەکانی کار و پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی دەستە بەشەکانی دەستە لەنوێ دابمەزرێنێ یا لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

سێیەم: ئەنجومەنی دەستە لەمانە پێك دێ:

١–سەرۆکی دەستە/ سەرۆك.

٢–بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی ماف مرۆڤ/ بڕیاردەر.

٣–نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران پلەکەی لە پلەی تایبەت کەمتر نەبێ/ ئەندام.

٤–نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری/ ئەندام.

٥–نوێنەری داواکاری گشتی/ ئەندام.

٦–دوو ئەندام لەوانەی کە کاری دادوەری یا یاسادانان یا یاساییان بۆ ماوەیەك کردبێ کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

چوارەم: مسۆگەر کردنی بەشداری کردنی ئافرەت لە ئەنجومەنەکەدا.

پێنجەم: ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوەو سەرۆکیش لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوەی لەناکاو بکات و بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان وەردەگیرێ و لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە سەردەکەوێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵدا داوە.

شەشەم: سەرۆك بۆی هەیە نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەکان بانگ بکات بەبێ ئەوەی ماف دەنگدانیان هەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: پەرلەمان چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی دەستە دەکات بە پشت بەستن بە حوکمەکانی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ.

دووەم: سەرۆك بە بڕیارێکی هۆدار لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان لادەبرێت ئەگەر سەلمێندرا کە لێهاتوویی نیە.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانەیە کە بە وەزارەتەوە نەلکاون و گشت دەستە سەربەخۆکانیش بەڵگەنامەو بەیانات و ئامار و زانیاری پەیوەست بەو کار و ئەرکە پیشەییەی دەستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێشکەش بکەن و لەسەر دەستەشە لە حاڵەتی پابەند نەبوونی لایەنە ناوبراوەکاندا پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

حیساب و حیسابکاری دەستەکە دەکەوێتە ژێر وردبینی و ڕقابەی دیوانی ڕقابەی دارایی هەرێمەوە.

ماددەی یازدەم:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووانزەهەم:**

یەکەم: هەموو ماف و کەرەستەو کەل و پەل و پەیوەستیەکان بە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دەستەیە.

دووەم: پڕکردنەوەی میلاکاتی دەستەکە لە کارمەندانی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە دەبێت.

سێیەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە دژ بێت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سیانزەهەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چواردەهەم:**

ئەم یاسایە لە بەرواری بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

**محمد قادر عبدالله**
**( د.کەمال کەرکوکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

## هۆکارە پێویستیەکانی دەرچواندنی

بۆ زامن کردنی پاراستن و پتەو کردنی ڕێزی مافی مرۆڤ و ماف و ئەو ئازادییانەی کە لە دەستوور و یاسا بەرکار و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی و پرۆتۆکۆڵە پەیوەستەکان پێیانەوە هاتووە، هەروەها پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی دیکەی پەیوەست بە مافی مرۆڤ کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە پەسندکراوەو لەبەر ئەوەی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە و پێوەرێکیشە ئەشێ هەڵوێستی کۆمەڵگاو حکومەتەکانی پێ بپێورێ و بەها و ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ بچەسپێ و گەشە و پەرەی پێ بدرێ، لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان– عیراق ڕێگای پێشکەوتنی بەجۆرێك هەڵبژاردووە کە مافی هاووڵاتیانی کوردستان زامن بکرێ و بۆ دووپات کردنەوەی ئەم ڕێبازەش ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.

## پاشكۆی ژماره (٣)

# یاسای دەستەی گشتی دەسپاكیی هەرێمی كوردستان
# ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠١١

### بەشی یەكەم
### پێناسە و دامەزراندن و ئامانجەكان

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم وشانەی دادێن، واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەكەم**: هەرێم : هەرێمی كوردستان – عێراق.

**دووەم**: پەرلەمان : پەرلەمانی هەرێم.

**سێیەم**: حكومەت: حكومەتی هەرێم.

**چوارەم**: دەستە: دەستەی گشتیی دەستپاكی لە هەرێمدا .

**پێنجەم**: سەرۆك : سەرۆكی دەستەی گشتیی دەستپاكی لە هەرێمدا.

**شەشەم** : ئەنجومەنی دادوەری : ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا .

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی گشتیی دەسپاكیی هەرێمی كوردستان – عێراق) دادەمەزرێت، خاوەن كەسایەتییەكی مەعنەوی سەربەخۆ دەبێت و لەژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت و لەنێو بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانكراوی (تخصیصات)دەبێت".

**ماددەی سێیەم:**

**یەكەم**: جێگیر كردنی میكانیزمێكی كارا بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەریی یاسا.

**دووەم**: نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و پشتیوانی كردن لە بنەمای شەفافیەت و تۆكمە كردنی لەنێو تێكرای دەزگاكانی هەرێمدا، لە رێی رێكارە یاساییەكانەوە.

**سێیەم**: پیادەكردنی رێكاری پێویستی یاسایی بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی.

**چوارەم**: پشت بەستن بە پێوەری بابەتی بۆ هەڵسەنگاندنی كار و پەرەپێدانی لە راژەی گشتیدا و لەناوبردنی رۆتین.

**پێنجەم**: جێگیر كردن و هەڵسەنگاندنی رەفتاری وەزیفی و لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریەتی لەكاتی بەجێ گەیاندنی راژەی گشتی، بەگوێرەی ئەو یاساو رێكارانەی گەندەڵی حەرام دەكات.

**ماددەی چوارەم:**

حوكمەكانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بە سەر:

یەكەم: سەرۆكەكانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ كردن و دادوەری و ئەندامانیان و ئەوانەی كاریان تێدا دەكەن.

دووەم: لایەنەكانی كەرتی تایبەت كە وەك كەس و كۆمپانیا كە لەگاڵ وەزارەت و دەزگاكان و تێكرای فەرمانگەكانی هەرێمدا گرێبەستیان كردوو.

سێیەم: ڕێکخستنە سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوی ناحکومی و نێودەوڵەتی کە لە هەرێمدا کار دەکەن، یەکێتی و کۆمەڵە و یانەکان، هێندەی پەیوەندیان بەم کاروبارانەی خوارەوەدا هەبێت:

١-یاسایەتی سەرچاوەکانی پارەدان و بەخشین .

٢-جۆری خەرج کردن بە گوێرەی ئەو ڕێسایانەی لە خەرج کردندا پەیرەو دەکرێن.

٣-ڕەچاو کردنی پەیڕەی ناوخۆی تایبەت بە خۆیان و سەرپێچی نەکردنی .

## بەشی دووەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم**: جێ بەجێ کردن و پیادەکردنی یاساکانی نەهێشتنی گەندەڵی و پێوەرەکانی ڕاژەی گشتی بەپێی دەستور و یاسا کار پێکراوەکان.

**دووەم**: لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی گەندەڵی و ڕەوانە کردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند و بەدواداچوونیان.

**سێیەم**: وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان ، ئەوانەی پەیوەندییان بە گەندەڵی و لایەنانی جیاجیاوە هەیەو لێکۆڵینەوە کردن تێیاندا.

**چوارەم**: پاراستنی نهێنی ناسنامەی هاریکاران بە گوێرەی یاسا.

**پێنجەم**: بلاوکردنەوەی کولتورێکی نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی ڕەوشتی دەستپاکیی کەسی و پەیوەست بوونی خودی بە پێوەرەکانی ڕاژەی گشتی و کار لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەندا دەکات، لەپێناو دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنی نیشتمانی بۆ پالپشتی کردن لە چەمکی دەسپاکی گشتی.

**شەشەم**: دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ڕێساکانی ڕەفتاری وەزیفی بۆ ڕوون کردنەوەی پێوەری ڕاژەی گشتی و ڕەوشتەکانی، کە دەبێ فەرمانبەرانی هەرێم پێوەی پەیوەست بن، بەو پێیەی مەرجێکە بۆ دامەزراندن و بەردەوام بوون لە ڕاژەو چاودێری کردنی ئاستی پەیوەست بوون پێیانەوە، ماوە نا ماوەش بەپێی پێویست هەموار دەکرێت.

**حەوتەم:**

١–دەرکردنی ڕێنمایی بە گوێرەی ڕێساکانی وەدەستهێنانی ناڕەوا، کە بەدەق لەبەشی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، کە فەرمانبەرانی هەرێم و هاوسەران و منداڵانی ناکامیان پەیوەست دەکات، بەرژەوەندی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن، ماوە ناماوەش بە گوێرەی ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەو مەبەستانەی لێی چاوەڕوانی دەکرێت، هەموار دەکرێت.

٢–ئاشکراکردنی بەرژەوەندی دارایی بریتییە لە داتای ورد سەبارەت بە سامانی ڕاسپێردراو (المكلف) لە خانوبەرەو گواستە (المنقولە) و داهاتی دارایی و ڕەسیدی نێو بانك و پشك و سەنەد و ماف مەعنەوی لەنێو هەرێم و دەرەوەیدا.

٣–ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی دارایی ئەمانە دەگرێتەوە:

ا–سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب–سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامان..

ج–سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی.

د–وەزیران و ئەوانەی لەپلەی وەزیردان و بریکاری وەزارەتەکان.

هـ–سەرۆکی دەستەی گشتی دەسپاکی و جێگرەکەی و هەموو بەرێوەبەرانی گشتی دەستەو لێکۆڵەرەوانی.

و–خاوەن پلەکانی تایبەت و بریکار و یاریدەدەرانیان.

ز–بەڕێوەبەرانی گشتی و یاریدەدەرانیان.

ح–دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی داد و لێکۆلەرەوان.

ی–سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان و سەرۆکی شارەوانیەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی.

ك–هەر کەسێك کە لە پۆستێکی مەدەنی یا سەربازیدایە، لەوانەی پێشتر (لەسەرەوە) ناویان نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی دەزانێت راپۆرتی ئاشکراکردنی دارایی بیگرێتەوە، بە گوێرەی ڕێنماییەك کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

**هەشتەم:**

١–دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار راسپێرێت، دەستی ئەو فەرمانبەرە بکێشێتەوە کە لەژێر لێکۆلینەوەدایە، بەگوێرەی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ ی کار پێکراو لە هەرێمدا.

٢–دەستە بۆی هەیە ئەو پێشێلکاریانەی پەیوەندیان بە پێوەرەکانی راژەی گشتیەوە هەیە، رەوانەی لای سەرۆکی ئەو فەرمانگە حکومییە بکات کە فەرمانبەری سەرپێچیکار سەر بە ئەوێیە، بۆشی هەیە راسپاردەیەك هاوپێچ بکات بۆ گرتنەبەری رێکاری بەرزەفتانەو دادوەریانە.

**نۆیەم:**

١–دەستەی چاودێریی هەلسوراندنی سامانی هەرێم و شێوازی بەرێوەبردنی دەکات، بەهاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار.

٢–چاودێرییەکە، یاسایی بوونی بڕیار و کاری وەزارەت و فەرمانگەو دەستەکانی ژێر چاودێری و رادەی دەسپاکیان، دەگرێتەوە.

٣–دەبێ ئەو لایەنانەی لەژێر چاودێریدان، لەسەر خواستی دەستەو بێ دواکەوتن، زانیاری و روون کردنەوەو دۆکیۆمێنت (مستند) و بەلگەنامەکان پێشکەش بە دەستە بکەن، لە نێویشیاندا ئەوانەی نهێنین کە پلەی نهێنیان هەر چیەك بێت، هەر شتێکی دیکەش کە دەستە بەمەبەستی چاودێری، بینینیان بە پێویست دەزانێت.

## بەشی سێیەم
## هەڵبژاردنی سەرۆکی دەست و ئەرك و پێکهاتەکانی دەستە

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم**: پەرلەمان هەڵبژاردنی سەرۆکی دەست بە دەنگدانی نهێنی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لە نێو سێ کاندیددا دەگرێتە ئەستۆ، کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا کاندیدیان دەکات. هەڵبژێردراو بە مەرسوومێکی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت. لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی یەکێك لە کاندیدەکان بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، هەڵبژاردن لە نێوانی ئەو دوو کاندیدەی کە زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوە، دووبارە دەکرێتەوە، سەرکەوتووش ئەوەیە کە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت.

**دووەم**: کاندید بۆ پۆستی سەرۆك، سەرباری مەرجەکانی گستیی وەزیفە، مەرجە ئەمانەی دادێشی تێدا بێت:

١ -بە بەند کردن حوکم نەدرا بێت لەسەر تاوانی ناکۆك بە شەرەف

٢ -خاوەن شیاوی و دەستپاکی و بێلایەنی بێت .

٣-بەشدار نەبوو بێت لەو تاوانانەی رژێمی بەعس پلانی بۆ دارشتبن یان جێبەجێی کردبن یان کردوونی.

٤ - بڕوانامەی زانکۆیی لە یاسادا بەدەست هێنابێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری کارەکەیدا بۆ ماوەیەك کە لە پازدەساڵ کەمتر نەبێت سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە و دوو ساڵ لەو ماوەیەش کەم دەکرێتەوە سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی ماجیستێریان لە یاسادا بە دەست هێناوە و پێنج ساڵیش سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان لە یاسادا بە دەست هێناوە و ماوەی کورتی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی هەر یەك لە دوو بڕوانامەکە بە ماوەی کار کردن بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم** : داواکاریی دامەزراندن، لە پاش ڕاگەیاندنی پۆستەکە، پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت، کە ژیاننامە و بەڵگەنامەی تایبەت بە دامەزراندنیش هاوپێچی دەکرێت.

**دووەم**: ئەنجومەنی دادوەری ئەرکی هەڵبژاردنی سێ لە دواکارانی دامەزراندن دەگرێتە ئەستۆ، بە مەبەستی کاندیدکردنیان بۆ پۆستی سەرۆك، تا پەرلەمان ئەرکی هەڵبژاردنی یەکێکیان، بە گوێرەی ماددەی ( شەشەم/یەکەم)ی ئەم یاسایە بگرێتە ئەستۆ.

**سێیەم**: ماوەی خزمەتی سەرۆك چوار ساڵە و بۆ یەك جار قابیلی تازە کردنەوەیە، بە هەمان ئەو ڕێکار و بنەمایانەی بە دەق لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**چوارەم**: ڕێکاری یاسایی دەگیرێتە بەر دەرهەق بە سەرۆك لە کاتی سەرپێچی کردنی لەوەی پەیوەندی بە کاری وەزیفی ئەوەوە هەیە بە گوێرەی یاسا، لە پاش وەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختە لە پەرلەمان.

**پێنجەم**: بە بڕیاری پەرلەمان لە یەکێك لە م حاڵەتانەی دادێ سەرۆك لە پۆستەکەی لا دەدرێت:

١-ئەگەر بڕیارێکی دادوەری یەك لاکەرەوە دەرچوو بە تاوانبار کردنی بە ئەنجامدانی تاوانێك یا کەتنێکی ئابڕووبەر.

٢-ئەگەر کەمتەرخەمی یان بێ باکییەکی مەزن لە بەجێ گەیاندنی کار و ئەرکەکەیدا سەلمێندرا.

٣-خراپ بەکار هێنانی دەسەلات.

**شەشەم**: بڕیاری لادان هەردوو حاڵەتی (٢،٣)لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە، بە پێی ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەردەچێت، کە بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامێتیی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و دادوەرێکی دادگای پێداچوونەوە(تەمییز) پێك دێت.

**ماددەی هەشتەم:**

بەر لەوەی سەرۆك ئەرك و دەسەلاتە بڕیار لێدراوەکەی بە گوێرەی ئەم یاسایە بگرێتە دەست، لەبەردەمی پەرلەماندا ئەم سوێندە یاساییە دادێ دەخوات:

(سوێند بە خودای مەزن دەخۆم کە ئەو ئەرکەی پێم سپێردراوە بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و دەستپاکی و بێلایەنی و دڵسۆزییەوە بەجێی دەگەینم و بە ئەمانەتەوە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی) پیادەکەم.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم**: دەستە ئەنجومەنێکی دەبێت و پێك دێت لە:

١-سەۆرکی دەستە – سەرۆك.

٢-جێگری سەرۆك – جێگری سەرۆکی دەستە ولە کاتی ئامدە نەبووینیدا جێی دەگرێتەوە .

٣-بەڕێوەبەرانی گشتی دەستە – ئەندام.

٤-ژمارەیەك شارەزا لە کارمەندانی دەستە یان لە دەرەوەی، کە ژمارەیان لە سێ زیاتر نەبێت، بەشداری لە کۆبەونەوە و گفتوگۆیەکانی ئەنجومەندا دەکەن، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**دووەم**: دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن:

١-ئامادەکردنی بودجەی دەستەو دیاریکردنی میلاکەکەی و دانانی خشتی مووچەی فەرمانبەر و کارمەندانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی.

٢ -دەکردنی پەیڕەوی تیبەت بە دەستە.

٣-دانانی پلانی کاری دەستە.

٤ -بڕیاردانی ڕاپۆرتی دەوری کە بۆ پەرلەمان یان لا یەنانی تری فەرمی بەرز دەکرێنەوە.

٥-لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی سەرۆك رەوانەی لای ئەویان دەکات و دەرکردنی بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە.

**سێیەم**: بڕیارەکانی ئەنجومەنی دەستە بە زۆرینە دەدرێن و لەکاتی یەکان بوونی دەنگدا، لایەنی کە سەرۆکی دەستە دەنگی لەگەڵ داوە قبووڵ دەکرێت.

**ماددەی دەیەم**: سەرۆك ئەم ئەرکانەی دادێن پیادە دەکات:

**یەکەم**: هەڵسوڕاندنی کارەکانی دەستە و مسۆگەرکردنی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی لە چوارچێوەی یاسادا، بەو جۆرەی ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت.

**دووەم**: کردنەوەی لقی دەستە لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمدا،بەمەرجێك هەر لقە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەی گشتی بەڕێوەی ببات، کە بە لای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بەدەست هێنا بێت.

**سێیەم**: هەر چوار مانگ جارێك یان هەر کتێك پێویست بوو، ڕاپۆرتێکی دەوری پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، کە بریتی بێت لە چالاکییەکانی دەستەو پوختەتەیەك لەبارەی ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان تێدا کراوە و ئەوانی داخراون و ئەوانەی رەوانەی لای دادگاکانی تایبەتمەند کراون و ڕێ بە جەماوەر و میدیاش دەدرێت چاوی پێدا بخشێنن.

**چوارەم**:داوا لە ئەنجومەنی دادوەری بکرێت، لێکۆڵەری دادی بۆ کارکردن لە دەستەدا تەنسیب بکات.

**ماددەی یازدەم**:

**یەکەم**: سەرۆکی دەستە (جێگر) ێکی هەیە، کە بە پلەیەکی تایبەتە و بە پێی پاڵاوتنی سەرۆك بە مەرسوومێکی هەرێمی دادەمەزرێت.

**دووەم**: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرانی گشتی بدات.

**ماددەی دوازدەم**:

دەستە پێك دێت لە:

**یەکەم**: فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکات و بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بەدەست هێنابێ و لە بواری پسپۆرایەتیی خۆیدا بەلای کەمەوە دە ساڵی شارەزایی هەبێ.

**دووەم**: فەرمانگەی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوەکان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکات و بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی لە یاسادا بەدەست هێنابێ و لە بواری پسپۆرایەتیی خۆیدا بەلای کەمەوە دە ساڵی شارەزایی هەبێ، پێك دێت لە:

١-بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات، بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی لە یاسادا بەدەست هێنابێ، لە بواری پسپۆرایەتیی خۆشیدا بەلای کەمەوە پێنج ساڵی شارەزایی هەبێ، ئەم ئەرکانەی دادێ دەگرێتە ئەستۆ:

أ- خستنه رووی را و راوێژ له بارەی ئەو پرسە یاساییانەی دەخرێنە بەردەمی دەستەوە.

ب- دادبینی کردن( المرافعه)له بـەردەم دادگاکـانی تایبەتمەنـد هێنـدەی پەیوەنـدی بـە کێشـەکانی گەندەڵییـەوە هەیـە کـە دەستە دەیان جوولێنێت و پێداچوونەوە بە ڕێگاکانی تانە دان لەبارەیانەوە.

ج- نوێنەرایەتی کردنی دەستە لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوەدا کە لەسەر خواستی دەستە پێك هێنراون.

د- ئامـادەکردنی لێکۆڵینــەوە و توێژینــەوەی یاسـایی تایبــەت بــە یاسـاکانی نەهێشـتنی گەنـدەڵی و ڕێکەوتننامــەکانی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە.

٢ -بڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەکان : فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆیی لـە یاسادا بەدەسـت هێنـابێ و لـە بـواری پسـپۆرایەتییەکەیدا بـۆ ماوەیـەك بـەلای کەمـەوە پێـنج سـاڵی شـارەزایی هـەبێ و ئـەرکی ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی لە تێکرای دەزگاکانی حکومەتدا دەگرێتە ئەسـتۆ هـەروەها زانیـاری لەسـەریان بـە هاوکـاری ئامێرەکانی تەکنیکی کۆدەکاتەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات.

**سێیەم**:فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت: فەرمانبەرێك بە پلـەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکات ، بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بەدەست هێنابێ ، لە بـواری پسـپۆرایەتیی خۆیـدا بـەلای کەمـەوە دە سـاڵی شـارەزایی هـەبێ و ئـەم ئەرکانی دادێن دەگرێتە ئەستۆ:

١-دڵنیابوون لە ڕەوایی سەرچاوەکانی سامانی ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، ئەوانەی بە ناوی خۆیەوە یان بە ناوی هی دیکەوە تۆمار کروان، جا چ لە حیازەی ئەو یان حیازەی کەسانی دیکەدا بن، مادام موڵکایەتییان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

٢-پەرەپێـدانی کارامـەیی لێکۆڵینــەوە لــە کێشــەکانی گەنـدەڵی وشـێوازەکانی چـاودێریی دارایـی وپشـکنینی کـارگێڕی و بڵاوکردنەوەی کولتووری دەسپاکی و شەفافیەت.

٣-بەدواداچوونی پیادەکردنی یاس و پەیرەو و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە دەستەوە.

٤-بووژاندنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خاوەن چالاکی هاوەشێوە.

٥-بەڕێەوبردنی بەرنامەکانی مەشق و گرێدانی کۆنگرە بە هاریکاری لەگەڵ وەزارەتـەکان و لایـەنانی تایبەتمەنـدو دەزگاکـانی کەرتی تایبەت.

**چوارەم**:نوسینگەی سەرۆکی دەستە: فەرمانبەرێك بە پلـەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بەدەست هێنابێ.

**ماددەی سێزدەم**:

**یەکەم**:لە کاتی هەر لێکۆلیەنەوەیەکدا کە دەستە دەیکات، لێکۆڵەرەوانی ماڤ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ هـەر کەسـێك هەیـە کـە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە و چاوخشاندن بە سەنەد و بەڵگەنامەی فەرمیدا،لە نێویانـدا ئەوانـەی کـە نهێـنین جـا پلـەی پەنهانییان هەر چییەك بێت و دبێ ئەرکی چوونە ژوورەوەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار بـەو ئامێرانـەی کـە جـۆری کارەکـەیان دەیخوازێت، ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکرێت و نابێ ئەو ئامێرانەیان لیێ وەربگیرێت کـە پەیوەنـدییان بـە کارەکەیانـەوە هەیە.

**دووەم** : ئەگەر ئەوە لایەنەی لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە گـوتی، ئـەو زانیـاری و بەڵگەنامانـەی داوا دەکرێـت ببینـدرێن لـەو پـەڕی نهێنیدان و ، ئەگەری ئاشکرا کردنیان ڕەنگە ئاسایشی هەرێم بخاتە مەترسییەوە، سـەرۆکی دەسـتە لیژنەیـەکی لێکۆڵینـەوە بـە سەرۆکایەتیی خۆی، یان جێگرەکەی و ئەندامێتیی دوو لە بەڕێوەبەرانی گشتی لە دەسـتە ، بـۆ وردبـینی کردنـی ئـەو زانیـاری و بەڵگەنامانە، پێك دەهێنێ.

## بەشی چوارەم
## حوکمەکانی بەدەست هێنانی ناڕەوا

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم**: بە بەدەست هێنانی ناڕەوا دادەنرێت، هەر سامانێکی یەکێك لەوانەی لەژێر حوکمەکانی ئەم یاسایەدان چ بۆ خۆی یان یەکێکی دیکە، لە رێی بەکارهێنانی وەزیفەی گستی یان راسپاردەنی گشتی(التكليف العام) یان سیفەت یان لە ئاکامی رەفتارێکی پێچەوانەی دەقێکی یاسایی بەدەست هێنا بێت.

**دووەم**: بە گوێرەی ئەوەی پێشوو، هەر زیاد بوونێکی سامان کە بەدی دێت لە پاش وەرگرتنی وەزیفەی گشتی یان راسپاردنی گشتی یان هەبوونی سیفەت بەسەر ئەو کەسەی لە ژێر حوکمەکانی ئەم یاسایەدایە یان بەسەر هاوسەرەکەیدا یان بەسەر منداڵانی ناکامی، هە کاتیك کە لەگەڵ داهاتیاندا نەگونجێت و نەیانتوانی سەرچاوەی رەوای بۆ بسەلمێنن، بە قۆزتنەوە(استغلال) دادەنرێت.

**سێیەم** : حوکمەکانی برگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەسەر هەر کەسێکدا پیادە دەبێت کە بە هەر سیفەتێك بێت سامانی گشتی بەدەست دەهێنێت کە سەرچاوەکەی نارەوایە.

**ماددەی پانزدەم** :

**یەکەم**: دەستە ئەنجومەنی دادوەری ئاگادار دەکاتەوە لە حاڵەتی بەدەست هێنانی نارەوادا، سەبارەت بە سەرۆکی هەریم و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و بریکاری وەزارەتەکان و سەرۆك دەستەکانی سەربەخۆ و بریکارەکانیان، بۆ لێکۆڵینەوە تێیاندا و رەوانە کردنیان بۆ دادگا بە گوێرەی یاسا.

**دووەم**:کێشەکانی وەدەستهێنانی ناڕەوا سەبارەت بە تێکڕای ئەو فەرمانبەرانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراون، راستەوخۆ بە پێی حاڵەت رەوانەی لای دادوەری لیکۆڵینەوە دەکرێن.

**ماددەی شازدەم**: دادگا بۆی هەیە تەماشای داوای وەدەستهێنانی ناڕەوا بکا بەوەی یەدەگ(احتیاگی)لەسەر سامانی تۆمەتبار یان هاوسەرەکەی یان منداڵانی ناکامی دابنێ.

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم**: سزای بەندکردن دەخوات و بری بەدەست هێنانی ناڕەواش دەگێڕدرێتەوە، لە هەر کەسێك چ بۆ خۆی یان بۆ هی دیکە، وەدەستهێنانی ناڕەوای وەگیر کەوتبێت.

**دووەم**: حوکمی دادگای تایبەتمەند: لەسەرداواکاری دەستە لە ماوەی سێ ساڵ لە بەرواری مردنەکەوە، رێگا لە گەڕاندەنەوەی دەستکەوتی ناڕەوا ناگیرێت هەرچەندیشی داوای سازایی مردنەکە بەسەر چووبێت، قەرزەکە لە موڵك و ماڵی هاوسەر و ماندالە ناکامەکان وەردەگیرێتەوە، هەر کەسە و بە پێی ئەو سوودە ناڕەاویەی بەدەستی هێناوە.

**سێیەم**: پێویستە دادگای تایبەتمەند لە بەرەو رووی هاوسەر و منداڵانی ناکامدا کە سوودیان لە وەستهێنانی نارەوا دیوە، بریار بە جێبە جێ کردنی حوکمەکە بدات بە گێڕانەوە لە سامانی هەریەکەیان بە ئەندازەی سودوەرگرتنی.

**ماددەی هەژدەم**: هاوبەش لە سزای تاوانی بەدەستهێنانی ناڕەوا دەبەخشرێت، ئەگەر دەست پێشخەری بکات ودەسەڵاتی پەیوەندیدار لە تاوانەکە ئاگادار بکاتەوە، بەر لە ئاشکراکردنی، یان لە کاتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا لە ئاشکراکردنیدا هاوکار بێت، حوکمی ئەم ماددەیە حوکمی گێڕانەوە بەتاڵ ناکاتەوە.

**ماددەی نۆزدەم** : هەر کەسێك بە ئەنقەست بۆ ماوەی سێ مانگ زیاتر لە پێشکەش کردنی داتاکان (القرارات) ی ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی دارایی لە کاتی بڕیاردراوی خۆی دوا کەوت، بە غەرامەیەك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر و لە سێ ملۆن دیناریش زیاتر نەبێ، سزا دەدرێت، هەمان سزا بەسەر هەر کەسێکدا دەسەبێت کە بە ئەنقەست داتا (بیانات) ی جەوهەری نادروست بدات.

**ماددەی بیستەم** : ئەو سزایانەی لەم یاسایەدا بریار دراون ، رێ لە سەپاندنی سزای دیکەی توندتر ناگرن کە لە یاسایەکی دیکەی کار پێ کراو لە هەرێمدا بریار دراوە.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی بیست و یەکەم** : فەرمانبەرانی دەستە ،جگە لە بەرێوەبەرانی گشتی و خاوەن پلەی تایبەت، ئەو دەرماڵانەیان پێ دەدرێت کە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێری دارایی بە گوێرەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ژمارە(٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ وەری دەگرن.

**ماددەی بیست و دووەم** : بێ لە سەرۆکی دەستە کەس بۆی نییە لە رووی کاگێرییەوە سزای فەرمانبەرانی بدات و ناشبێت بە هۆی کردارێکەوە کە پەیوەندیی بە وەزیفەکەیانەوە هەیە، گل بدرێنەوە یان دەستبەسەر بکرێن، تەنیا لە پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆکی دەستە، بەدەر لە حاڵەتی کەتن یان تاوانی بینراو.

**مادده بیست و سێیەم**: ژمێریاریی دەستە وردبینی دیوانی چاودێریی دارایی دەیگرێتەوە

**مادده بیست و چوارەم**: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی بیست و پێنجەم** : سەرۆکی دەستە بۆ هەیە بە گوێرەی خواستی کار ، بەش و هۆبەکانی دەستە لە نوێ بکاتەوە یان تێکەڵ بکات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**ماددەی بیست و شەشەم**: کار بە دەقی هیچ یاسا یان بریارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی بیست و حەوتەم**: پێویستە لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و هەشتەم**: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**

**( د. کەمال کەرکوکی )**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## هۆیەکانی دەرچوواندنی

گەندەڵی دارایی و کارگێری کە تووشی حکومەت و کۆمەڵ دەبێت ، دەبێتە مایەی هێنانە ئارای حاڵەتێك لە پاشکەوتن و بێدادی لە نێو کۆمەڵدا، ئەمەش وای لە حکومەت و گەلانی پێشکەوتوو و شارستان کرد یاسا دەربکەن تا سنوورێکی بۆ دابنێن و نەیهێڵن و لە ناوی ببەن و لەبەر بایەخی رۆڵی چاودێری بەسەر دەسەڵاتەوە، کە بە کۆڵەکەی بنەرەت لە سیستەمی دیموکراسی راستەقینە دادەنرێت و لە بەر ئەوەی نەهێشتنی گەندەڵی لە هەموو ئاستەکاندا پێویست بە هەبوونی دەستەیەکی گشتی دەسپاکی دەکات و لە ژێر چاودێریی پەرلەماندا بێت و ئەو پسپۆرایەتی و دەسەڵاتەشی پێ بدرێت کە ئەرکی پێ سپێردراوی دەیخوازێت، ئەم یاسایە دانرا .

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠١١ لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.

## پاشکۆی ژماره (٤)

# یاسای ژماره(٤)ی ساڵی ٢٠١٤

# یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

### بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژە و دەربڕینانەی کە لە خوارەوە دا هاتوون بریتییە لەو مانایانەی کە لە بەرامبەریاندا دیاریکراوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم**: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان– عێراق.

**دووەم**: کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی.

**سێیەم**: هەرێم: هەرێمی کوردستان– عێراق.

**چوارەم**: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی کۆمسیاران.

### بەشی دووەم

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم**: بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەك دادەمەزرێ لەژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطة الحصرية) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق.

**دووەم** : بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لەپارێزگای هەولێری پایتەخت دەبێ و، بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لەناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکاندا دەکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:** کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا .

**ماددەی چوارەم:**

**یەکـەم**: دانانی بنەماو ڕێسای کارپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان کە لەسەرتاسەری کوردستان–عیراقدا ئەنجام دەدرێن بۆ زامن کردنی جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی بێگەرد و دادپەروەرانە.

**دووەم**: سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عیراقدا.

**سێیەم**: جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان.

**چوارەم**: ڕێکخستن و جێبەجێکردنی هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان لەسەرتاسەری کوردستانی عیراق.

**پێنجەم**: بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی مافی هەڵبژاردنیان.

**شەشەم**: تۆمار کردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانییەکان و پەسەند کردنیان، بە گوێرەی یاسا پەیوەندیدارەکان.

**حەوتەم**: ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی نوێنەرانی لیستەکانی هەڵبژاردن و چاودێرانی هەڵبژاردن لە ڕێکخراو و ڕاگەیاندکارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و ئەوانی تر.

**هەشتەم**: ڕێکخستن و ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەران و ئاشکراکردنی ئەنجامەکان لەناو وێستگەکاندا بەمەرجێك کیانەکان هەریەکەو دانەیەك لە ڕاپۆرتی ژماردن و جیاکردنەوەیان پێ بدرێ.

**نۆیەم**: ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان و راپرسییەکان بەمەرجێك لە (٧٢) حەفتاو دوو کاتژمێر تێپەڕ نەکات، و هەروەها ئەنجامە کۆتاییەکان دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی تایبەتمەندەوە پەسەند دەکرێن.

**دەیەم**: کارکردن بۆ دروستکردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای گشت توێژەکانی کوردستان و چەسپاندنی رۆشنبیریی هەڵبژاردن لە رێی درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەکانی کۆمسیۆن

**ماددەی پێنجەم:**

کۆمسیۆن پێکدێت لە:

**یەکەم**: ئەنجومەنی کۆمسیاران

**دووەم**: کارگێڕیی هەڵبژاردن

یەکەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران:

١/ئەنجومەنی کۆمسیاران: لە (٩)نۆ ئەندام پێك دێ کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکیدەهێنێ پێشنیاز دەکرێن، بەمەرجێك دووئەندامی ئەنجومەن بەلانی کەمەوە یاساناس بن هەروەها دەبی نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ و،ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکەش (٥)پێنج ساڵی رۆژ ژمێرییە.

٢- ئەوەی بۆ ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ. هاووڵاتی کوردستان-عێراق بێ و بەبەردەوامی تێیدا نیشتەجێ بێ.

ب- بەلانی کەمەوە دەبێت خاوەنی بروانامەی بەرایی زانکۆ بێت.

ج- تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێ.

د- خاوەن ئەزموون بێت و توانا و دەستپاك بێت و بێلایەنی سەلمێنراو بێ.

هـ- خاوەن رەفتار و رابردویاکی چاك بێت و، بە تاوانێکی ئابروبەر حوکم نەدرابێت.

و-بەشداری نەکردبێ لە و تاوانانەی کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە پلانی بۆ دارێژرابێت یان ئەنجام درابێ بۆسەرکوتکردنی گەلی کوردستان و گشت گەلانی عێراق و هەروەها بەعسی نەبووبێت بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨)یساڵی ٢٠٠٣.

ز- ئینتیمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجومەن.

٣- ئەندامانی ئەنجومەن سوێندی یاسایی لەبەرامبەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمدا دەخۆن و بە گوێرەی ئەم دارشتنە: (سوێند بەخوای مەزن دەخۆم کە بەرپرسیارییەتییە یاسایی و پیشەییەکەم بە ئەمانەت و بە لەخۆ بووردیی ودڵسۆزییەوە جێبەجێ بکەم و کاربکەم بۆ راپەراندنی ئەرکەکانی سەرشانم بە سەربەخۆیی و بێلایەنی و، خوا شایەدەلەسەر ئەوەی دەیڵێم).

٤-

أ- ئەنجوومەن لەیەکەم دانیشتنیدا بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی سەرۆك و جێگر و بریاردەری ئەنجوومەن و سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێ.

ب- سەرۆکی ئەنجوومەن نوێنەری یاسایی کۆمسیۆنە.

٥- سەرۆکی ئەنجوومەن یان ئەوەی نوێەنەرایەتی دەکات ئەم دەسەڵاتانە جێبەجێ دەکات:

أ- بەرێوەبردنی کارە کارگێڕی و رێکخستنیەکانی ئەنجومەن.

ب- ئامادەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و گرێدان و سەرۆکایەتی کردنی و، بەو کۆبوونەوانەشی کەسێ ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەلایەنی کەمەوە داوای دەکەن.

ج- هەر ئەرکێکی تر کە ئەنجوومەن پێی بسپێرێ.

٦– کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دروستە بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی و بڕیارەکانیشی بەزۆرینەی ئامادەبووان وەردەگیرێ و لە کاتێکدا ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەو لایەنە براوە دەبێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

دووەم: کارگێڕیی هەڵبژاردن:

١– کارگێڕی هەڵبژاردن پێکدێ لە نووسینگەی گشتی و نووسینگەی هەڵدەبژاردنەکان لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان بە گوێرەی ئەو هەیکەلەی لەلایەن کارگێڕیی هەڵبژاردنەوە پێشنیاز کراوە و لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەند کراوە.

٢– کارگێڕیی هەڵبژاردن بەرپرسیارییەتی جێبەجێ کردنی ئەو پەیڕەو و ڕێنماییانە دەگرێتە ئەستۆ کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەرچون، هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکاری یان ڕێکارییان هەیە.

## بەشی چوارەم
## دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١– دامەزراندن و نوێ کردنەوە و بژارد کردنی تۆماری دەنگەدران لە ڕێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

٢– پەسەندکردنی تۆمارکردنی لیستی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانییەتییەکان و پاڵێوراوان بە مەبەستی چوونە ناوهەڵبژاردنەکان و بەشداری کردن تێیدا.

٣– متمانە دان بە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان و بریکارانی لیستەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.

٤– یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەو سکاڵا و تانەلێدانانەی لە گشت هەڵبژاردنەکان دەدرێن و بڕیارەکانیشی مایەی تانەلێدانن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا.

٥– پەسەند کردنی ڕێکارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.

٦– ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان دوای پەسەند کردنی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەوە.

٧– دانانی پەیڕەو و ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی بێگەردی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

٨– پەسەندکردنی هەیکەلی کارگێڕیی هەڵبژاردن.

٩– دامەزراندنی کارمەندانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕیەکاندا.

١٠– داڕشتنی سیاسەتی دارایی کۆمسیۆن.

## بەشی پێنجەم
## لێپرسینەوە و کۆتایی هاتن بە ئەندامییەتی

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم**: ئەندامییەتی لە ئەنجوومەندا لەبەر هۆیەك لەم هۆیانەی خوارەوە کۆتایی پێدێ:

١– تەواوبوونی وادەی ئەنجومەن.

٢– دەست لەکارکێشانەوە.

٣– مردن یان پەککوتنی ئەندام لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا.

٤– دەرچوونی حوکمی دادگایی بنبڕ دەرهەق بە ئەندام لە تاوانێکی ئابڕووبەردا.

٥- بەخشینی ئەندامانی ئەنجومەن بەتاك یان بەکۆ لە ئەرکەکانیان لەلایەن پەرلەمانەوە کاتێك کە سەپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیڕەوەکان دەکەن، ئەویش زۆرینەی دوو لەسەر سێ.

٦- ئەگەر سەلمێنرا ئەو زانیاریانەی لەکاتی پالاوتنیدا بۆ کارەکەی پێشکەشی کردوە ڕاست نەبووە.

٧- ئامادە نەبوون بۆ سێ جاری لە دوای یەك و بەبێ بیانوویەکی ڕەوا لە کۆبوونەوەکاندا.

٨- لە کاتی پالاوتنی ئەندام بۆ یەکێك لە ئەنجوومەنە نوێنەرایەتیەکان.

**دووەم**: لە کاتی چۆل بوونی یەکێك لە کورسییەکانی ئەنجوومەن بەهۆی یەکێك لەو هۆیانەی لە برگەکانی سەرەوەدادیاریکران، ئەندامێکی تر بەهەمان ئالیەتەی لە ناو یاساکەدا هاتووە هەڵدەبژێردرێت.

## بەشی شەشەم
## مافەکانی ئەندام

### ماددەی هەشتەم:

**یەکەم**: ئەندامانی ئەنجوومەن ئیمتیازاتی (بریکاری وەزارەت)یان دەبێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ و دەکرێ نوێش بکرێتەوەبۆ یەك جار.

**دووەم**: ئەنجوومەن بۆی هەیە دەرماڵە ببەخشێتە فەرمانبەرەکانی، بە مەرجێك ئەو دەرماڵەیە زیاتر نەبێ لەو دەرماڵەیەی دەبەخشرێتە فەرمانبەرانی پەرلەمان.

**سێیەم**: ئەندامانی ئەنجوومەن ناتوانن لە وەزیفەی گشتیدا دابمەزرێن بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەرواری تەواوبوونی فەرمانەکانیان وەکو کۆمسیار، جگە لە ئەرك و پلە و پایەی ئەکادیمی نەبێ.

**چوارەم**: کۆمسیاران ماف مووچەی خانەنشینیان دەبێ بەبڕی ٨٠٪ لەسەدا هەشتای کۆی ئەو مووچەیەی وەریدەگرن دوای تەواوبوونی فەرمانەکانیان جگە لە حالەتی دەست لەکار کێشانەوە یان لە کارلادان یان تاوانبارکردنی بە تاوانێك کە پەیوەندی بە کارەکەیەوە هەبێ.

**پێنجەم**: ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن لە کاتی یان لە ئەنجامی خزمەتکردنی لە کۆمسیۆن تووشی کەمئەندامی بوو، بەهۆیەوە نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، مووچەیەکی خانەنشینی بۆ دیاری دەکرێ بەگوێرەی برگەی چوارەمی ئەم ماددەیە.

**شەشەم**: ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن کۆچی دوایی کرد لە کاتی یان لە ئەنجامی خزمەتکردنی لە کۆمسیۆندا یان بە هۆی ئەم خزمەتەوە، ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە بە گوێرەی برگەی چوارەمی ئەم ماددەیە.

**حەوتەم**: ماوەی خزمەتکردنی ئەندام لە کۆمسیۆن بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرز کردنەوە و خانەنشینی هەژماردەکرێ.

## بەشی حەوتەم
## سکاڵاکانی هەڵبژاردن

### ماددەی نۆیەم:

**یەکەم**: ئەنجوومەن دەسەلاتێکی (حصری)ی هەیە سەبارەت بە جێبەجێ کردنی مەدەنیانەی پەیڕەو و ڕێکارەکانی و،پێویستە ئەنجوومەن هەر کێشەیەکی تاوانکاری ڕووبەڕووی دەسەلاتە تایبەتمەندەکان بکاتەوە ئەگەر هات و بەلگەیەکی هەبوو سەبارەت بە هەڵسو کەوتێکی تاوانکارانە کە پەیوەندی بە پاکی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەبێ.

**دووەم**: ئەنجوومەن ئەو ناکۆکیانە چارەسەر دەکا کە لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و جێبەجێ کردنی هەڵبژاردن وراپرسییە گشتییەکان دێنە ئاراوە و بۆی هەیە ئەو دەسەلاتە ببەخشێ بە کارگێری هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنیان لەکاتی ڕوودانیاندا.

**سێیەم** : بریارەکانی ئەنجوومەن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەسێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی لە هەرێمدا بلاو دەکرێنەوە و، ئەنجوومەن بۆی هەیە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆی دەربکا و سایتێکی ئەلکترۆنی بۆ ئەم مەبەستەش دروستبکات.

**چوارەم**: لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی دادوەریی پێك دێ لەسێ دادوەری تەرخان نەکراو بۆ ئەوەی چاو بەو تانەلێدانەدا بخشێنێتەوە کە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن دەگیرێن لەلایەن ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەبڕیارەکانی ئەنجوومەن زەرەرمەندن.

**پێنجەم**: تانەدان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن لەلایەن ئەوانەی زیانیان لە بڕیارەکە بینییوە، ڕاستەوخۆ پێشکەش بەدەستەی دادوەریی هەرێم دەکرێ لە ماوەی سێ ڕۆژ دا لە ڕۆژی دوای بڵاو کردنەوەی بڕیارەکە، لەلایەن ئەنجوومەنەوە لەگەڵ ڕەچاو کردنی ڕۆژانی پشووی فەرمی.

**شەشەم**: دەستەی دادوەریی پێویستە ئەو تانانە یەکلایی بکاتەوە کە پێشکەشی کراون، ئەویش لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لەو ڕۆژەوەی کە تانەکەی پێشکەش کراوە و، بڕیارەکانیشی سەبارەت بەو تانانە بنبڕە و ڕێکارەکانی تەماشاکردنی تانەلێدانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاو کردنی یاسای دادبینی مەدەنی ژمارە (٨٣)ی ساڵی١٩٦٩ی هەموارکراو و، یاسا ڕێکارییەکانی تر کە لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێن لە هەر شتێك بە دەق لەم یاسایەدا نەهاتبێت.

## بەشی هەشتەم

## حوکمە جۆراوجۆر و کۆتاییەکان

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن پێویستە میکانیزمی گونجاو دابنێ بۆ زامن کردنی بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە دەرەوەی کوردستان– عێراق لە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکاندا.

**ماددەی یازدەیەم:** ئەنجومەن دەتوانێ پشت بە شارەزا و پسپۆڕی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بوارەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ببەستێ لەقۆناغەکانی سازدان و گەڵاڵەکردن و ئامادەکاری و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکاندا.

**ماددەی دوازدەیەم:** ئەنجومەن دەبێ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وناوخۆیی، هەروەها لەگەڵ بریکاری کیانە سیاسیەکان و ڕاگەیاندکاران بۆ ئاسانکاریی پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان بەمەبەستی زامن کردنی پاکییان.

**ماددەی سێزدەیەم:** پێویستە ئەنجومەن:–

یەکەم: ڕاپۆرتی وەرزی ئامادە بکا لەبارەی ئەرکەکانی و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

دووەم: ڕاپۆرتێکی کۆتایی بە وردەکارییەکانەوە دەربکات لە بارەی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە بە هەموو قۆناغەکانیەوەو، پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەن لە کاتی گفتوگۆ و وەڵامدانەوەی فەرمی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و فەرمانگە فەرمییەکانی تردا، دەسەڵاتی وەزیری هەیە.

**ماددەی پازدەهەم:**

**یەکەم** : کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی دەبێ بە گوێرەی ڕێنمایی و ڕێسا پەیڕەوکراوەکان دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیاز دەکرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و، پەرلەمان پەسەندی دەکات و دەخرێتە ناوبودجەی گشتی هەرێم.

**دووەم**: ژمێرکاری کۆمسیۆن لە ژێر چاودێری و وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دادەبێت.

**ماددەی شازدەیەم:** ئەنجومەن بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
**یەکەم**: داڕشتنی پەڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەخۆی.
**دووەم**: داڕشتنی پەڕەوێکی تایبەت بۆ دامەزراوەکانی کۆمسیۆن.
**سێیەم**: کردنەوە و هەڵوەشاندنەوە و بەیەکەوە گرێدانی بەڕێوەبەرایەتیەکان یان بەشەکان یان هۆبەکان لە کاتی پێویستیدا.
**چوارەم**: دەرکردنی پەیڕەوی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی حەڤدەیەم:** ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە کە پێشنیازی ئەو یاسایانە بکا بۆ پەرلەمان کە پەیوەندییان بەهەڵبژاردنەکان و راپرسییە گشتییەکانەوە هەیە.

**ماددەی هەژدەیەم:** لە پێکهاتەی کۆمسیۆندا هاوسەنگی لە نوێنەرایەتیی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا مسۆگەر دەکرێت.

**ماددەی نۆزدەیەم:** کۆمسیۆن لە ماوەیەك کە زیاتر نابێ لە(٩٠) نەوەد رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

**ماددەی بیست:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ.

**ماددەی بیست و یەك:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و دوو:** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لەبەر پێویستی نیشتیمانی بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسیی و، بۆ ئەوەی پێکهاتە و ئەرکەکانی کە دەکەوێتە ئەستۆی رێك بخرێن لە رێی دەستەیەکی باڵای بێ لایەن و سەربەخۆ و پەیوەست بە پەرلەمانی کوردستان– عێراقەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کرا.

## پاشکۆی ژمارە ( ٥ )

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ( ٢٠١٤ ): یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١١**

**+بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٦/١١/٢٠١٤ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٤**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی**

**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی ( ١ ):**

ناونیشانی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق).

**ماددەی ( ٢ ):**

دوو برگە بە ریزبەندی (حەوتەم و هەشتەم) بۆ ماددەی (یەکەم)ی یاساکە زیندە دەکرێن و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

**حەوتەم: تاوانی گەندەڵی:** مەبەست لێی بریتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣ و ٢٩٦)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەقیان لەسەر کراوە و، تاوانەکانی پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی، کە بریتین لە بەرتیل، ئیختیلاس و زیدەرۆیی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان و، تاوانەکانی شووشتنەوەی مایە و داڵدەدان (بەردەستکردنی ئەو سامانانەی دەرەئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵی) و، هەر تاوانێك یەکێك بێت لە بارودۆخە توندکراوەکانی دەقکراو لە برگەکانی (پێنجەم، شەشەم و حەوتەم)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای سزادانی عێراقی هەموارکراو بە یاسایەکی رێکخراوی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوەی پاشکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتیلافی کاتی هەڵوەشاوە ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤.

**هەشتەم:** منداڵە دواکەوتەکان: بریتین لەو منداڵانەی ناکامن و هاوسەرگیرییان نەبەستووە و ئەو منداڵانەی هاوسەرگیرییان بەستووە کە لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ نین.

**ماددەی (٣):**

ماددەی (دووەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی (دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق) دادەمەزرێ خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییە و، بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە و لە ژێر چاودێریی پەرلەمان دایە.

**ماددەی (٤):**

ماددەی (سێیەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئامانجی ئەم یاسایە بریتیە لە:

**یەکەم:** بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

**دووەم:** پاڵپشتکردنی پرەنسیپەکانی دەستپاکی، شەفافیەت، لێپرسینەوە و بەرجەستەکردنی پرەنسیپی سەروەریی یاسا.

**سێیەم:** هەڵسەنگاندن، ڕاست کردنەوە، پەرەپێدانی کارو رەفتاری وەزیفی، ستاندەرەکانی راژەی گشتی، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و ئاسانکاریی ڕێکارەکان.

**ماددەی (٥):**

ماددەی (چوارەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێ بەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم لە ناویاندا ئەو لایەنانەی خوارەوە:

**یەکەم:** سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکانیان و ئەوانەی تیایاندا کارمەندن.

**دووەم:** کەرتی تایبەت بە تایبەتی ئەو کەس و کۆمپانیایانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

**سێیەم:** ڕێکخستنە سیاسیەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێکخراوە حکومیە نیشتمانیەکان، یەکێتیەکان، سەندیکا، ناوەندە ئاینیەکان، کۆمەڵەکان و یانەکان لەو

٢

بابەتانەی پەیوەستن بە ڕەوایی سەرچاوەکانی مایـە پێـدان و جـۆری خـەرج کـردن و بـە دواکەوتنی شوشتنەوەی مایە.

**ماددەی (٦):**

ماددەی (پێنجەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دەستە کار دەکات لەسەر:

**یەکەم:** جێبەجێکردن و سەپاندنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەنـدەڵی و سـتاندەرەکانی ڕاژەی گشتی بەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکان.

**دووەم:** وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵا لەسەر گەندەڵی بەسەرجەم ڕێگـە و ئامرازەکـان و لەسەرجەم سەرچاوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ئەو شـتانەی ڕەدی دەکەنـەوە لە نێوانیشیاندا هەواڵدانی بە درۆ (الاخبارات الكاذبة).

**سـێیەم:** لێکۆڵینـەوە لـە تاوانـەکانی گەنـدەڵی لەرێگـەی لێکۆڵـەری سـەر بـە دەسـتە، لـەژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بەپێی یاسـای بـەماکانی دادگاییـە سـزاکارییەکان و، بەدواداچونیان و پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاوکارن بەپێی یاسا.

**چوارەم:** گەڕاندنەوەی ئەوانەی تۆمەتبارن بە تاوانی گەندەڵی کـە بـۆ دەرەوە ڕایـان کـردووە و، گەڕاندنەوەی مایە و سامان و داهاتەکانی گەنـدەڵی کـە بـە قاچـاغ براونەتـە دەرەوە بـە هەماهەنگی و هاوکاریی لایەنە تایبەتمەندەکان.

**پێنجـەم:** هاوکـاریی نێودەوڵـەتی لـەبواری ڕێگـەگرتن لـە گەنـدەڵی و بەرەنگاربوونـەوەی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتی لە تاوانـەکانی گەندەڵیی سنووربڕ بە هاوکاری و هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**شەشەم:** بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمکەکانی دەسپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و، پابەند بوون بە ستاندەرەکانی ڕاژەی گشتی و کارکردن لەگەڵ بەرپرسـانی تایبەتمەند لـە پێنـاوی دانـانی پرۆگرامـی خوێنـدنی نیشـتمانی، بـۆ پتـەوکردنی چـەمکی دەسپاکی گشتی.

**حەوتەم:** دەرکردنی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری ئەرێنی وەزیفی بۆ ڕوونکردنەوەی سـتاندەرەکانی ڕاژەی گشتی و ڕەوشتەکانی کار کە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێیـەوە پابەنـد بـن وەك

مەرجێکی دامەزراندن و بەردەوام بوون لە راژە و چاودێری کردنی مـەودای پابەنـدبوون پێیەوە و، بە گوێرەی پێویست لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێت.

**هەشتەم:**

۱ـ دەرکردنی رێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بەپابەندکردنی راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی کـە لـەم یاسـایەدا دەقیـان لەسـەر کـراوە، کـەوا بەرژەوەندییـە داراییـەکانی خۆیـان و بەرژەوەندیەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانیان ئاشکرا بکەن و، لەماوەیەك بـۆ ماوەیـەکی تر هەمواردەکرێت بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینێت، بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـەو مەبەستانەی لێی چاوەڕێ دەکرێت.

۲ـ دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان زانیاری ورد لە خـۆ دەگرێـت دەربـارەی ئـەو شـتانەی کەسی داواڵێکراو خاوەنیانە لە نێوانیشیاندا ئەو خانووبـەرە و گـوازراوە و داهاتـە دارایـی و رەسیدی لە بـانکی و پشـك و سـەنەد و مافـە مەعنەوییانـەی لـە نـاوەوە و دەرەوەی هـەرێم خاوەنیانە.

۳ـ دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان هەر یەك لە مانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أـ سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب ـ سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامەکان.

ج ـ سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی.

د ـ وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزیرەکان.

هـ ـ سەرۆکی دەستەی دەسـپاکی و جێگرەکـەی و سـەرجەم بەرێوەبـەرە گشـتیەکانی دەسـتە و لێکۆڵەرەوەکانی.

وـ خاوەن پلە تایبەتەکان و بریکار و یاریدەدەرەکانیان.

زـ بەرێوەبەری گشتی و یاریدەدەرکانیان.

ح ـ دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەرییەکان و لێکۆڵەرەکان.

ت ـ ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ لە پلـەی موقـەدەم بـەرە و سـەرەوە و، ئـەو ئەفسەر و مفەوەزانەی کاری لێکۆڵینەوە دەکەن.

ی ـ پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیە و سەرۆکی شارەوانیەکان و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

ك ـ هەر کەسێك پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێت لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ کەوا راپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە، بە پێی ڕێنماییەك کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

٤ـ دەستە بۆی هەیە راپۆرتی دەرخستنی ئەستۆی دارایی ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانەی کە لە برگەی (حەوتەم)ی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بلاوبکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن.

نۆیەم:

١ـ دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕاسپێرێت بە دەستکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بە پێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی بەرکار لە هەرێمدا.

٢ـ دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی پەیوەستن بە ستاندەرەکانی ڕاژەی گشتی ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار بکات و، بۆی هەیە ڕاسپاردەی لەگەڵ هاوپێچ بکات بە گرتنەبەری ڕێکاری بەرزەفتەکاری.

دەیەم:

١ـ دەستە هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەکات و، هەڵدەستێت بە چاودێری وەرگرتن و خەرجکردنی مایەکانی (أموال) هەرێم و ڕەفتارکردن پێیانەوە و ڕێگەی بەڕێوەبردن و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

٢ـ دەستە هەڵدەستێت بە چاودێریکردنی ئاستی دەسپاکی بڕیار و کارە بەرێکراوەکان یان ئەو کارانەی گیراونەتەبەر لە کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیان.

٣ـ پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستە و بەبێ دواکەوتن زانیاری و ڕوونکردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن پلەی نەدرکاندنیان هەر چیەك بێت پێشکەشی دەستە بکات و لەگەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە پێویستی بزانێت لێی بروانێت، بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

٤ـ ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بەندی (٣)ی برگەی (دەیەم)ی ئەم ماددەیە بکات ئەوا سزا دەدرێت بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت و، بە غەرامەیەك کە لە (١٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەم دوو سزایە.

٥

ه‌- ده‌سته ده‌سه‌لاتی جولاندنی سکالای سزاکاری و به دواداچوونی هه‌یه به پێی به‌ندی (٤)ی برگه‌ی (ده‌یه‌م)ی ئه‌م مادده‌یه.

**یازده‌م:** پێشنیارکردنی ئه‌و پرۆژه یاسایانه‌ی ده‌که‌ونه بواری خۆپاراستن له گه‌نده‌ڵی یان به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی.

**دوازده‌م:** ده‌سته بۆی هه‌یه فه‌رمانگه و دامه‌زراوه‌كانی كه‌رتی گشتی پابه‌ند بكات به بڵاوكردنه‌وه‌ی داتا یان زانیاری یان به‌ڵگه‌نامه‌ی دیاریكراو له‌سه‌ر هه‌ر كاروبارێك كه‌وا سه‌پاندنی شه‌فافیه‌تی تێدا به پێویست بزانێ به پێی چه‌ند میكانیزم و رێسایه‌ك كه ده‌سته دیارییان ده‌كات.

**سێزده‌م:** جێبه‌جێكردنی رێوشوێن بۆ رێگه‌گرتن له تێوه‌گلانی كه‌رتی تایبه‌ت له گه‌نده‌ڵیدا و پته‌وكردنی شه‌فافیه‌ت له قه‌واره‌كانی كه‌رتی تایبه‌ت و رێگری كردن له ناكۆكی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كان تیایاندا.

**چوارده‌م:** ده‌ركردنی رێنمایی رێگه‌گرتن له ناكۆكی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كان له هه‌رێمدا و چاودێریی پابه‌ند بوون پێیه‌وه و ده‌ست نیشان كردنی سه‌رپێچی كردنی حوكمه‌كانی و، ده‌ركردنی راپۆرتی ناوبه‌ناو ده‌رباره‌یانه‌وه.

**پازده‌م:** ده‌سته بۆی هه‌یه كارێك بكات كه زه‌رووری بێت له بواری به‌ره‌نگاربوونه‌وه و خۆپاراستن له گه‌نده‌ڵی.

**مادده‌ی (٧):**

برگه‌ی (یه‌كه‌م)ی مادده‌ی (شه‌شه‌م)ی یاساكه هه‌موارده‌كرێت و به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه ده‌خوێندرێته‌وه:

**یه‌كه‌م:** هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆكی ده‌سته له‌لایه‌ن په‌رله‌مانه‌وه ده‌بێت به ده‌نگدانی نهێنی به زۆرینه‌ی (٣/٢) دوو له‌سه‌ر سێی ژماره‌ی ئه‌ندامه‌كان له نێو (٣) سێ كاندیددا كه لیژنه‌یه‌كی په‌رله‌مانی كاندیدیان ده‌كات و، له حاڵه‌تی سه‌رنه‌كه‌وتنی هیچ كام له‌م كاندیدانه به (٣/٢) دوو له‌سه‌ر سێی ده‌نگه‌كانی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان ئه‌وه هه‌ڵبژاردن له نێوان ئه‌و دوو كاندیده دووباره ده‌كرێته‌وه، كه زۆرینه‌ی ده‌نگه‌كانیان به ده‌ست هێناوه، ئه‌وه‌ی كه زۆرینه به ده‌ست ده‌هێنێت ئه‌وه به سه‌ركه‌وتوو داده‌نرێت و، ئه‌و كه‌سه‌ی هه‌ڵده‌بژێردرێت به مه‌رسومێكی هه‌رێمی به پله‌ی وه‌زیر داده‌مه‌زرێت.

**ماددەی (٨):**

برگەی (پێنجەم و شەشەم)ی ماددەی (حەوتەم) لە یاساکە هەموارەدەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم:** پەرلەمان بۆی هەیە پرساندنی سەرۆکی دەستە بکات، بە پێی ڕێکارەکانی پرساندنی وەزیرەکان، سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی لە یەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستەکەی لادەبرێت:

١- ئەگەر بڕیارێکی دادگەریی بنبڕ دەربچێت بە تاوانبارکردنی بە ئەنجامدانی تاوانێکی بە ئەنقەست یان کەتنێکی ئابڕوبەر.

٢- ئەگەر درێغی یان کەمتەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی بسەلمێنرێت.

٣- خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتەکانی.

**شەشەم:** بڕیاری لابردنی سەرۆك لە پۆستەکەی لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە برگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە، لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەردەکرێت، کە بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمییزی هەرێم و ئەندامێتی (٢) دوو لە پێشکەوتووترین ئەندامانی دادگا پێك دەهێنرێت.

**ماددەی (٩):**

(٤) بەند ڕیزبەندی (٦، ٧، ٨ و ٩) بۆ برگەی (دووەمی) ماددەی (نۆیەم)ی یاساکە زێدە دەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

٦- کردنەوەی لقی دەستە لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێم بەو مەرجەی هەر لقێك لەلایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە ببرێت کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

٧- دامەزراندنی ئەکادیمیایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا و، ئەرکی بونیاتنانی تواناکان، ڕاهێنان، بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی دەسپاکی و لێپرسینەوە و شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئەستۆ بگرێت.

٨- پێشنیارکردنی بودجەی دەستە و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر خەرجیەکانی.

٩ـ ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە بەگوێرەی پێداویستییەکانی کار بهێنێتە کایەوە، یان لێکیان بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**ماددەی (١٠):**

ماددەی (دەیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆك ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

**یەکەم:** بەڕێوەبردن و راگیرکردنی کارەکانی دەستە و مسۆگەرکردنی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسادا بەو جۆرەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی مسۆگەر دەکات.

**دووەم:** دامەزراندن و بەرزکردنەوە و بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەستە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

**سێیەم:** داواکردنی دابینکردنی لێکۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار

**چوارەم:** پێشکەشکردنی راپۆرتی ناوبەناو بۆ پەرلەمان هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات کە چالاکیەکانی دەستە و پوختەیەك لەسەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و ئەوانەی پارێزراون یان داخراون و، ئەوانەی رەوانەی دادگا تایبەتمەندەکان کراون لە خۆ بگرێت و دەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاویان دەکاتەوە و دەیخاتە بەردەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن.

**پێنجەم:** دەرکردنی ئەو رێنماییانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

**شەشەم:** هەڵسان بە کارو ئەرکەکان و پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی بەرکاری تر دەقیان لەسەر دەکات.

**ماددەی (١١):**

ماددەی (یازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێت بە پلەی بریکاری وەزارەت بە هەمان مەرجەکانی سەرۆك و، بە مەرسومی هەرێمی دادەمەزرێت پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە و، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بە هەر هۆیەك بێت جێگای دەگرێتەوە و گشت دەسەڵاتەکانیشی پیادە دەکات.

**دووەم:** سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

**سێیەم:** جێگری سەرۆکی دەستە یان هەر یەکێك لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەستە لە پۆستەکانیان بە مەرسومێکی هەرێمی لادەبرێت لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی دەستە کە پاڵپشت بێت بە کاری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەوا سەرۆکی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت.

**ماددەی (١٢):**

ماددەی (دوازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دەستە پێکدێت لە:

**یەکەم:** فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت و، چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی لێکۆڵینەوە پێیەوە دەبەسترێتەوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێتەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگایەکانی هەرێم و، ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و، کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەرییەکان.

٢- وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکالاکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی.

٣- هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتارکردن بە مایەکانی هەرێم و ڕێگەکانی بەڕێوەبردنی

٤- هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە رایان کردووە و، گەڕاندنەوەی ئەو مایە و سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێندراون.

٥- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی.

**دووەم:** فەرمانگەی یاسایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١- پێشکەشکردنی بیروڕا و ڕاوێژ لە پرسە یاساییەکان کەوا دەخرێنە بەردەم دەستە و، نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو دەعوایانەی لەسەری بەرز دەکرێتەوە بە بریکاریی فەرمی کە لە سەرۆکی دەستەوە دەرکرابێت.

٩

٢- مورافەعەکردن لەبەردەم دادگا تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بە تاوانەکانی گەندەڵی یان پێداچوونەوەی ڕێگەکانی تانەلێدان دەربارەیانەوە.

٣- نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو لیژنەی لێکۆڵینەوانەی لەسەر داواکاریی دەستە پێکهێنراون.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی ئەم بوارە.

٥- پێشکەشکردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێودەوڵەتیی ئاڵوگۆڕکراو.

٦- چاودێری لەسەر دەسپاکیی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوندییەکان لە هەرێمدا.

٨- گرتنەبەری ڕێکار بۆ چاودێریی ئاستی دەسپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو لەم بارەیەوە.

٩- ئامادەکردنی پێشنیار و پرۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

**سێیەم: فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت و، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت.

١- وەرگرتنی دەرخستەکانی بەرژەوەندیە داراییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تیایاندا هاتوون و، گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی و، بەدواداچوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەشکردنی، چاودێریکردنی زیادەبوونی مایەی ئەوانەی داواکراون دەرخستەی بەرژەوەندیە داراییەکان پێشکەش بکەن و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەرهەق بەوەی دەسەلمێنرێت کەوا زیادەبوونێکی گەورە لە سامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی بوونی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی هاوبەش بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

٣- گەشەپێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.

٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بە هاوکاری وەزارەت و لایەنە تایبەتمەندەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.

٥- بلاوكردنەوەی رۆشنبیری دەسپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەند بوون بە ستاندەرەکانی ڕاژەی گشتی.

٦- هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەسپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێساکانی رەفتاری پیشەیی و چاودێریکرنی پابەند بوون پێیەوە و، جەخت کردنەوەی لەسەری.

٨- دانانی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.

٩- دانانی پێڕەو و میکانیزم و ڕێسای بلاوکردنەوەی زۆرەملێی داتا و زانیاری و بەلگەنامەکان.

١٠- دانان و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی تایبەتدا.

١١- بەدواداچوون و گەڕان بە دوای ڕاستیەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی گشتیدا و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

**چوارەم:** فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و دابینکردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیاتنانی تواناکان.

**پێنجەم:** بەڕێوەبەرە گشتیەکان بە مەرسومێکی هەرێمی پاش کاندیدکردنیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.

**شەشەم:** نووسینگەی سەرۆکی دەستە: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**ماددەی (١٣):**

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (سێزدەم)ی یاساکە هەموارەدەکرێت و (٣) بڕگەش بە ڕیزبەندی (سێیەم، چوارەم و پێنجەم) بۆ ماددەکە زیادە دەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەلاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر کراوە و دەسەلاتیان هەیە بڕوانە نووسراو و بەلگەنامە فەرمییەکان بەوانەی نهێنیش و پلەی پەنهانیان هەر چیەك بێت و،

پێویستە کاری چونە ژوورەوەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سروشتی کارەکانیان پێویستی دەکات ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێیان بسەندرێت.

**سێیەم:** لێکۆڵەرەوەکانی دەستە هەمان دەسەلات و ماف و ئیمتیازاتی لێکۆڵەریان دەبێت، بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکان، سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو وەك فەرمانبەرانی دەستە.

**چوارەم:**

١ـ دەستە بە بڕیاری سەرۆکەکەی بۆی هەیە هەواڵدان یان زانیاری یان سکاڵا بەبێ ئەوەی بیاخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بپارێزێت ئەگەر هێماکردن بەبوونی تاوان لەخۆ نەگرێت یان ئەگەر لای دەستە بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی بەرایی سەلێندرا کەوا هەواڵدانەکە دروست نیە یان درۆیە.

٢ـ دادوەری لێکۆڵینەوە یان ئەندامی داواکاری گشتی تایبەتمەند بۆی هەیە داوای هەر دۆسیەیەکی پارێزراو بکات بەپێی بەندی (١)ی ئەم بڕگەیە بۆ گرتنەبەری ئەوەی بە گونجاوی دەزانێت دەربارەیەوە بەپێی حوکمەکانی یاسا.

**پێنجەم:**

١ـ ئەوەی حوکم بدرێت لەسەر تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوا لێهاتوویی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست دەدات و کەرتی گشتی بۆی نیە وەك بەڵێندەر یان هێنەری خزمەتگوزاری یان کەلوپەل گرێبەستی لەگەڵدا بکات.

٢ـ ئەو فەرمانبەرەی حوکمی تاوانبارکردنی بە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست دەدرێت ئەوا بە گەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ دەستبەجێ بە دەرکراو (عزل) لە وەزیفەکەی دادەنرێت.

**ماددەی (١٤):**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (چواردەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** بەپێی ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە هەر زیادەبوونێکی گەورە لە ساماندا لە دوای وەرگرتنی وەزیفەی گشتی یان ڕاسپاردنی گشتی یان سیفەت، یان لە سامانی هاوسەری یان یەکێك

لەو منداڵە دواکەوتەکانی بێتە ئارا، کاتێك لەگەڵ داهاتە ڕەواکانیان نەگونجێت و دەستەوەستان بێت لە هۆ دەرخستنی بە هۆکارێکی شیاو، ئەوا بە ئیستغلال دادەنرێت.

**ماددەی (١٥):**

ماددەی (پازدەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

هەر کەسێك بۆ خۆی یان غەیری خۆی دەسکەوتێکی ناڕەوای دەست بکەوێت ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن یان زیندانییکردن بۆ ماوەیەك لە (٧) حەوت ساڵ زیاتر نەبێت و، بە غەرامەیەك یەکسان بێت لەگەڵ دەسکەوتە ناڕەواکەی و، دەستبەسەرداگرتنی ئەم دەسکەوتەی.

**ماددەی (١٦):**

ماددەی (حەڤدەم)ی یاساکە هەموارەدەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** نەمانی دەعوای سزاکاری بەهۆی مردن نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەسکەوتە ناڕەواکە بە حوکمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لە ماوەی (٣) سێ ساڵ لە ڕێکەوتی مردنەکە و، لە مایەی میراتگرەکانی بە گوێرەی سوود وەرگرتنی هەر یەکێکیان لەو دەستکەوتە ناڕەوایە وەردەگیرێتەوە.

**دووەم:** پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند لە بەرامبەر میراتگرەکانی کە سوودیان لە دەستکەوتە ناڕەوایەکە بینیوە بڕیار بدات بە حوکمی گەڕاندنەوەکە لە مایەی هەر یەکێکیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.

**ماددەی (١٧):**

ماددەی (هەژدەم)ی یاسای دەستە هەموارەدەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بەشداربوو لە تاوانی دەسکەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە تاوانەکە بەر لە ئاشکرابوونی، یان هاوکار بوو لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئاشکراکردنی، یان ئەو مایانەی لێیەوە وەدەست هاتوون ئاشکرا بکات و بگەڕێندرێتەوە و، حوکمی ئەم ماددەیە پێویستبوونی حوکمدان لەسەر بە گەڕاندنەوە پێشێل ناکات.

**ماددەی (١٨):**

ماددەی (نۆزدەم)ی یاساکە هەموارده‌کرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

هەر داوالێکراوێك بە پێشکەشکردنی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی بە ئەنقەست یەکێك لەم کردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (٣) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەم دوو سزایە، سزا دەدرێت:

**یەکەم:** دواکەوتن لە پێشکەشکردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە (٣) سێ مانگ لەو ماوانەی لەلایەن دەستەوە دیاری کراون.

**دووەم:** پێدانی داتای نادروستی کاریگەر لە راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

**سێیەم:** باس نەکردنی بەرژەوەندی یان ئەو مایەی خاوەنیانە یان هی هاوسەرەکەیەتی یان هی یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

**ماددەی (١٩):**

دەقی ماددەی (بیست و یەك)ی یاساکە دەبێتە برگەی (یەکەم) و برگەیەکیشی بە ریزبەندی (دووەم) بۆ زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە پێشخستن (قدم) بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بداتە ئەو فەرمانبەرانەی هەوڵی بەرچاو دەبینن، یان ئەنجامی ئاست بەرز بەدەست دەهێنن.

**ماددەی (٢٠):**

ماددەی (بیست و چوار)ی یاساکە هەموارده‌کرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** دەستە پێرەوێکی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و هەواڵدەر و قوربانی و شارەزایان دادەنێت و، پێرەوی هاندانی جەماوەر و راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆمەتباران لە هاوکاری کردن لەگەڵ دەستەدا دادەنێت و، تەخویل دەکرێت بە دەسەلاتی جێبەجێکردن و خەرجکردن لەسەریدا.

**دووەم:** سەرۆکی دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٢١):**

ماددەی (بیست و پێنج)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٢٢):**

کار بە دەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٢٣):**

پێویستە لایەنی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن

بۆ مسۆگەرکردنی زیاتری سەربەخۆیی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و، لە پێناوی پشتگیری کردنی دەسەڵاتەکانی و، بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی ڕێکارەکانی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و، بڵاوکردنەوەی چەمکی دەسپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت، ئەم یاسایە دانرا.

یوسف محمد صادق

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

١٥

## پاشکۆی ژمارە ( ٦ )

## وێنەکانی دیداری ڕەوشی دەستە سەربەخۆکان









National Endowment
for Democracy
PAY INSTITUTE
ڕەوشی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان
ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY) بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی
بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)، وۆرکشۆپێک سەبارەت بە


NED
National Endowment
for Democracy
PAY INSTITUTE
ڕەوشی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان
ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY) بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی
بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)، وۆرکشۆپێک سەبارەت بە











## له بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**


١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەرکردنیان، نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەکانی خوێندنی باڵاو گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- کاری هاوبەشی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سێیەم، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی چوارەم، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، هەولێر ، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی پێنجەم، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١٠- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی شەشەم، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی حەوتەم، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، هەولێر ، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری کردنی پەرلەمان لە روانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، راپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا ، راپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥- رەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یانزەهەم، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دوانزەهەم، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا، راپۆرتی پێنجەم، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، شوباتی ٢٠٢١

٢٣- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.
٢٤- هەڵسەنگاندنێك بۆ كارەكانی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی سیانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٩.
٢٥- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یەكەم لە خولی پێنجەم، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، هەولێر، ٢٠١٩.
٢٦- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٩-٢٩/٢/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.
٢٧- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، (١/٣/٢٠٢٠-٣١/٨/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.
٢٨- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی چوارەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠٢٠-٣١/١٢/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.
٢٩- راپۆرتی دەستە سەربەخۆكانی هەرێمی كوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلكاریدا، راپۆرتی پێنجەم، هەولێر، شوباتی ٢٠٢١.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، اربيل، ٢٠١٤.
٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني،(١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.
٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.
٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، اربيل ، ٢٠١٥.
٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.
٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.
٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (١/٩/٢٠١٦-٢٨/٢/٢٠١٧)، اربيل ، ٢٠١٧.
٨- تقرير الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل ، ٢٠١٧.
٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال ، التقرير التاسع، اربيل ، ٢٠١٧.
١٠- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، السليمانيه، ٢٠١٧.
١١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.
١٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.
١٣- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانيه، ٢٠١٨.
١٤- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير اليانى، التصويت العام، السليمانيه، ٢٠١٨.
١٥- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٩.
١٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، اربيل ، ٢٠١٩.
١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، (١/٠٩/٢٠١٩-٢٩/٠٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.
١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، (١/٠٣/٢٠٢٠-٣١/٠٨/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.
١٩- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع للدورة الخامسة، (١/٩/٢٠٢٠-٣١/١٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.
٢٠- تقرير الهيئات المستقلة في اقليم كوردستان بين الالتزام بالقوانين والانتهاكات، التقرير الخامس، اربيل، شبات ٢٠٢١.

### سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.
2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.
3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.
4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.
5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.
6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.
7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.
8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.
9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.
10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.
11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.
12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.
13- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.
14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.
15- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.
16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.
17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.
18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.
19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The Fourth report,(1/9/2020-31/12/2020), Erbil, 2020.
20- Independent Boards of Kurdistan Regional Government, Between Commitment to the law and violations, Fifth report, Erbil, February 2021.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

## ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ئینستیتیوتی پەی لە(٢٦ یتشرین دووەمی ٢٠١٢) لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، ئینستتیوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویست.

پەی بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

### کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی:

١. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
٢. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.
٣. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.
٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.
٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.
٦. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان.

بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

زمارە (٦٧)




www.payied.org